کتێبخانەیەکە تایبەت بە:


١. کتێب و گۆڤاری کوردی

٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد

📚 لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: **@kurdica** ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.

📚 تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.

شەونم



# شەونم

وەرگێڕاوی سەد غەزەلی حافز : مامۆستا حەقیقی

ناوی کتێب : شەونم

وەرگێڕ : عەبباس حەقیقی

لەبڵاوکراوەکانی : ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی

تیراژ : ٣٠٠٠

چاپی یەکەم : زستانی ١٣٧٠

وێنەی رووبەرگ و رازاندنەوەی لاپەڕەکان: جەعفەرقازی

نێـــــــوەرۆك


١ ـ پێشەكی وەرگێڕ ........................ ١

٢ ـ كورتە بەسەرهاتی حافز .................. ٣

٣ ـ الا یا ایها الساقی ادركاسا " وناولها .......... ٢٩

٤ ـ اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دل ما را ......... ٣٠

٥ ـ دل میرود زدستم صاحبدلان خدا را ............. ٣١

٦ ـ دوش از مسجد سوی میخانه آمد پیرما ......... ٣٣

٧ ـ آن ترك پریچهره كه دوش از برما رفت ........ ٣٤

٨ ـ ای نسیم سحر آرامگه یار كجاست ؟ ......... ٣٥

٩ ـ المنة لله كه درمیكده باز است ............. ٣٦

١٠ ـ بلبلی برگ گلی خوشرنگ درمنقار داشت .......... ٣٧

١١ ـ باغ مرا چه حاجت سرو و صنوبر است ........... ٣٨

١٢ ـ حسنت بەاتفاق ملاحت جهان گرفت ........ ٤٠

١٣ ـ خم زلف تو دام كفر و دین است .............. ٤١

١٤ ـ خمی كه ابروی شوخ تو دركمان انداخت ......... ٤٢

١٥ ـ در دیر مغان آمد یارم قدحی در دست .......... ٤٤

١٦ ـ دل سرا پرده محبت اوست ................ ٤٥

١٧ ـ روزگاریست كه سودای بتان دین من است ......... ٤٧

١٨ ـ روضه خلد برین خلوت درویشان است ......... ٤٨

١٩ ـ زلف آشفته وخوی كرده وخندان لب و مست ......... ٥٠

٢٠ ـ شكفته شد گل حمرا وگشت بلبل مست .......... ٥١

شه و نم


۲۱ ـ صحن بستان ذوق بخش وصحبت یاران خوش است ۰۰۰۰۰ ۵۲
۲۲ ـ صوفی از پرتو می راز نهانی دانست ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۵۳
۲۳ ـ کنون که می‌دمد از بوستان نسیم بهشت ۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۵۴
۲۴ ـ گل دربر و می درکف ومعشوق به‌کام است ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۵۵
۲۵ ـ لعل سیراب به خون تشنه لب یار منست ۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۵۷
۲۶ ـ مدتی شد کاتش سودای او در جان ماست ۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۵۸
۲۷ ـ مطلب طاعت و پیمان وصلاح از من مست ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۵۹
۲۸ ـ میر من خوش میروی کاندر سروپا میرمت ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۰
۲۹ ـ سزد که از همهٔ دلبران ستانی باج ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۱
۳۰ ـ آن یار کزو منزل ما جای پری بود ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۲
۳۱ ـ آنان که خاك را به نظر کیمیا کنند ۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۳
۳۲ ـ آنکه رخسار ترا رنگ گل و نسرین داد ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۵
۳۳ ـ اگر به باده مشکین دلم کشد شاید ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۶
۳۴ ـ بتی دارم که گرد گل زسنبل سایبان دارد ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۶۸
۳۵ ـ ترسم که اشك در غم ما پرده‌در شود ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۰
۳۶ ـ بود آیا که در میکده ها بگشایند ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۱
۳۷ ـ بر سر آنم که گر زدست برآید ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۲
۳۸ ـ پیرانه سرم عشق جوانی به‌سر افتاد ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۳
۳۹ ـ پیش از اینت بیش از این اندیشه عشاق بود ۰۰۰۰۰۰ ۷۵
۴۰ ـ حافظ خلوت نشین دوش بمیخانه شد ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۶
۴۱ ـ دانی که چنگ وعود چه تقریر می کنند ؟ ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۷
۴۲ ـ در نمازم خم ابروی تو بیاد آمد ۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰ ۷۸

شه و نم


۴۳ ـ دوش درحلقهٔ ما قصهٔ گیسوی تو بود .............. ۷۹
۴۴ ـ دل از من برد و روی ازمن نهان کرد ........... ۸۰
۴۵ ـ دوش وقت سحر ازغصه نجاتم دادند.............. ۸۱
۴۶ ـ دوش دیدم که‌ملایک در میخانه زدند ........... ۸۲
۴۷ ـ سالها دل طلب جام جم ازما میکرد .............. ۸۳
۴۸ ـ سحرم دولت بیدار به بالین آمد .............. ۸۴
۴۹ ـ سرو چمان من چرا میل چمن نمی کند ............ ۸۵
۵۰ ـ عکس روی تو که در آینهٔ جام افتاد.............. ۸۶
۵۱ ـ غلام نرگس مست تو تاجدارانند .............. ۸۷
۵۲ ـ گر من از باغ تو یك میوه بچینم چه شود؟......... ۸۸
۵۳ ـ مژده ای دل که مسیحا نفسی می آید ............ ۸۹
۵۴ ـ نسبت رویت اگر با ماه و پروین کرده‌اند.......... ۹۰
۵۵ ـ نفس باد صبا مشك فشان خواهد شد ............ ۹۲
۵۶ ـ واعظان کاین جلوه در محراب و منبر می کنند ........ ۹۳
۵۷ ـ هر که شد محرم دل در حرم یار بماند........... ۹۴
۵۸ ـ یاد باد آنکه سرکوی توام منزل بود........... ۹۶
۵۹ ـ یارم چو قدح به دست گیرد ............... ۹۷
۶۰ ـ یاری اندر کس نمی بینیم یاران را چه شد ؟ ....... ۹۸
۶۱ ـ الا ای طوطی گویای اسرار............... ۹۹
۶۲ ـ نصیحتی کنمت بشنو و بهانه مگیر .......... ۱۰۱
۶۳ ـ یوسف گم‌گشته باز آید به کنعان غم مخور ....... ۱۰۳
۶۴ ـ خیز و درکاسهٔ زر آب طربناك انداز .......... ۱۰۴

شه ونم

۶۵ ـ دلا رفیق سفر بخت نیکخواهت بس .......... ۱۰۵
۶۶ ـ چو برشکست صبا زلف عنبر افشانش .......... ۱۰۶
۶۷ ـ خوشا شیراز و وضع بی مثالش .......... ۱۰۷
۶۸ ـ شراب تلخ میخواهم که مرد افکن بود زورش .......... ۱۰۸
۶۹ ـ فکر بلبل همه آنست که‌گل شد یارش .......... ۱۰۹
۷۰ ـ ای رخت چون خلد ولعلت سلسبیل .......... ۱۱۰
۷۱ ـ اگر برخیزد از دستم که بادلدار بنشینم .......... ۱۱۱
۷۲ ـ این‌چه شوری است که در دور قمر می بینم .......... ۱۱۲
۷۳ ـ به مژگان سیه کردی‌هزاران رخنه در دینم .......... ۱۱۳
۷۴ ـ بهتیغم‌گر کشد دستش نگیرم .......... ۱۱۴
۷۵ ـ بی تو ای سرو روان باگل و گلشن چه کنم ؟ .......... ۱۱۵
۷۶ ـ بیا تاگل برافشانیم ومی درساغر اندازیم .......... ۱۱۶
۷۷ ـ حاشا که من به موسم‌گل ترک می کنم .......... ۱۱۷
۷۸ ـ حجاب چهرهٔ جان میشود غبار تنم .......... ۱۱۸
۷۹ ـ خرم آن روز کزین منزل ویران بروم .......... ۱۱۹
۸۰ ـ در خرابات مغان نور خدا می بینم .......... ۱۲۰
۸۱ ـ دوستان وقت گل‌آن به که به عشرت کوشیم .......... ۱۲۱
۸۲ ـ سالها پیروی‌مذهب رندان کردم .......... ۱۲۲
۸۳ ـ فاش می گویم وازگفتهٔ‌خود دلشادم .......... ۱۲۳
۸۴ ـ مزن بر دل‌زنوک غمزه تیرم .......... ۱۲۴
۸۵ ـ من دوستدارروی خوش و موی‌دلکشم .......... ۱۲۶
۸۶ ـ من نه آن رندم که ترک شاهد وساغر کنم .......... ۱۲۷

شه و نم


۸۷ ـ نماز شام غریبان چو گریه آغازم .............. ۱۲۹
۸۸ ـ ای خسرو خوبان نظری سوی گدا کن ............. ۱۳۰
۸۹ ـ گر شوم خاک رهش دامن بیفشاند زمن .......... ۱۳۱
۹۰ ـ دانی که چیست دولت ، دیدار یار دیدن ......... ۱۳۲
۹۱ ـ ز در در آ و شبستان ما منور کن ............. ۱۳۳
۹۲ ـ تاب بنفشه می دهد طره مشکسای تو ............. ۱۳۵
۹۳ ـ سحر گاهان که مخمور شبانه ............... ۱۳۶
۹۴ ـ ای که در کشتن ماهیچ مدارا نکنی ............ ۱۳۷
۹۵ ـ بصوت بلبل وقمری اگر ننوشی می ............ ۱۳۸
۹۶ ـ درهمه دیر مغان نیست چومن شیدایی .......... ۱۳۹
۹۷ ـ زکوی یار می آید نسیم باد نوروزی .......... ۱۴۰
۹۸ ـ ساقی بیا که شد قدح لاله پر زمی ............ ۱۴۱
۹۹ ـ سحر با باد می گفتم حدیث آرزومندی ......... ۱۴۳
۱۰۰ ـ سینه ما لامال درد است ای دریغا مرهمی ........ ۱۴۴
۱۰۱ ـ لبش می بوسم و درمی کشم می .............. ۱۴۵
۱۰۲ ـ نوبهار است ، درآن کوش که خوشدل باشی ..... ۱۴۶
۱۰۳ ـ رباعی ها ............................ ۱۴۷
۱۰۴ ـ ساقی نامه ...........................

بسم اللە الرحمن الرحیم

**پێشەکی وەرگێڕ :**

هەر لە تەمەنی لاویمەوە زیادە لە هەموو دیوانی شاعیرانی دیکە ئۆگریم بە دیوانی حافز گرتبوو . تام و خوێی شێعرەکانی لەگەڵ شەوق و زەوقی هەرەتی لاویم ئاوێتە ببوون و شوێنیان خستبۆ سەر هەست و بیرم . شەو و رۆژ ورینگەم دەهات و دەمخوێندنەوە . زۆر جار بۆ نیازێکی بەبا ، دەمگرتەوە و ئاواتی دڵم لێ وەردەگرت . ئەوەندەم خوێندبۆوە زۆربەیم لەبەر بوو . جارجار تێهەڵکێش و تەخمیسم دەکرد ن . بەڵام هۆی ئەوەکە وا لە سەردەمی پیریدا دەستم داوەتە وەرگێڕانی دیوانی حافز ئەمە بوو و کە لە لایەن ناوەندی بڵاو کردنەوەی سەلاحەدینەوە داوایان لێ کردم دە غەزەل لە دیوانی حافز وەرگێڕمە سەر کوردی تا لە کتێبی حافزی سی زمانەدا رەگەڵ زمانانی دیکە بکەوێ . ئەگەر چی ئەو کارە زۆر لە لام گرینگ و چەتوون بوو ، بەڵام دڵی ئەوان و دنەی دۆستان و ئەوینی حافز دەستیان دایە دەستی یەک و بەو پیری یە لە بەرابەر دیوانی حافزدا رایان گرتم . بەو پشت گەرمیانەوە ملم لەبەرملی نا و دە غەزەلەکەی ویستی ئەوانم لە ماوەیەکی کورتدا وەرگێڕاوە و لە چاپیاندا . ئیدی من بە تەما نەبووم درێژە بەو کارە بدەم . کەچی دیتم مەسەلی کورد وەدی هات کە دەڵێ :

بە کورد بدەی پیازێ  دوان دوانت لێ دەخوازێ

دۆست و ناسیاو و ئەوانەی وەرگێڕاوەکانیان دیبوو هەڵەسووونیان هێناوە و داوایان کرد درێژەی پێ بدەم . منیش کە زاتم شکابوو و رەواڵی کارەکەم هاتبووە دەستی ، ئەو جاریش تێهەڵچوومەوە و تائێستە

ئەو سەد غەزەلەم وەرگێڕاوەتەوە. دەڵێم جارێ هەتا کۆچی دوایم نەکردووە ئەوەی چاپ بکەم و پێشکەشی ئەویندارانی کوردی حافزی نەمری بکەم، لەپاشان وردە وردە خەریکی ئەوانی دیکە ببم وبە یاری خوا و مۆڵەتی ئەجەل بە ئاکامی بگەیەنم. پێویستە بۆ ترێ تەرجەمەکە زۆر موتەعەهیدانە وبەرپرسانەیە، واتا بەو پەڕی ئەمانەتەوە ئەو کارەم کردووە و لەخۆمەوە شتم لێ کەم یا زیاد نەکردووە وشەرحیشم نەکردووە. لە شەرحی سوودی کەڵکم وەرگرتووە و ڕواڵەتی شێعرەکەم هەر لە سەرکێشی عەرووزی خۆی کردووە بە کوردی و دەستم لە ناوەرۆک نەداوە. بەو مانایە کە مەبەستی حافز لەشێعرە فارسی‌یەکەیدا چ بووە بێ کەم وکوڕی لە تەرجەمەکەشیدا بەدی دەکرێ. هیوادارم دیاری‌یەکی بە نرخم پێشکەشی ئەویندارانی و لایەنگرانی شێعر و ئەدەبی وڵاتەکەم کردبێ.

"بۆکان ٢٠ ی بانەمەڕی ١٣٧٠ ی هەتاوی : عەبباس حەقیقی"

## کورتە بەسەرهاتی حافز

بێ شك حافز یەکێك لە گەورەترین ، خۆشەویست ترین ناودارترین و بەرزترین مامۆستایانی غەزەلی ئێرانە کە نێو و نێوبانگی گەیوەتە تەواوی ولاتانی فارس زمانی دنیا و سنووری بڕیوە و بەرەو ولاتانی غەیرە فارسیش فڕیوە. کەم کەسی وا هەیە ئەگەر سەوادیشی نەبێ بە بیستنی شێعرێکی حافز حالّی نەگۆڕێ و بۆماوەیەك خۆی لە گیرو گرفت و تەنگ وچەلّەمەی ژیان رزگار نەبینێ . لەسەر ئەمەش ڕا ئەگەر لە ناو ئەویندارانی لە ڕادە بەدەری حافز تاقمی خوێندەواری رۆشنبیری لێ دەرکەین و لە سەدی وبگرە لە هەزاری یەکێك جگە لەوەی حافز شیرازی یە و گلّکۆی لە شیرازە ، شتێکی دی لەمەڕ چۆنیەتی ژیان و بەسەرهات ، ئەوەی لەچ سەدەیەکدا ژیاوە لەگەلّ کێ هاوچەرخ بووە ، چەند سالّ ژیاوە وتەنانەت ناوی چ بووە نازانن . ئەوە نیشان دەدا جەماوەر لایەنگری نێوە رۆکی شێعرەکانی حافزن و لە دەریای قووڵ و مەند وبێ بەستێنی بیروبڕوای ئەو دامەلە دەکەن وناپەرژێن و یا هەر پێیان گرینگ نیە بکەونە بنج وبناوانی خاوەنی ئەم هەستە پاك و بێ غەوشەوە. جا ئەم کورتە باسە لەسەر ژیانی هۆنەر بۆ ئەوکەسانەیە دەیانەوێ لە حافز بڕێك زیاتر لە چیرۆکی کۆن بەلّام هەمیشە شیرنی ئەوین وئیمان بزانن . کە حافز گوتەنی :

لە قسەو باسی ئەوینم نەدی خۆشتر دەنگێ

بیرەوەریێکی کە لەو خێوەتە بەرپانەی ما

٦٠٠ سالّ لەمەوبەر ، لە گۆشەیەکی شیرازی کانگای راز و نیاز سەر چاوەی چاوی گەش و خالّی رەش، کانی ئەوین و دلّداری ، بنکەی

هۆنەران و هونەروەران ،سۆفی یـەكێ خوێن شیـــرن و سەحەت سـووك ، عارفێكی بێ نیاز لە دنیا و داهاتی ، هەستیارێكی تاقانە ، هۆنەرێكـــی لێزان و شاعیرێكی ناسك خەیاڵ و شارەزا بە ئێش و ئۆف و دەرد و خەمی گەل ، دوور لە تەواوی گرێ و گۆڵ و هەڵلا و هەنگامەی ژیـان ، نزیكەی ٥٠٠ غەزەلی دانا كە ئێستاش لەسەر لووتكەی بەرزی كـاخـــی فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی وەك دوڕو ئەڵماس و رشەی دێ و هەتاهەتا - شە چ لە باری رواڵەتەوە و چ لـەبـاری نێوەرۆكـەوە، هەر بـەرز و پڕشنگدار، دنیای پان و بەربلاوی ئەدەبیاتی شیرنی فارسی بە تیشكی خەو پەڕێن و خەم تارێنی خۆی گەش و رووناك دەكاتەوە.

حافزی شیرازی ناوی محەمەد ولە قەبی شەمسەددیـن لە شاعیرانی سەدەی هەشتەمی كۆچی یە. بە بڕوای زۆربەی تاریخ نووسان و حـافـز ناسان سالی ٧٢٦ لە دایك بووە و ٧٩١ كۆچی دوایی كردووە. كـوڕی پیاوێكی بازرگانی ئەسڵ ئیسفەهانی دانیشتووی شیراز بـە نـــاوی بەهائەددین بووە . هێشتا منداڵ دەبێ باوكی كۆچی دوایی دەكـا . محەمەد لە لایـەن دایكی یەوە بە شاگردی دەخرێتـە بەر دەستـــــی نانەوایەكەوە. شەوانە لە نانەواخانەكە هەویر دەشێلێ و بـە رۆژ لـە لای زانایانی ئەوكاتوەك " شەمسەددین عەبدوڵلا " و " سەید شەریـف جورجانی " بە عیشق و عەلاقیەكی یەكجار زۆرەوە ، خەریكی خوێندن دەبێ . زۆر زوو دەردەكەوێ قوتابی یەكی وریا و بە ئیستیعدادە ئێوارانە دوای تەواو بوونی دەرس دەچێتە حوجرەی پارچە فرۆشی میر نەسرەدین كە لاوێكی خاوەن هەست وهۆنەر و هونەر دۆست دەبـێ .

گوێ بۆ شێعرەکانی میر هەڵدەخا و حەزی پێدەکا • دیداری پەیتا پەیتای ئەم لاوە ئاورێك لە دەروونی محەمەد دا هەڵدایسێنێ • بۆ دامرکاندنی ئەم ئاورە روو دەکاتە شێعردانان • بەڵام شێعرەکانی خاو و بێ مایەن وتەنانەت کەمیشی پێ دەدرێ • زۆری پێ ناچێ هەڵچوونی پلەی زانست لە لایەکەوە و بڵێسەی ئاگری ئۆگری بەو کارە لە لایەکی ترەوە، دەبێتە هۆی باشتر بوونی شێعرەکانی تائەو جێ یە بە زیندی سەری ناوبانگی لە شیرازو بگرە لەئێران تێدەپەڕێ • حافز لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا لە لایەن پاشایان وحاکمانی ئەو کاتەوە وەرگیراوە و دەرکی کتێبخانەکانی بۆ کراوەتەوە • ئیدی دەس دەکا بە موتاڵایەکی بەردەوام ، لە ماوەیەکی کورتدا لە باری ئەدەبی ، دینی ، حیکمەت ، عیرفان و باقی عیلمەکانی تری زەمانی خۆیدا وەلای سەرووی هەموو زانایانی هاوچەرخی دەکەوێ • قورئان بە تەواوی لە بەر دەکا و ناز ناوی حافز هەر بەو هۆیەوە بۆخۆی هەڵدەبژێرێ :

هەر عیشقە دێ بە فریات با تۆش بەچەشنی حافز

قورئان لەبەر بخوێنی وێڕای دووحەو ریوایەت

حافز دووکوڕی بوو ە کە هەر دووکیان لە تەمەنی لاویدا مردوون و بە مەرگی خۆیان هەستی ناسکی باوکیان بریندار کردووە و داخی گرانیان لە سەر دڵی داناوە :

ئەتۆ دیتت دڵە ئەو ڕۆڵە زیرەم

ح بێدادێکی دی لەو تاقی رەنگین

لــە بــاوەشیــا لــەبــانی لەوحی زێــویــن
شەجەل داینــا لــە ســەریا لەوحی سەنگین

دەورەیەکی حافز تیاژیاوە، دەورەی پاشایەتـی و خانخانی بووە هەرولات و شارەی حاکمێکی بووە. ئەو حاکمانە بێ پسانــەوە لەسەر چنگ داگرتن بە سەرزەوی وزاری زیاتر وگەیشتن بە حکوومەتـی بەهێزتر، لەشەڕ و هەرا و کوشت و کوشتاردابوون • بە چەشنێ کە لـە شارە دڵگرەکەی حافز لە ماوەی تەمەنی ٦٥ ساڵەیدا پتر لە ٢٠ جار لە نێوان پاشایانی بێگانە و خۆیی دا دەستاو دەست کراوە• حافز لە جەنگەی ئەو هەمـوو ئاڵ و گۆڕەی بەسەر حوکمات و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاتووە ژیاوە • ئەو وەك عالەمێکی گەورە و نێو دارترین هۆنەری زەمانی خـۆی نەیتوانیوە خۆلەم گشتە رووداوانە بدزێتەوە و بێدەنگ دانیشـێ • هەر بۆیەش جاری وا بووە بە بۆنەی هاتنە سەرکاری پاشایەکی بـاش و خەڵك دۆست شێعری جوانی بۆ داناوە و جاری واش بوو ە بەئیشارە یا راستەو خۆ هەڵیکوتاوەتە سەر تاقمێکی تر لەو حوکماتانە و ســە ر زەنشتی کردوون • هەندێ کەس بە هۆی ئەم شێعرە جوانانەوە حافزیـان خستۆتە ژێر پـرسیارەوە ، کە ئەمانە خۆشیان بە نۆبەی خۆیان بوونەتـە قەڵغانی تیر و تانەی لایەنگرانی بێ ئەژماری حافز • ئەمە بـاسێکـی تایبەتی دوو ر و درێژە و بۆ ئەم ژیاننامەیە پێویست نیە • بەڵام ئەوەی شیــاوی باسە یەکێك لەو کەسانەی حافز لە چەند جێ لە شێعرەکانی دا بە چاکە باسی کردووە ، شا ئەبوو ئیسحاقە • شاعیر هەر لە تەمەنی لاوی یەوە و بەرلەوەی ئەبوو ئیسحاق بەشایەتی بگا لەگـەڵیا دۆست

بووە و ئەو ئۆگری یە پاش کوژرانیشی هەر بەردەوام بووە. ئەگەر وانەبا بۆ شێعرێکی پەسنی بۆ ئەمیر موباریز کە زۆریش بە زەبر وزەنگ وتوند وتیژ بووە دانەناوە. ئەمە وا دەردەخا پەسنی ئەو شایە ریایی نەبووە بەڵکە لەرووی دۆستایەتی وعەلاقەوە بووە. ئەبوو ئیسحاق بە رادەیەك ئەویندارى " بەهارو گوڵ ، کچ و مانگە شەو و شێعری تەڕ و بادە " بوو ە کە لە کاروباری حکوومەتی خافڵ دەمێنێ و نوقمی خەیالاتی خۆشی خۆی دەبێ . دەگێڕنەوە رۆژێ شێخ ئەمینەددینی جەهرومی کە لە نزیکانی شا بووە بە شادەڵێ : قوربان بەو هەواخۆشە حەیف نیە لەژووری دانیشین . ئەوا بەهارە، دەرودەشت و چیا وکێو کەژ هەموو شینە، چیا خەمڵیوە، گیاشین بووە، گوڵ پشکوو تووە و بە خەت و خاڵی ئاڵ و واڵ شان و یاڵی کوێستان رەنگاوە. با بڕۆینە سەربانی کۆشك تاچیدی لەو دیمەنە دڵڕفێنە بێ بەش نەبین . بەو بۆنەوە شای هێنایە سەربانی کۆشك تاچاوی بە لەشکری دوژمن بکەوێ کە وەك سێڵاو شەپۆلی دەدا و ئامادەی هێرش بوو بۆ سەر تاج و تەختی. شا دوور روانی و پرسی ئەرێ ئەو رەشایی یە چیە لە دوورەوە دیارە؟ شێخ وەرامی داوە :لەشکری ئەمیرموباریز محەمەد موزەففەرە. شا بزەیەکی هاتێ و وتی: ئەم حەمە موزەففەرە چ پیاوێکی گەوجە .وەخت وناوەخت نازانێ ولەم سات وکاتە خۆشەدا هەوای شەڕوخوێن رشتن لەسەری داوە.

بیا تا یك امشب تماشا کنیم
چو فردا شود فکر فردا کنیم

ئەو شێعرەی فیردەوسی دەخوێنێتەوە و روو دەکاتە ناو ماڵ. لەشکر

هێرش دێنێ ، ئەبوو ئیسحاق دەکـــــوژرێ ، تاج و تەختی بە تـالان دەچێ و بنەماڵەکەی بنە بڕ دەبێ . حافز لەم غەزەلەدا زۆر بە تاسەوە دەکەوێتە بیر سەردەمێکی خۆشی کە لەگەڵیا بردوویەتە سەر ، بـۆ ماوەی کورتی حکوومەتەکەی بەداخە و ئاکامی تاڵی دەسەڵاتداری‌یە-کەی بە بەرهەمی کەمتەر خەمی و ئاکاری ناڵەباری دەزانێ و دەڵێ :

خۆزگە بەو دەم کە سەری کووچەی تۆم مەنزڵ بوو
کلی چاوم لە گڵی دەرکی دەرت حاسڵ بوو

چونکە وەك سەوسەن وگوڵ پابوو زمان و دڵمان
قسەمان یەك بوو ئەگەرچی بەزمان و دڵ بوو

لە دڵم دابوو کە قەت ڕاینە بوێرم بێ دۆست
داخەکەم هەوڵ وتەقەللای من و دڵ باتڵ بوو

چوومە مەیخانە شەوێ دیکە بە یادی یاران
خوم دڵی پڕ بوو لە خوێن چونکە لەئەسڵا گڵ بوو

دەوری پیرۆزە نەقیم دەوڵەتی بوو ئیسحاقی
جوان درەوشین وپەلەی،چەشنی مەلی سەرچڵ بوو

وای چ غەدرێك وپەژارێکی دەبینم لێرە
ئای لە وێ نیعمەت وخۆشی چ بەتین وکوڵ بوو

ئەو بە ناز ڕۆین و قاقای کەوەکەت دی حافز
لە هەڵۆ هەڵمەت و شاهۆ لەپەنا خافڵ بوو

*

پاش کوژرانی ئەبوو ئیسحاق ئاڵ وگۆڕێ یەك بەسەردادێ وئەمیر موباریز بە حکوومەت دەگا • ئەو حاکمە ریاکارو فێڵبازە بە نێوی دین دەس دەکا بە پشکنینی بیروباوەڕی خەڵك• ئازادی وئاسایشیان لێ دەستێنێ ئازارو ئەشکنجەیان دەدا ونایەڵێ نانی راحەت لە گەروویان ئاوابێ• ئەمیر موباریز ئەوەندی لەسەر بەڕێوە بردنی بەناو دەستووراتی دینی توند و تیژی نیشان دەدا کە خەڵك بە موحتەسیب"واتا دارۆغە وکێشکچی نێوی دەبەن• حافزیش هەروای نێو بردووە•ئەمیر بە هەڕەشە و گوڕەشە وترساندنی خەڵك وتەنانەت کوڕەکانی خۆشی بەچاو دەرێنان و کوشتن و بڕین ئەوەندەی دیکە خۆی دزێو دەکا • تا ئەوجێ یەیەکێ لە کوڕەکانی بە نێوی شا شوجاع شۆرشی لێدەکاو دەیگرێ وبە تۆڵەی زوڵمێ کردوویە، چاوی دەردێنێ وکۆتایی بەژیانی دێنێ. شاشوجاع پیاوێکی ئەدیب وخەڵك دۆست و ئازادیخوازبووە . ئازادی پێویست بە گەلەکەی دەدا وچون خۆشی شاعیر بووە لەگەڵ هونەرمەندان و شاعیران نێوانی خۆش بووە وبەتایبەت لەگەڵ حافز هام وشۆ ودۆستایەتی دا دەمەزرێنێ وچاوەدێری لێ دەکا • هەر بۆیەش حافز بە هاتنە سەرکاری ئەو ولاچوونی زوڵم وزۆر لەسەر خەڵك یەکجار شاد دەبێ و شادی یەکەی بەم چەشنە لەشێعرێکدا ئاشکرا دەکا :

گەیی لە هاتیفی غەیبم بەیانی موژدەی خۆش
کە دەوری شاەشوجاعەو بەکەیفی خۆت بکە نۆش

بە سەرچوو ئەودەمی لاوان دەچوونە پێچ وپەنا
دڵان پڕی قسە بوون وزمان خڕی خامۆش

*

حافز بە پێچەوانەی سەعدی کەبێ پشوودان لە سەیرو سەفەر دابووە و چەند کەرەتان چۆتە حەج و زۆربەی وڵاتانی دەورو بەر گەڕاوە، قەت دڵی نەهاتووە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شیراز دووربێتەوە ئەم شێعرە پڕ هەستەی ژێرەوە بەرهەمی سەفەرێکی کورتە بۆ یەزد کردوویە:

سەری شەوە دەگریم و غەریب و بێ نازم
بە ناڵەوە دەری دەبڕم قسەی دڵ و رازم

بە یادی یار و دیارم دەبێ وەها بگریم
کە لەو جیهانە چ کەس بۆ سەفەر نەڵێ سازم

من و دیاری حەبیبم چمە لە شاری غەریب
خودایە بمبەوە جێی خۆم کە لێرە بێ وازم

هەوایی مەنزڵی یارانە ئاوی ژین بۆمە
سەبا دەبێنە نەسیمێ لە خاکی شیرازم

دەڵێن جارێك سوڵتان ئەحمەدی جەلایر حاکمی وەختی بەغدا کە پیاوێکی ئەدیب دۆست دەبێ دەنێرێتە شوێن حافز و دەعوەتی دەکا بۆ بەغدا. حافز بە غەزەلێك لە وەرامی ئەو دەعوەتە دا وێڕای سوپاس لە سوڵتان بەم چەشنە جوانە عوزر خوایی لێ دێنێتەوە:

گەرچی دوورین بە هەوای تۆوە قەدەح هەڵدەگرین
دوور و نیزیکی نیە بۆ سەفەری رووحانی

ئەوین و ئۆگری و بیرو بڕوای جەماوەر بە شێعری حافز گەیشتۆتە رادەیەك زۆر کەس بۆ پرس و ڕا لەمەڕ چارە سەرکردنی گیرو گرفتەکانی

ژیانیان روو دەکەنە ئەم دیوانە و فالْ دەگرنەوە ٠ ئەم فالْ گرتنەوەیە جگە لەوە بۆتە داب و رەسمی کۆمەلایەتی ، وەك دەرمانێکی کاتی ، تایەك لابوونەوەی گرفتەکە دلّی پێ خۆش دەکرێ و ژەنگی ناهومێدی لە دلْ دەسڕێ.فالْ گرتنەوە بە دیوانی حافز بەم چەشنەیە، فالگر بەدلێکی پاك و پڕلە بڕواوە فاتیحەیەك بۆ رووحی پاکی حافز رەوانە دەکا، مەبەست لە گرتنەوەی فالْ لە دلّی خۆدا روون دەکاتەوە و دیوانەکە لێك دەکاتەوە٠ لە ئەوەلْ غەزەلی ئەم لاپەڕەیەدا ئەگەر بە وردی لێی بڕوانێ وماناکانی لێك داتەوە وەرامی خۆی لێ وەردەگرێ ٠

لێرەدا چوار نموونە لە فالّە بەناو بانگەکانی کە بە دیوانی حافز گیراونەوە بۆ وێنە دەخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز :

وێنەی ١- کاتێك شاسمایلی سەفەوی بناغە دانەری بنەمالّەی سەفەوی لە ئێران بە حکوومەت دەگا و مەزهەبی شیعە بە رەسمی دەناسێ ، دەستوور دەدا قەبری گەلێ پیاو چاك و نێو بەدەرەوەکانی سوننی بدەنەوە و لەگەلْ خاك رێکی کەن٠پاشان رۆژێك لەگەلْ ٠ " مەلا مەگەس " کە پیاوی دەربار بووە ، دەچێ بۆ" حافزییە " کە بارەگای حافزی لێ یە٠ مەلامەگەس دەزانێ حافز سوننییە و دەبێ قەبرەکەی ئەویش بەو تاوانە تێکدرێ ٠ شاسمایل پاش پێداگرتنی مەلا لەسەر ئەم بڕوایە،ئەمر دەکا دیوانی حافز بێنن و فالێك بگرنەوە ولە خۆی بپرسن٠ لە فالّەکەدا ئەم شێعرە دێ :

جەوزا جزوو ی حەمایلی دانا بەرابەرم

یانی غولامی شام و قەسەم خۆر و نۆکەرم

شازۆری پێخۆش دەبێ ، دەڵێ : ئیترچت دەوێ ؟ ئەوە حافز سوێند دەخوا کە غولامی وەفاداری منە. بەڵام چون مەلامەگەس هەررازی نیە و لەسەر باوەڕی خۆی سوورە ، شاجارێکی دیکەش فاڵ دەگرێتەوە ئەم جار ئاوای دێنێ :

لانی سیمورغە مەگەس ئێرە نەجێی وزوزی تۆ
ئابڕووی خۆت دەبەی و ئێمە لە زەحمەت داوێی

ئیدی مەگەس متەق ناکا و بارەگای حافز لە شەڕی شەیتان و بەڵای ناگەهانی رزگاری دێ .

وێنەی ٢ : دەڵێن رۆژێ شاتەهماسب لەکاتی تەنیایی و بێکاری لەبەر وەڕەزی ، ئەنگوستیلەکەی خۆی کە زۆریش گرانبایی دەبێ هەڵدەخاتەوە و دەیگرێتەوە. جارێکیان لە دەستی بەر دەبێتەوە و ون دەبێ . هەرچی بۆی دەگەڕێ نایدۆزێتەوە. لێ بڕاوڕوو دەکاتە دیوانەکەی حافز و فاڵێکی پێ دەگرێتەوە:

دڵێ کە خاوەنی جامی جەمە و نهێنی زان
لە کلکەوانە کە، ون بێ دەمێ خەمی چیەتی

شا ، کە ئەم شێعرەی بۆ دێ یەگجار شاد دەبێ و لەخۆشیان و بە پێکەنینەوە لەرانی خۆی رادەکێشێ . لەپڕ دەستی وە ئەنگوستیلەکەی دەکەوێ کە لە چینی عەباکەیدا خۆی حەشارداوە.

وێنەی ٣ : دەگێڕنەوە کاتێ حافز کۆچی دوایی دەکا ، چەند ویشکە سۆفی و هەندێ لەنەتەوەیەکان و دوژمنانی بەرو بیانووی پڕ و پووچەوە دەیانەوێ لە ناشتنی تەرمی پیرۆزی ئەو ئینسانە والایە

لە گۆڕستانی موسوڵمانان‌دا بەرگری بکەن. لە ئاکامی هەنگامەیەکی زۆرا دێنە سەرئەمە فاڵ بگرنەوە. هەرلێکی دەکەنەوە ئەم غەزەلە دێ کە ئاخر شێعری ئەمەیە:

نەکەی موزایەقە بۆ سەرجەنازەکەی حافز

ئەگەرچی زۆرە گوناهی بەڵام دەچێتە بەهەشت

وێنەی ٤ : بەسەرهاتی ئەو فاڵە سەبارەت بە وەی لە لایەن وەرگێڕی دیوانی حافز بۆ یەکێ لە دۆستانی گێڕاوەتەوە و رووداوەکە ئەو باشتری دەزانێ ، واچاکە خۆی بۆمان بگێڕێتەوە:

" ساڵێکی دۆستێکم لە بۆکان کە دانگە مڵکێکی لەدێ یەك هەبوو ، لەگەڵ جووت بەندەیەکی خۆی کە سۆفییان پێدەگوت کێشەی لێ پەیدا دەبێ. سۆفی پیاوێکی ناڕاست، شەڕلاتان، نەحاواوە و لەگەڵ خەڵك وەك گوریسی نێو هەمبانە خوار و نالەبار بوو. دوای هەڵگرتنی خەلە و خەرمان سۆفی لەو گوندە بار دەکا و دەچێ بۆ گوندێکی دی لەو مەڵبەندە ، هێشتا کاوگزرە و چەت و مەتی بەرهەمەکە لە مەزرادا مابوو . نیوەشەوێکی سۆفی وکوڕەکانی چوو بوون ئەوەندەی پێیان هەڵگیرابوو کایان بارکردبوو بردبوویان ئەوەی مابووشەوە ئاوریان تێبەردابوو، بۆ بەرەبەیانی ڕا ، دووجووت بەندەی دیکەی دۆستەکەم شوێنی کای رژاو هەڵدەگرن و راست دەیبەنە ئەو دێیە سەرکادێنی سۆفی. سۆفی بە خۆی و کوڕەکانیەوە لێیان وەدەر دەکەون و چوو خواردوە ترش و چەوەندەر.

هەردووکیان بەسەر و گوێلاکی شکاو وجلکی خوێناوی بەرێ

دەکەنەوە . ئەو دەم بۆکان دادگای لێ نەبوو، چەند رۆژ پێش ئەو رووداوە دادگایەکی سەییار بە سەرۆکایەتی کەسێك بە نێوی "مەهدی دانش" هاتبووە بۆکان. دۆستەکەم پیاوەکانی هەربەو چەشنە بردە لای ئەو دادگایە و شکایەتی لە سۆفی کرد. سۆفیش لەولاوە بەوگشتە فێڵ و تەڵەکەی دەیزانی دەست بەکاربوو و شکاتی کرد کە فڵانکەس چەتەی ناردۆتە سەرم وتالانی کردووم . لێکۆڵینەوەی دادگا چەند رۆژێکی دەخایاند . پێش روون بوونەوەی رای دادگا رۆژێك ئەو دۆستەم هاتە لام و داوای کرد فاڵێکی حافزی بۆ بگرمەوە. دیوانم هێنا و هەر وەك خۆی گوتوویە:

بۆ سەری خەستەیەك دەچی فاتیحەیەك بکە رەوان

لێ کەوە لێو هەتا بچێ بۆ لەشی مردووان رەوان

فاتیحەم بۆ خوێند و لەنیەتی ئەو مەبەستە لێکم کردەوە، بەوپەڕی سەر سوڕمانەوە دیتم نەك لە پەردەدا بەڵکە بە ئاشکرا مزگێنی سەرکەوتن دەدا . لۆمەی سۆفی دەکا، لە سووتانی کا و هاتنی مەهدی خەبەر دەدا و تەنانەت لە وشەی دانش و نیوەشەو و بەرەبەیانیش کەڵك وەردەگرێ . بەم شێوەیە :

بیا کە رایت منصور پادشاه رسید

نوید فتح و بشارت بە مهر و ماه رسید

جمال بخت ز روی ظفر نقاب انداخت

کمال عدل بە فریاد دادخواه رسید

ز قاطعان طریق این‌زمان شوند ایمن
قوافل دل و دانشش که مرد راه رسید

کجاست صوفی دجال فعل ملحد شکل
بگو بسوز که مهدی دین پناه رسید

صبا بگو که‌چها بر سرم درین‌غم عشق
ز آتش دل سوزان و دود آه رسید

ز شوق روی تو شاها بدین اسیر فراق
همان رسید کز آتش به برگ کاه رسید

مرو بخواب که حافظ به‌بارگاه قبول
ز ورد نیم شب و درس صبحگاه رسید

دوای چەند ڕۆژ سۆفی لە لایەن دادگاوە بە‌خەتاکار ناسرا و بە سزای ئاکاری‌گەیی .

ئەوجار بابچینە سەر باسی سەبك و شێواز و بیرو باوەڕی حافز : حافز سەرەڕای ئەوە لەشێوازی سەعدی ومەولانا و سەنایی و خەیام پەیڕەوی کردووە بەڵام لاسای نەکردوونەوە. بەڵکە بۆخۆی شێوازێکی نوێی دانا کە‌ئێستاش زۆربەی شاعیرانی فارسی وێژ تەحسینی دەکەن و پەیڕەوی لێدەکەن . هەڵبەت فەلسەفە و ڕێبازی خەیام‌سەر نجیان‌ڕاکێشاوە و کاریان تێکردووە بەڵام حافز هێناویە بۆ چوونی ئەوی سەبارەت بە‌دنیا ، ئاوێتەی هەستی ناسك و بیری ورد و ڕەخنەگری‌خۆی کردووە و لەمێشکیدا هەڵیسەنگاندووە و

بـــه وشه و رستەیەکی زۆر جوانترەوە بەناوی شێعری حافــزەوە دەری خستوون •

کـاتێ خەیام دەڵێ :

چــاو مــەستــە ده هــەستــە بیره لام خونچه گــوڵـــم
مــاچــم دەیــە بمــدوێنـــە ، مــەشكێنــە دڵـــم

لــەم دەفـــری مـــەیـــەت کـــاســـەیـــەکم بــۆ تێکــە
تـا نـەبـووە بـــە دە فـــرو کـــاســـە ووگـــۆزە گڵـــم

حافز هەر ئەو مانایە بەکەلامێکی دڵگرتر و لە قالبێکی دڵنشینتر- دا ئاوا بەیان دەکا :

هەستە لـەو دەفرە تەڵایـەی کەلـە ئـاوی بـەری تـاك
پێش ئەوەی پێشەیی سەر، بێ بەمسین کـاسـەی خـاك

حافز وەها شارەزایانە مانا جۆراوجۆرەکانی فەلسەفە، ئەوین ، دیـن سیاسەت ، ئەخلاق و عیرفانی لێك هاڵاندووە کە نە بەر لـەخۆی و نـە دوایەش کەس لەم شێوازەدا ئاواسەر نەکەوتووە• دەڵێن جارێك شا شوجاع رەخنەی لێ دەگرێ کە بۆ هیچ غەزەلێکت لە ئەوەڵەوە تـا ئاخر لەسەر مەبەستێك نیە، جاری وایـەدوو شێعرت پـــەسنـی جەماڵی یارە ، دوانیان لەدین دەدوێ و سێ یان لە سیاسەت و ••• حافز لەوەرامدا دەڵێ : قسەکەت جوانە بەڵام دەبینی شێعری مـن لە چوار قوڕنەی دنیا دەستاودەست دەبێ و هی شاعیرانی دیکەتی دەروازەی شیرازیان نەدیوە• ئەوە رازی سەرکەوتنی شێعری حافزە • غەزەلەکانی حافز پڕن لە مانا و کاکڵی بنەڕەتی و جۆراوجۆر •شێعری

حافز جامی جیهان بینه ٠ وتـــه جوانه‌کانی ئاوێنه‌ی با لا نوێنـــی ئاواتی گه‌له، هه‌ر که‌س به‌ چه‌شنێ ویستی ده‌روونی خـــۆی تێدا ده‌دۆزێته‌وه‌ و وتاری ئه‌و به‌ په‌یکی شادی و بارانی ره‌حمه‌ت ده‌زانـــێ و دیمی دڵی پێ ئاو پرژێن ده‌کا ٠ له‌ راستیدا که‌م دیارده‌ی وا هه‌یـه حافز له‌گه‌ڵی نا ئاشنا بووبێ و بێ لایه‌ن به‌ ته‌نیشتی‌دا تێپه‌ڕی بێ٠ هه‌ندێ که‌س لایان وایه‌ حافز عارفێکی ته‌واو عه‌یاره‌ و پشتی له‌هه‌مو و خۆشی‌یه‌کانی جیهان کردووه‌٠ شك له‌وه‌ دانیه‌ حافز قوڕئانـی جوا ن زانیوه‌٠ له‌ فه‌لسه‌فه‌ و که‌لامیش گه‌یوه‌، سه‌ری له‌ عیرفان و سۆفیه‌تیش خوراوه‌ به‌ڵام ئه‌و به‌ر له‌ هه‌مووشت شاعیره‌ ،شاعیرێکی زۆر رۆشنبیر و به‌ جه‌رگ ٠ ئه‌مما چون پله‌ی هونه‌ری‌یه‌که‌ی زۆر له‌ سه‌رێ‌یه‌ و به‌ قه‌ولـی خۆی حیکایه‌تی دڵ باش ده‌کا ، پله‌ی عیرفانی‌یه‌که‌ی له‌وه‌ی که‌ هه‌یـه زیاتر ده‌نوێنێ ٠ ئه‌وه‌ زۆر سه‌یره‌ ئه‌گه‌ر پێمان وابێ له‌ هه‌رجێ یه‌کـی باسی باده‌ ده‌کا مرادی باده‌ی عیرفانه‌ و هه‌رکات له‌ خاڵ ده‌دوێ وه‌حده‌تی مه‌تڵه‌به‌٠ خۆحافز ویشکه‌ سۆفی یه‌کی گرژ و مۆن و بـه‌رمـاڵ به‌شان‌نیه‌ که‌ دایمه‌ له‌ گۆشه‌ی خانه‌قایه‌ك چۆکی دادابێ و به‌رماڵی به‌سه‌ر خۆیدا کێشابێ وچاوی له‌ دنیا قووچاندبێ ٠ نه‌خێر حافز لـه‌گــه‌ڵ ئه‌بوو ئیسحاق و شاشوجاع وجێ نشینانی ئه‌و هام و شـۆی بووه‌ و له‌ کۆڕی عه‌یش و نۆشی که‌سانی وه‌ك خواجه‌ قه‌وام به‌شداری کردووه‌ و هیچ سه‌یریش نیه‌ ئه‌گه‌رجارجار لێوێکی ته‌ڕ کردبێ و چـــاوێکـی داگرتبێ وه‌ك بۆ خۆی ده‌ڵێ :

* * *

# شەونم

ئەگەر فەقێ بەتەما بوو هەڵمەت بکا لە ئەوین
پیاڵەیێکی دەیە و پێی بڵێ دەمت تەڕکە

حافز هەم قسەی عارفانەی ئاسمانی هەیە و هەم غەزەلی عاشقانەی ئینسانی و ئەرزەکی ، کە بە رواڵەت زۆر لەیەك دەچن . ئەگەر هەمو و غەزەلە غەرامی یەکانی بە عارفانە بزانین خەتایەکی گەورەیە و بە پێچەوانە ئەگەر تەواوی غەزەلە عارفانەکانیشی بە عاشقانە بگرین خەتایەکی تر ، ئەگەر وازمان لە کێشە نەبێ پاش روانینێکی ورد بە سەر شێعرەکانیدا بۆمان روون دەبێتەوە کەحافز عارفێکە قەناعەت پیشە ، لایەنگری شادمانی و دژی زوهد و پارێز و عەبا و عەمامەی ریایی ، لەشی لەگەڵ رووحی ، وتەی لەگەڵ کردەوەی ، دنیای لەگەڵ ئاخرەتی نەك جیاوازی یان نیە بەڵکە زۆریش نێوانخۆشی یان هەیە ، ئەگەر زاهیدێکی تەواو عەیار نیە راست لەبەر ئەوەیە کە دەزانێ زوهدی بێ ڕادە ، هەرچەندی بێ ریاش بێ هەر دەبێتە هۆی دیتنی لایەنێکی حەقیقەت و نەدینی لایەنەکانی دی ،.

دەنا خۆ گەلێك لەحاڵ و هەوای عیرفانیدا سەیر و سلووکی کردووە بەڵام ئیدی نەك تائەو رادەیە کە بێژن هەرچی بادەی لە دیوانەکەیدا هەیە عیرفانە. شەڕابەکەی ئەو جاری وایە ئاوی ترێ یە و زۆر جاریش شەڕابەن تەهوورە و شیلەی ئەوین و عیرفان . ناساندن و خستنە بەرچاوی بیروباوەڕ و شێوازی حافز لەم کەمەدا ناگونجێ و خۆی باسێکی جیاوازە و کتێبێکی تایبەتی گەرەکە.

سەبارەت بەوەی حافز بە خووخدەی خەڵك ئاشنا بووە و لە .

رازی دەروون و ویستی دڵیان گەیوە ناز ناوی " لسان الغیب " ی پێدراوە، حافز نە تەنیا بۆ کۆمەڵی ئەدەبی شاعیرانی ئێرانی بەڵکە بۆ ئەدەبیاتی دنیا جێی رێز و شانازی‌یە، گەورەترین شاعیـــران و نووسەرانی دنیا هەمیشـــە بە جوانترین و ناسکترین وشە وبەوپەڕی رێز وحورمەتەوە لەحافز دەدوان و دواون ٠ بۆ وێنە لەم بەشەدا سەر نج بدەنە بۆچوونی چەند کەس لە بلیمەتان و هەڵکەوتووانی مەیدانـــی وێژە و وێژەوانی ناو خۆ و دەرەوە٠

گۆتە، گەورەترین شاعیری ئەڵمانی لەبارەی حافزا ئاوا دەدوێ :

" ئەی حافز ، قسەی تۆ بەبالای ئەبەدییەت بڕاوە، ئەوەڵ و ئاخـــری بۆنیە و هەروەك خێوەتی ئاسمان پان و بەر بلاوە و پاڵی وە هیـــچ نەداوە٠

تۆ سەرچاوەی دەریای خرۆشانی بیرو بڕوای کە لە پەستاشەپۆلا ن دەدا و بەرەو پێش دەڕوا ٠ خۆهێنانە ریزەی تۆ شێتی‌یە٠ تۆلە گوێـن کەشتی‌یەکی کە زۆر ماقوولانە بای لە بادێنەکانی کردووە و لە سەر سینگی نەرم و نائارامی دەریا دەپالێوێ وپێ لەسەر پشتی شەپۆلا ن دادەنێ ٠ بەلام من لەتە تەختەیەکی سووك و چرووکم کە شـــەپـــۆل وەك پەڕە کایەك بەرز و نزمم دەکا و بەم لاو بەولام دادەدا ٠ "

نیچە شاعیرێکی دیکەی ئالمانی دەڵێ :

" ئەی حافز ، تۆ مەیخانەیەکت لە حیکمەت بینانا کە گاڵتە بـــە گەورەترین کاخەکانی دنیا دەکا ٠ تۆلەو کۆخەتدا ، شەرابێکت لەقسە شیرنەکانت سازکردووە کە دنیا تاقەتی خواردنەوەی تاقە قومێکـــی

نیە ."

ئینگلس ، بناغەدانەری ماترياليزم هەواڵی کەشفێکی تازە واتا دۆزینەوەی زانایەکی وەك حافز لە نامەیەکدا بە " مارکس " دەدا و پێشنیاری پێدەکا بۆ ئەوەی لەو ئوقیانووسە بێ بنەی حەقیقەت و زانست بێ بەش نەبێ، فێری فارسی بێ . خۆشی سەرەڕای گیر و گرفتێکی زۆر کە لە سەردەمی دامەزراندنی مەکتەبەکەیدا بووی خەریکی فێر بوونی فارسی دەبێ تا بەڵکوو بتوانێ بۆلادانی پەردە لە سەر شاراوەکانی زەمان لەو ڕێبوارە چالاکەی ڕێگەی عیرفان و ئیشراق یارمەتی وەرگرێ .

تاگوور ، شاعیر، زانا و عارف و سیاسەتمەداری بەنێو بانگی هیندی خۆی بە مریدی حافز دەزانێ ولە هیندەوە بۆ زیارەتی مەرقە- دەکەی دێتە ئێران .

مامۆستا عەلی دەشتی نووسەری ناوداری ئێرانی لە حافز بەم جۆرە دەدوێ :

" ئەو حافزەی کەوتۆتە سەر زار و زمانی خەڵك شیرازی نیە . خەڵکی زەویش نیە . کوڕی فلان و باوکی فلانیش نیە . ئەو کوڕی شێعرە پڕ ماناکان و نیوەرۆکە جوانەکانیەتی ، ئەو باوکی زمان و زمانزانی و وێژەوانی یە . ئەو پادشای بێ شەریکی مڵکی بیر و بەیانە . گیرفانی خاڵی یە بەڵام کولوور کولوور زێڕ و زەمبەر لە پێنووسی دەبارێ . ئەو بەخشتە گڵێنەکەی ژێر سەریەوە پێ دەنێتە بان هەیوانی هەرە سەروو . ئەگەرچی تۆزی هەژاری ونەداری ئازای ئەندامی

داگرتووە، ئەوەندە مەرد و رەندە پێی عارە ئەو تۆزە تەنانەت بە ئاوی سەر چاوەی خۆریش پاك كاتەوە ٠

گەرچی تۆزاوی و فەقیرم هێندە بەرزە هیممەتم

ئاو ئەگەر هی خۆرە پێم عارە كراسم تەڕ بكەم

بۆ ناسینی پلە و پایەی بەرزی ئەو شاعیرە گەورەیە لەوە باشتر نیە ئاوڕێك لەشاعیرانی بەر لەو بدەینەوە تا بۆمان روون بێتەوە كەلەنێو مەلەوانانی دەریای هونەر و ئەدەبی ئێرانی وەكوو فیردەوسی نیزامی ، سەنایی ، ئەنوەری و سەعدیدا ، بوونە حافز چ موجزەیێكە هەر وەك باسمان كرد حافز لە دەورەیەكی پڕ لە كێشە كێش و كوشت و كوشتاری سیاسی و ئالۆزی كۆمەڵایەتیدا ژیاوە و چەند كەرەت كوژرانی پادشایان و لەناوچوونی بنەماڵەكانیانی دیوە٠ ئەو رووداوانە ئەگەرچی زۆر شوێنیان خستۆتە سەر هەستی ناسك و بیری پتەوی ئەو شاعیرە نەمرە ، بەڵام هەروەك لە نیوەرۆكی زۆربەی غەزەلە-كانیدا دەردەكەوێ دەڵێی شاعیر لەسەر دوندی چیای هەڵگورد وێستاوە و دەڕوانێتە شەپۆلی سێلاوێكی بەسام كە بە شالاو دێ و هەرچی هەیە رایدەدا و دەیبا ، بەڵام پاش ماوەیەك هەمیسان ژیانەوەیە و هەڵدانەوە٠ جارجار لەو هەموو شەڕ و شۆڕ و زوڵم و زۆرەوە ئەمان دێ و نارەزایی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێ :

ئەی چ سوورێكی دەبینم لەگەڕانی قەمەرا

سوور دەبینم پڕە دنیا لەشەڕ و شۆڕو هەرا

*                *                *

کچەکان گشتی لەگەڵ دایە بەتانە و تەشەرن
کوڕەکان گشتی مەرامی دژی بابیان لە سەرا

شەربەتی گێل ونەزانان لە گولاّ و قەندە
قووتی زانایە لەکاسەی خەم و خوێنی جگەرا

جدەوە ئەسپی رەسەن پشتی لەژێر پالانا
کەچی هەرجێ یە دەچی تەوقی تەلا لەملیکەرا

ئەما زۆر زوو دێتەوە سەرخۆ و جڵەوی نارەزایی هەڵدەنگێوێ لەژێر سێبەری پان و بەرینی بیرو بڕوایدا دەحەسێتەوە و هەست بە ئارامش و ئاسایش دەکا. تەمی خەفەت لەسەر دڵی رادەدا. چاو هەڵدێنێ و ئەڕوانێتە نووری پڕشنگداری زاتی یەزدان کە تاریکایی بەزاندووە و لە گش لاوە شەوق ئەداتەوە:

من دەبینم لە مەیاوای موغەکان نووری هوێ
سەیرە بڕوانە چ نوورێکی دەبینم لە کوێ

هەرچی لەو عالەمەدا ، نووری تەجەللایە و بەس
من نە لەو باوەڕە شل بووم و نە دەشبم شلوێ

بڕوای بە پلە و پایەی بەرزی ئینسانیەتە. پێی وایە ئینسان فرە لەوە ماقووڵترە نیشتە جێی ئەم ئەرزە خاکی یە بێ و زۆر قەڵسە بەوەی ئەوسووکایەتی یەی پێ کراوە و بابە دەم بە تاوانبار ئەزانێ ودەڵێ

من مەلەك بووم و سەروو ی باغی بەهەشتم جێ بوو
بابەدەم هۆ بوو کە ئێستا لە خەراب ئاباد م

بولبولی باغی بەهەشتم چ بلێم نەقڵی فیراق
لێرە بەو داوەوە بووم خوایە بپرسی دادم

**بەڵام کاتێ دەبینێ کار لەکار ترازاوە و رابردوو رۆیوە و تازە ناگەڕێتەوە، روو ئەکاتە جەماوەر و دەڵێ ئێستا کە چارە نووس ئەو لاپەڕەیەی بۆ هەڵداوینەوە وچارەیەکی تر نیە بزانن خۆشی سەر ئەم زەوی یە بۆ کەس بەردەوام نیە و هەموومان دەبێ رۆژێ تاڵاوی نەمان بچێژین •**

ئەگەرچی بووکی جیهان زۆر جوانە بشزانە
کە ئەم بەشەرمە ژنە مارەیی لە کەس نایە

**کە وابوو لەم داو و راوەگەڕێ ، رق و قین لەدڵ دەراوێ و دەراوێکی روون بدۆزەوە کە پاشماوەی ژیانی بەسەر خۆشی و دڵاوایی پێدا تێپەڕکەی •**

لەسەر سفرەی زەمان شیرینی ئاسایش پەیا ناکەی
تەماع وکینە تاڵی و شۆری یە هیممەت کەبیشۆری

کەمەندی راوی بارامی فڕێدە و دەس دەجامی مەی
گەڕاوم گشتی ئەو دەشتە چ بارامم نەدی و گۆڕی

**قسەی ناشیرین ناکا ، لەتەك غەدر و ناحەقیدا ئارای نیە و دەبێتە خۆڵی بێ تۆزی بەرپێی دۆست • گیان بەخت کردن لەرێی گراویدا بەگرینگ نازانێ و بگرە لای شیر نیشە •**

گەر وەکوو فەرهادی فیدای بەم چبوو دەیگێڕنەوە
نەقڵی شیرن شیرن و چیرۆکی دڵداری لە من

بڕوای بەلافاوی ڕەحم و بەزە و لێبووردنی خوا هەیە و هەر بە و هیوایەوە واز لە مەیخانەکەش ناهێنێ و لەسەر ئەمەش ڕادوا ڕۆژ ی ڕوونتر بەدی دەکا :

سۆزی شەڕابی کەوسەر و حۆری لەبۆ مەیە
ئەو ڕۆش جەمالی ساقی وەك مانگ و جامی مەی

دوژمنی ڕیاکارانە ٠ بە ناپاکیان دەزانێ و ترخێك بۆ نوێژ وتاعەتیان دانانێ :

مەی نۆشی گیانکە ، چونکە گوناهی لەپەردەدا
زۆر چاترە لە نوێژی ئەوانەی ڕیا دەکەن

ئەوجار نێزەی ژاراوی ڕەخنە و سەرکۆنە بەرەورووی تاقمێ لەو شێخ و مەلایانە ئەخا وا قسە و کردەوەیان یەك ناگرێتەوە و فتوای کوشتن و دەس پەڕاندنی تاوانکاران دەدەن بە تاوانی هەر ئەوکارەی خۆیان لە پەناوە ئەیکەن و لایان حەلاڵە :

واعیز ئەوکارەی لەنێو میحراب و مینبەر دادەکەن
کاتی تەنیایی لە خەلوەت غەیری کاری وا دەکەن

بۆم لەزانای مەجلیسێ پرسە ئەو ئیشکالەی هەمە
تۆبە دادەن بۆچی بۆ خۆیان لە تۆبەی ڕا دەکەن

ڕەنگە باوەڕیان نەبێ خۆیان بەڕۆژی ئاخرەت
وا فڕو فێڵێ لەکاری حەق تەعالادا دەکەن

* * *

**ئەو دوورەنگی و فێڵبازی یانە کە دەبینێ بە ئازایەتی یەکی بێ وێنەوە کە لە سەردەمی ژیانی ئەوا لە کەس چاوەڕوان نەدەکرا، هێرشێکی بەهێزی دێکەیان دەباتە سەر و دەڵێ :**

رەنگە پتر سەوابی نەبێ رۆژی مەحشەری
نانی حەڵاڵی شێخی لە ئاوی حەرامی مە

**بەهانای ناهومێدانە وەدێ و مزگێنی پەیابوونەوەی ون بوو و هاتنەوەی سەر لەنوێی خۆشی و کامەرانی یان پێدەدا و هیواداریان دەکا بە یارمەتی یەکانی غەیبی :**

یوسفی ون بوو هەمیسان دێتە کەنعان خەم مەخۆ
خانی خەم رۆژێ دەبینی وەك گوڵستان خەم مەخۆ

ئەو دڵە غەمگینە حاڵی چادەبێ دوو دڵ مەبە
ئەو سەرە سەودایی یە دێ روو بە سامان خەم مەخۆ

سووڕی دنیایە ئەگەر دوو رۆژ بەکەیفی تۆ نە بوو
کەیف و خۆشی دێنەوە وەك جارێ جاران خەم مەخۆ

تۆ کە رازی غەیبی نازانی هومێدێ بەرمەدە
پشتی پەردەی لێ یەتی چاکی نیازان خەم مەخۆ

**سەرەڕای دەستەنگی و نەداری وەرامی پاشایانی بۆ وەرگرتنی جیرە و مواجب وەك عارفێکی رازی بە قسمەت، بە راشکاوی دەداتەوە و دەڵێ :**

*　　　*　　　*

مـن شـابـڕووی قـەنـاعـەت و فـەقـری چلۆن دەبـەم
بێژن بـە شـا ، بـڕاوەتـەوە جیـرە لـەو سـەرە

دەوڵەمەندی لە هەژاریدا دەبینێ و هەر ئەوەش لە خودا بە ئاوات دەخوازێ :

گەنجی فەقـرم بـدەیـە خـوایە لە بەحری کەرەمت
چونکە ئەو بەخششە هۆی بـەختـەوەری و ژینـی منـە

ئەو زاتە گەورەیە، تەمەنی پڕ پیت و بەرەکەتی خۆی بەوپەڕی سەربەرزی و بێ نیازی یەوە بردە سەر و لە سووچی ماڵە بێدەنگ و رەنگ و هەژارانەکەیدا ، دنیای بە دەنگی بەرز و رەنگی تەرز لە گوێن بووکی بەهار بە سەدان غەزەل کە وەك خشڵ و کرمەك و سینەڕیز و بەرمووری زێڕ و زیو لە سەرشان و مل وسینگ و بەرۆکی خۆ دەنوێنن وترووسکەیان دێ ، رازاندەوە و بوو بە چرای رووناکیدەری دڵانی تاریك و بەڵەدی نابەڵەدانی رێگەی سەخت و دژواری دنیای ئاڵۆز و پڕلە مەترسی . رەوانی شاد و یادی بەردەوام لە سەر دڵان پیرۆز و پایەداربێ

دیوانی حافز بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٩١ ی زایینی لە لایەن " ئاپ جان " ی ئینگلیسی خاوەنی چاپخانەیەك لە " کەلکەتە " لە ژێر چاودێری " ئەبوتالب خان " ئەدیبی هیندی و لەرووی نوسخەی دەست نووسی " محەممەد گوڵەندام " کە دۆست و هاونشینی حافز بووە ، لەچاپ درا . چاپ و بڵاو بوونەوەی دیوانی حافز بوو بە هۆی رەزامەندی حافز دۆستان . ئیتر مەیدان بۆ وەرگێڕان و

لێکۆڵینەوەی شێعری حافز ئاوەڵا بۆوە. زۆر لە ناودارانی ئەدەبیاتی ناوخۆ و دەرەوە دەستیان دایە ئەوکارە. لە نێو ئینگلیسەکاندا هیچیان وەك خانمی "گرترودبل" کە ئەو کات زۆریش ناودار نەبوو، سەرنەکەوتن. ئەو ئافرەتە لە ساڵی ١٨٩٧ ی ز بە وەرگێڕانی ٤٣ غەزەلی حافز بۆ سەر زمانەکەی خۆی دنیای ئەدەبی بریتانیای بە تەواوی شاد و سەر سوڕماو کرد.

شاعیرەیەکی تاجیکیش بە نێوی "کولسوم کەلیم ئۆڤا" بۆ وەرگێڕانی ٢٥ غەزەلی حافز پلەی دوکتۆرا وەر دەگرێ. ئەوشانازی بەوە دەکا توانیویە لە دەریای بەرینی هەست و بیری حافز لاوێچێك هەڵێنجێ.

هۆنەر و وەرگێڕی کوردیش سەرەڕای پیری وبێ وازی بە بەخت کردنی سێ ساڵ لە تەمەنی پیرۆزی ئەو سەد غەزەلەی لە دیوانی حافز هەڵبژارد و هێنایە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی بارەگای ئەدەبی کوردی کرد. من وەك کوردێکی لایەنگری هونەر و ئەدەبیات بەش بە حاڵی خۆم شانازی بەوە دەکەم حافز بە کوردی لەگەڵم دەدوێ و پرێسکەی دڵم بۆ دەکاتەوە بەو هیوایەی تەمەن یاربێ و وەرگێڕ ئەو کارە گرینگە بە وەرگێڕانی تەواوی دیوانەکە بە ئاکام بگەیەنێ و ئاسمانی ئەدەبی کورد ئەستێرە باران کا. شیاوی باسە شێعری حافز تائێستە لەگەڵ ئەم کوردی یە بە ٣٠ زمانی زیندووی دنیا وەرگەڕاوەتەوە و بە گشتی لە کتێبێك دا بەنێوی ( حافظ بە ٣٠ زبان ) دا لە تاران چاپ کراوە. لە کۆتاییدا خواراستەوخۆشی لەراست دێ.

شەونم

من لە خۆم رانەدەدی قەڵەم بەدەستەوە گرم و پێشەکی بۆ ئەم دیوانە بنووسم . بەڵام بە دوو شووتی پووتی کە باوکم و یەکێ لە دۆستانی وەبن باڵیان دام لە خۆبایی بووم و بە ئەمری بابم دەستم کرد بە پشکنینی کتێبان و دۆزینەوەی برێ لە راستەقینەکانی ژیانی حافز و نووسینی ئەم ژیننامەیە. بە قەولی کوردی " دۆم بێ وکەڵاش بۆ خۆی بکا " چم لە دەس هاتووەبۆ خزمەت بە باوکم کردوومە . بەو هیوایەی لێم رازی بێ . جا ئەگەر ئێوەش بە دڵتان بێ خۆزگەم بەخۆم ئەگینا ئەشێ ناسر بە شێعرە ناسکەکانی حافز و وەرگێڕاوە جوانەکانی باوکی بوەخشن .

" بۆکان : ١٢ ی بانەمەڕی ١٣٧٠ ی هەتاوی ، ناسری حەقیقی "

سەرچاوەکان :

١ ـ زەمین و زەمانی حافز : بە هائەددینی خوڕڕەمشاهی .

٢ ـ بیرو باوەڕی خواجە : : تەیمووری بورهانی لیمۆدێهی .

٣ ـ بیرەوەری سەفەرەکانی دوکتور خانلەری .

٤ ـ حافز ناسی : محەمەد عەلی سەیفی قازی .

٥ ـ حافزی شیرینکەلام : محەمەدی موعین .

٦ ـ حافز لە روانگەی هونەرمەندانی دنیاوە : عەبدولحوسەینی هەژیر .

٧ ـ نەخشێك لە حافز : عەلی دەشتی .

٨ ـ پێشەکی دیوانی حافز : سمایل خودابەندە .

## الا یا ایها الساقی ادرکاسا و ناولها

لەگەڵ تۆمە وەرە ساقی بەکاسان بێنە لەو بادە
ئەویندارم دڵم ناشادە بەو بادەی خەمم رادە
بەهۆی ئەو بۆنە خۆشەی پەرچەمی وا سروە دەیهێنێ
دڵان خوێنین،بلێ ئەو پرچە پڕچینانە بەس بادە
لەمزڵ وماڵی ئەو جوانانە ئەمن و ئەمن و ئاسایش ؟
کە دەنگی زەنگی قافڵەی دێ دەڵێ بارکەن بەرەو جادە
بەمەی بەرماڵی نەخشین کە ئەگەر پیری موغان فەرمووی
کە سالیك شارەزای رازانە ، لەو رەمزانە ئوستادە
شەوی تارو شەپۆلی ئاو و گێژاوی بەسامی وا
لە کوێ حاڵی دەبن حاڵی مە سووکبارانی دڵ سادە
هەموو کارم لە خۆبینی بە بەدنێوی گەیی ئاخر
چلۆن پێم ون دەبێ ئەو رازەکاتێ گەییە ئەو رادە
مەرامت گەر ویساڵی یارە لێی خافڵ مەبە حافز
بە بادە و مادە خۆ دڵخۆش کە ، دنیا بادە،لێی لادە

اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دل مارا

دڵم دەس خا ئەگەر ئەو شۆخە شیرازییەی دڵ ئاوایە
بە ڕەشخاڵی دەکەم پێشکەش سەمەرقەند و بوخارایە
مەیی باقیم دەیە ساقی لە جەننەتدا پەیا ناکەی
قەراخی ئاوی ڕوکناباد و سەیرانگەی موسەللایە
لە شارشێوێنەکانی شۆخ و شیرین کارە هاوارم
وەهایان سەبری دڵ بردم کە شاهۆ کەو لە سەحرایە
نیازێکی نیە بەو نیوە چڵ عیشقەی مە جوانی یار
چ حەوجێکی بەڕەنگ و ڕوو هەیە بووکێکی دڵخوایە
لە شاراوەی زەمان کەم بێژە باسی موتریب وەمەی کە
بەکەس هەڵنادرێ و نەدرا بەزانین ئەو موعەممایە
ئەمن لەوجوانی یە بێ وێنەیەی یۆسف هەبووی زانیم
ئەوین دێنێتە دەر خۆگرتنی پەردەی زولەیخایە
جنێوم پێدە، تووکم لێکە • دووعات بۆ دەکەم چونکە
وەرامی تاڵی تۆ شیرینە لەو لێوە شەکەر خایە
نەسیحەت بگرە گوێ گیانە، لەگیان شیرینترە لایان
ئەوانەی بەختەوەر گەنجن سپاردەی پیری زانایە
دوڕت کون کرد و شێعرت کوت وەرە وبیخوێنەوە حافز
بە نەزمت هەڵدەپڕژێنێ سەما کۆمای سوڕەییایە

" ٦٧/٣/٢٩ "

## دل میرود ز دستم صاحبدلان خدارا

دڵ دەردەچێ لە دەستم ، توخوا بڵێن بە یاران
حەیفێ کە ئاشکرا بوو، رازی دڵم لە شاران
دانیشتووانی کەشتین ، ئەی بامرادە بشنە
تا ئەوچەلیش ببینین ، دیداری یاری جاران
بڕوانە دەوری گەردوون ، دوو رۆژە هاتن وچوون
دا چێنە تۆوی چاکەی ، بیکە بەراو بە یاران
دوێ شەو لەنێو گوڵ و موڵ ، بە چریکە خوێندی بولبول
ئامادە کەن سەبووحی ، ئەی کۆڕی مەیگوساران
ئاوێنەیی سکەندەر، جامێك شەرابی کۆنە
بیخۆوە تاببینی ، هەرچی وڵاتی داران
ئەی خاوەنی کەرامەت ، شوکری لەشی سلامەت
ئاوڕ بەخێر بە چەلچەل ، بۆ بێنەوا و هەژاران
ئاسوودەیی دوو دنیا، مانایە لەو دوو پیتە
شایانی دۆست و دوژمن، پێك هاتن و مودارا ن
بۆ کووچەکانی چاکان، رێگەی مەیان نەداوە
گەر تۆ پەسندی ناکەی ، بیگۆڕە کار و باران
ئەو ئاوەتاڵە سۆفی ، نێوی خراپی لێ نا
شیرین و خۆشە بۆمە، وەك ماچی گوڵ عوزارا ن
وەختێکی تەنگدەستی ، خۆ باوێ کۆشی مەستی
چونکێ گەداش بی هەستی ، قاروون دەکەی بە پاران

# شەونم

لاڕێ مەبە لە دڵبەر، چونکێ لە دەستی ئەو دا
وەك مێوی نەرم و نۆڵن، تاشەی پەنا پەساران
جوانانی فارسی وێژ، لە نوێ تەمەن دەبەخشن
ساقی بەرە بەشارەت ، بۆ پیری تۆبەکاران
حافز مەگەر بەخۆی بوو، خەرقەی بەمەی لەنوێژچوو
ئەی شێخی تۆبە دادەر، بڕوانە ئیختیاران

# شەونم

دوش از مسجد سوی میخانه آمد پیرما

هاتە مەیخانەی لە مزگەوتێوە دوێ شەو پیری مە
ئەی برا هاورێیەکان ئەو چەل چیە تەگبیری مە
روو لە قیبلەی چۆن بکەین ئێمە مریدان چونکە ئەو
روو دەکاتە ئەو مەکانەی جێی خومارە پیری مە
با لە وێرانەی تەریقەت هاونشین بین پێکەوە
چونکە ئاوا رۆیوە رۆژی ئەزەل تەقدیری مە
گەر بزانێ عەقڵ ، جێی چەندخۆشە دڵ ،لەوزولفەدا
عاقڵان شێت دەبن و خۆ داوێنە ژێر زنجیری مە
خاتری جەم وەك نچیرێ کەوتە داوی بازی دڵ
کاتێ زولفت کردەوە دەرچوو لە دەس نێچیری مە
رووی جوانت ئایەتێکی خۆشی بۆ لێك داینەوە
لەو دەمی را پاکی خێر و خۆشی یە تەفسیری مە
با ، لە زولفی دای و تاریك بوو لەبەر چاوم جیهان
هەر ئەوەی پێ گەیوە لەو سەودایە بیری ژیری مە
تۆ بڵێی ئاخۆ شەوێکی ئەو دڵە سەختەت گرێ
ئەم هەناسە ئاگرینەی سینەکەی شەوگیری مە
تیری ئاهی مە لە گەردوون سەردەکا حافز بەسە
خۆت بپارێزە و بکە رەحمێ بەخۆت لەو تیری مە

" ٦٧/٤/١ "

شەونم

آن ترک پریچهره که دوش از برمارفت

ئەو شۆخی پەریڕوو کە شەوێ ڕۆیی لە لای مە
ئاخۆ بەخەتا ڕۆیوە یا دیویە خەتای مە
تا ڕۆیی لەبەر چاوی من ئەو چاوی جیهان بین
کەس نەیدی کە ئەم چاوە چەای دیوە جەفای مە
شەم نەیدی شەوێ دی کە لە ڕێی ئاوری دڵ چۆن
برژانی جەرگ دووکەڵی هەستابوو لە لای مە
دووری لە جەماڵی ئەوە سێلاوی سریشکم
جاری بوو لە چاوان، بووە تۆفانی بەڵای مە
هۆی باری خەمی هیجرە لەپێ کەوتنی ئێمە
بەو دەردە دوچارین و لە دەس دەرچوو دەوای مە
دڵ پێی وتم ئاخر بە دوعا دەس دەکەوێ یار
ئەو عومری هەبووم پاکی بووە سەرفی دوعای مە
ئیحرامی چ بگرم نیە خۆ قیبلە لە وێنە
سەعیە چ بکەم ڕۆیی لەنێو مەروە سەفای مە
دوێ دوکتورەکەم پێی وتم ئەو نوکتە ، بە داخۆ
دەردت نیە دەرمانی بە قانوونی شیفای مە
ئەی یار وەرە و پرسە هەواڵێکی لە حافز
پێش ئەو دەمە پێ مێردی خودا بێ لەدوای مە

" ٦٩/١٠/٦ "

ای نسیم سحر آرامگە یارکجاست

ئەی شنەی بای سەحەری کوێیە ئەرێ مەنزڵی یار
کامە جێی دڵبەری عاشق کوژی شۆخی نازدار
شەوە زەنگە و سەفەریم ، ڕێگەمە چۆڵگەی ئەیمەن
کواگڕی توور و قەرار و بڕی وادەی دیدار
هەرکەسێ دێتە جیهان حاڵەتی مەستانی هەیە
لەو سەرا کۆنەیە بۆم پرسە ئەدی کوا وشیار
شارەزای ڕەمز و ئیشارانە شیای مزگێنی
ریزەکاری لە ئەویندانیە هەروا ساکار
بە هەزار کاری بەتۆیە چڵی هەرموویەکی من
چم لە تانە و تەشەری ڕەخنەگرێکی بێکار
زولفی زنجیری دەوێ ، شێت بووە لێم عەقڵ ودڵیش
زیزە ، خۆی داوە لە ژێر سووچی برۆیدا حاشار
گشتی ئامادەیە بادە و گوڵ و موتریب ئەمما
یارە جێی خاڵی یە، کەلکی نیە عەیشی بێ یار
دڵ لە تەکیەی بە خەم و خەلوەتی شێخی وەڕەزە
کوێیە مەیخانەکە ، لەکوێیە کچی چاو بە خومار
بای خەزان بۆ چەمەنی ژینە مەڕەنجە حافز
باشی بیر لێ کەوە ، کێ دیویە گوڵێکی بێ خار

" خاکەلێوەی ٦٨ "

شەونم

المنـــة للّه کـــه در میکده باز اســت

ئەی خوایە شوکر وادەری مەیخانەکـــە وازە
لەو دەرکەیە چاوم ، کە ئەوێ چاکی نیـــازە
مەستن خومەکان و بەنەشە و جۆش و خرۆشن
ئەو مەی کە لە واندایە حەقیقەت نە مەجازە
داماوی یە ، پاڕانەوەیە ، خوازە لـــە ئێمە
لەوڕا هەموو هەر دەعیە و سەر مەستی وناز ە
رازێکی لەکن کەس نەکوتوومە و نە دەشی لێم
لای دۆستی دڵێم چونکە ئەوم مەحرەمـــی رازە
تاریفی قەفی زولفی بەپێچ و خەمـــی دڵـدار
کۆتایی بەکەس نایە ، نیە ئەو قسە تـــازە
باری خەمی مەجنوون و خەمی پەرچەمی لەیلێ
تاجی سەری مەحموود و قول و قاچی ئەیازە
چاوم وەکوو بازی لە هەموو عالەمێ قووچانـــد
لەو کاتەوە چاوم لە دوو چاوی وەکوو بـــازە
ئەو کەعبەیی نێو کووچەی تۆ هەرکەسی تێبێ
ناوچاوی بەرەو تاقی برۆت رێک و تەرازە
سووتانی دڵی حافزی ئەی کۆمەڵی مەجلیس
پرسن لەشەم ، ئەو واریدە لەو سۆزو گودازە

" ۶۹/۹/۲۵ "

## شەونم

بلبلی برگ گلی خوشرنگ در منقار داشت

بولبولێکی دڵ بەخەم نابوویە دەم بەرگی گوڵێ
بەو نەواو بەرگەش دەناڵی هەر دڵێك و سەد کوڵێ
پێم وت ئاخر تۆ بە مەخسوودت گەیشتووی چت دەوێ ؟
پێی وتم نازی گوڵم وای رێ نیشان دام هەووڵێ
هاو دەمی ئێمەی ئەگەر پێ عەیبە یار، قەیدی نیە
چون گەدا لای پادشا وەك توێكڵە لای کاکڵێ
یارو غەمزە و ناز و ئێمە و خوازە خواز یەك ناکەوین
خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی ئەستێرەکەی بەختی هەڵێ
هەستە با گیانمان فیدای نەخش ئافەرینێکی بکەین
ئەو هەموو نەخشەی وەدەر ناوون لە پەرگارو کڵێ
گەر مریدی رێی ئەوینی بیری بەدنێوی مەکە
شێخی سەنعان خەرقەکەی نابۆ گرۆی داوای دڵێ
خۆش بە حاڵی ئەو مریدەی وا بە هۆی سەیر و سلووك
زیکر و تەسبێحی فریشتانی دەنا ژێر باخەڵێ
چاوەکانی حافزی لای قەسری یاری چەشنی حوور
عەینی جۆی جەنناتە جاری و چاوەکانی هەڵقوڵێ

" ٦٨/٨/٩ "

## شەونم

باغ مرا چە حاجت سرو وصنوبر است

باغم چ ئیحتیاجی بە سەرو و سنەوبەرە
بالانەمامی من گولی پیرۆزە سێبەرە
ئەی گەنجی نازەنین ئەرێ تۆ مەزهەبت چیە ؟
خوێنم لەلات حەلاڵە مەگەر ئاوی کەوسەرە
هەرکاتێ هەستی خەم دەکەی ئەو دەم بخۆوە مەی
دەرمانی ژانی ژین و کەیف هێن و خەمبەرە
من سەر لە دەرکی پیری موغان بۆچی دانەنێم
دەوڵەت لە خانەقای ئەوە ، حورمەت لەوێندەرە
لای ئێمە هەر شکستە دلی لێ دەکڕن و بەس
بازاری خۆفرۆشی نیە ئێرە ، ئەو بەرە
دوێ قەولی وەسڵی دا بە سەری پڕشە رابەوە
ئەمڕۆکە ئاخۆ چی تری تێدایە ئەو سەرە
تەنیا قسێکە باس و هەواڵی ئەوین ، کەچی
لە زمانی هەرکەسێ دەبیەم نابەرابەرە
بێرۆ لەدووری تۆ گوڵەکەم چاوی چاوڕێ
وەک گوێچکی رۆژەوان بەرەو اللە ئەکبەرە
شیراز و ئاوی روکنی و بافێنک و خۆشەکەی
وەک خاڵی کولمی بووکی خشڵ زێڕو زەنبەرە
ئاوی خدر لە تاریکیایە حەمدی چیە
سەر چاوەی ئاوی ئێمە لە اللە ئەکبەرە

# شەونم

من ئابڕووی قەناعەت و فەقرێ چلۆن دەبەم
بێژن بەشا بڕاوەتەوە جیرە لەو سەرە
پێنووسی تۆ چ شاخە نەباتێکە حافزا
وا چێژی میوەکانی دەڵێی شەهد و شەککەرە

شەونم

حسنت به اتفاق ملاحت جهان گرفت

خوێن شیرنیت بەکۆمەگی جوانی جیهانی گرت
چاو و برۆت بە غەمزەوە دنیای دڵانی گرت
ئەم ویستی رازی خەڵوەتیان ئاشکرا بکا
شوکری خودا گرێی دڵی هات و زمانی گرت
گوڵ ویستی رەنگ و بۆی وەکوو تۆبێ کە بای سەبا
قینی بزووت و رێی نەفەس و جێی دووانی گرت
لەو ئاگری بەتین و نهێنی لە سینەما
رۆژ تاقە شوعلەیێکە کەوا ئاسمانی گرت
ئاسوودە بووم سەرێ وەکوو پەرگاری دەورەگەرد
گەردوون لە نێوە راستی فرێ دام وەمانی گرت
تیشکێ لە رۆژی روومەتی ساقی بوو ئەوگرە ی
ئەو رۆژە وا لە ساغەری مەی ڕا خەیانی گرت
بۆ کۆی موغان تەمامە بەدەس راوەشان هەڵێم
لەو فیتنەیەی کە ئاتەگی ئاخر زەمانی گرت
مەی لێدە هەرکەس ئاخری کاری جیهانی دی
لای دالە جورعە نێوقەدی سەتڵی گرانی گرت
نووسراوەیە بەخوێنی شەقایق لە بەرگی گوڵ
پیتۆڵە ، ئەو کەسەی کە مەیی ئەرغەوانی گرت
حافز لە ئاوی ژینێ کە دەتکێ لە نەزمی تۆ
لوتفێك هەیە کە پێشی حەسوود و زمانی گرت

# شەونم

خم زلف تو دام کفر و دین است

گرێی زولفت کە داوی کفرو دینە
لە شیرینکاری کارخانەی ئەوینە
بە سەرحەددی کەماڵ گەیوە جەماڵت
کە سیحریشت دەوێ نازی ببینە
لەوێ چاوی رەشت سەد ئافەرین بێ
کە بۆ عاشق کوژی سیحر ئافەرینە
عەجەب عیلمێکە عیلمی هەیئەتی عیشق
کە چەرخی حەوتەمی حەوتەم زەمینە
بە ساغی دەردەچێ پێت وایە بەد گۆ
حیسابی لای کرامُ الکاتبینە
چلۆن گیان دەربەرم لەو چاوی مەستت
کە دایم بەو کەمانەی لێم کەمینە
لە مەکری زولفی ئەو خۆلادە حافز
دڵی بردی و خەریکی بەندی دینە

"٦٧/٥/٥"

خمی کە ابروی شوخ تو درکمان انداخت

کەوانەیێکی بڕۆی تۆ لە ژێی کەوانی خست
بەرەو محانجی منی پیری نیوە گیانی خست
بە مەستی و عەرەقاوی چ کاتێ چوویەتە باغ
کە ئاوی ڕوومەتت ئاوری لە ئەرخەوانی خست
بە ناز و عیشوە کە نەرگیس چەلێکی خۆی ڕانا
هەزار فیتنە دووچاوت لەنێو جیهانی خست
گوڵی سەمەن کە خەڵك نیسبەتی بەڕووی تۆ دا
بە هۆی سەبا گڵی شەرمی لە جێ دوانی خست
بە مەستی چوومە چەمەن دوێ شەوێ کەخونچەم دی
منی لە حاندی دەمی تۆ لەنێو گومانی خست
وەنەوشە پەرچەمی خۆی بادەداو گرێ کە سەبا
هەواڵی زولفتی هێنا وەسەر زمانی خست
منێکی پیر و بە پارێز و دوور لە موتریب و مەی
ئەوینی بەچکە موغانم ڕەگەڵ ئەوانی خست
ئەوا بە ئاوی مەیی سوور دەشۆمەوە خەرقەم
بەشی ئەزەل ئەوی پێدام، ئەمم لەشانی خست
خەبەر لە بوونی دوو عالەم نەبوو کە ئولفەت بوو
زەمانە تەرحی ئەوینی بە لەو زەمانی خست
خومار و مەستی خەت و خاڵی تۆم و پێم سەیرە
کە کێ بە کام قەڵەم ئەو نەخشی واجوانی خست

دەبێ خەلستنی حافز لە مەستیا بووبێ
کە دەستی حەق لە شەرابی دژی خەمانی خست

" ٦٩/٩/٢٩ "

شەونم

در دیر مغان آمد یارم قدحی دردست

یار هاتە کلیسایە ، جامێکی لە مەی بان دەست
ئەو مەستی مەی و مەستان ، لەو دیدەی مەستی مەست
نالی سمی ئەسپی ئەو، وێنێکە لە مانگی نوێ
وەختێکی سنەوبەردی ، سەروی قەدی،لێوی گەست
جا بۆچی بڵێم بە درۆ ، ئاگامە لە حاڵی خۆم
یاخۆ نیە مەیلم بەو ، ئەی چۆنە دڵم پێ بەست
کووژاوە شەمی یاران ، ساتێکی کە ئەو هەستا
هەڵبۆوە چرا کاتێ ، دانیشتەوە ئەو بێ هەست
ئەو مێخەکە بۆنخۆشە ، بۆنخۆشە لە زولفی ئەو
کلچێوە کەوانکێشی ، فێر بوو لە برۆی پەیوەست
گیانە وەرەوە بابێ بۆ حافزی عومری نوێ
هەر چەندە مەحاڵیشە حەفتا وەگەڕێ بۆشەست

" ٦٧/١١/١ "

شەونم

دل سرا پردهٔ محبت اوست

ماڵی دڵ مەنزڵی ئەوینی ئەوە
چاوم ئاوێنەداری دینی ئەوە
من کە ژێرباری مینەتی کەس نیم
سەروماڵ و دڵم رەهینی ئەوە
تۆ و تووبا و ئەمن و باڵای یار
بیری هەرکەس بەتێکەیینی ئەوە
من ئەگەر بەدفەڕ و گونەهکارم
هەموو عالەم گەواهی دینی ئەوە
لە حەرەمخانەکەی ئەوا من چیم
کزە با مەحرەم و ئەمینی ئەوە
بێ خەیاڵی نەبێ روانگەی چاو
چونکە ئەوگۆشە شانشینی ئەوە
کامە گوڵ جوانترە و چەمەن رازێن
رەنگ و بۆنی لە زولف و چینی ئەوە
رۆیی مەجنوون و هەر بە پێنج رۆژان
یەکی دی دێت و نۆبە شینی ئەوە
دەوڵەتی عەیش و نۆش و ملکی ئەوین
چی هەمە هۆی فەڕی جەبینی ئەوە
بامن و دڵ ببینە قوربانی
چونکە ئاواتی ئێمە ژینی ئەوە

وامەزانە کـە سـوالْکەرە حـافـز

سینـەکـەی خـەزنـەیی ئـەوینی ئـەوە

" هـاوینـی ٦٩ "

شەونم

## روزگاریست که سودای بتان دین من است

رۆژگارێکە هەوای یار و ئەوین دینی منە
خەمی ئەو کارە بە کەیفی دڵی غەمگینی منە
چاوی گیان بینی دەوێ دیتنی رووی تۆ گیانە
ئەوەکەی شان و حەدی چاوی جیهان بینی منە
ببە یارم کە هەموو زینەت و جوانی فەلەکێ
مانگی رووی تۆ و پەڵە ئەستێرەیی ئەسرینی منە
عیشقی تۆ تاکوو منی فێری قسەو باسان کرد
وت ووێژی هەموو ئەو عالەمە تەحسینی منە
گەنجی فەقرم بدەیە خوایە لە بەحری کەرەمت
چونکە ئەو بەخششە هۆی بەختەوەری و ژینی منە
واعیزی شاری بڵێ چیدی بەحاکم نە خورێ
دیقی بێ مەنزڵی سوڵتان دڵی مسکینی منە
خوایە ئەو کەعبەیی مەقسوودە نەزەرگەی کێیە
کە دڕوو و داڵی بەعەینی گوڵ و نەسرینی منە
قسە چیدی مەکە حافز لە جەلالی پەرویز
لێوی ئەو بادە بەری خوسرەوی شیرینی منە

" ٦٧/٥/١٠ "

روضه خلد برین خلوت درویشانست

باغی فیردەوسی بەرین خەڵوەتی دەروێشانە
شەوکەت و شان و شکۆ خزمەتی دەروێشانە
گۆشەگیری کە مەقاماتی بەرز بەرزی هەیە
فەتح و سەرکەوتی بەدەس قودرەتی دەروێشانە
ئەو پلەی وا سەری بۆ دادەنەوێنێ گەردوون
ئەو پەڕی بەرزی یەکەی حیشمەتی دەروێشانە
قەسری ئەو جەننەتە ریزوانی لەبەر دەرگێیە
روانگەیێکی چەمەنی حورمەتی دەروێشانە
ئەوشتەی قەلبی رەشی پێ دەکەنە شمشی تەلا
کیمیای هاودەم و هاوسوحبەتی دەروێشانە
ئەم سەرو ئەو سەری دنیایە سپای غەدرە بەڵام
لە ئەزەل تاکوو ئەبەد فرسەتی دەروێشانە
دەوڵەتێکی کە نیە ترسی لە تێك چوون و نەمان
بێ گومان ببیە کە هەر دەوڵەتی دەروێشانە
پادشایانی کەوا قبلەیی پێداویستین
دەسەلاتیان گرەوی حەزرەتی دەروێشانە
بە هەوای دەوڵەتەکەت غەڕڕە نەبی کاکی غەنی
سەر و ماڵت لە پەنای هیممەتی دەروێشانە
گەنجی قاروونی کە هەر ڕۆ دەچێ ئێستەش بەغەزەب
خوێندبت رەنگە بەهۆی غیرەتی دەروێشانە

ڕووی مرادێکی کە شایان بە دوعا دەیخواز ن
شەبەقی ئاینەیی سوورەتی دەروێشانە
گەر لە شوێنن ئاوی حەیاتی دەگەڕێی تۆ حافز
چاوەکەی ها لە پەنای خەڵوەتی دەروێشانە

# شەونم

زلف آشفته و خوی کرده وخندان لب ومست

ئارەقاوی و زولف ئاڵۆز و بەلێو خەندە و مەست
بە یەخەی واز و بە ئاوازەوە، پەیمانە بەدەست
چاوی مەستی لە شەڕ و لێوی بە لۆمە ولەقەمی
نیوەشەو هات و تەکی دا بە سەرینم بێ هەست
سەری هێنایە پەنا گوێم و بە سرویکی حەزین
وتی ئەی یاری لەمێژینە ، خەواڵووی یا مەست
عارفێکی کە وەها بادەیی شەوگیری دەنێ
کافری عیشقە ئەگەر بێت و نەبێ ؛ بادە پەرەست
شێخەکەم ، رەخنە لە مەیخۆرەوەکان مەگرە بڕۆ
جگە لەو ئاوە نەیانداوە بە مەرۆژی ئەلەست
ئێمە دەیخۆینەوە ئەو هەرچی کە بۆمان تێکا
جا ئەگەر خەمری بەهەشتێ یە ئەگەر بادەی خەست
پێکەنینی مەی و ئەگریجەیی لوولووی دلبەر
زۆر کەسی تۆبە وەکوو حافزی داداوە لە قەست

" ٦٨/٨/٢٢ "

شکفته شد گل حمرا و گشت بلبل مست

شکۆفە بوو بەگوڵی سوورو بولبولی پێ مەست
هەرایە ، خۆشی یە ، سۆفینە ! وەرنە بادەی خەست
بناغەکەی کە وەکوو بەردە تۆبە بۆ سەختی
شکا بەجامی بلوورین ونەشکرا بەر بەست
شەرابی بێنە کە لەو بارەگایە بەرپانە
چ شایەك و چ گەدایەك ، چ ئاگەدار و چ مەست
ئەتۆ لە دوو دەری یەك دێیە ژوور و دەچیە دەر ێ
کە لاوەیێکی تیای ماڵی تۆنیە دەر بەست
مەقام و لەززەتی دنیایە بێ بەلا نابێ
بەڵێ بەحوکمی بەلا بەستراوە رۆژی ئەلەست
دڵت بە بوون و نەبوون نارەحەت مەکە و خۆش بە
کە ئاخری هەموو بوونی نەبوونە دنیای پەست
فرینی تەخت و زمانی مەل و شکۆی ئاسەف
وەکانگە لاشی چیا با سەرەنگرێی پێ بەست
بەخۆمەنازە ، کە ماوێکی تیری ئاو یشتوو
بەرەو حەوا دەفرێ ولێ دەدا سەرەوبن چەست
شوکر شیعاریە حافز ، زمانی پێنووست
کەوا دەبەن قسەکەت زار بەزار و دەست بە دەست

" ٦٩/٨/١٠ "

# شەونم

صحن بستان ذوق بخش و صحبت یاران خوشست

باغەکان پڕشەوق و زەوقن ، هاودەمی یارانە خۆش
فەسڵی گوڵ خۆش بێ لەوێڕا مەی لە گوڵزارانە خۆش
بای بەیان بۆن و بەرامی گیان و دڵمان خۆش دەکا
هەر بەویش بۆنی هەناسە و رووی هەوا دارانە خۆش
بووکی گوڵ تارای لەسەر روولانەداوە کۆچ ئەکا
ناڵەکە بولبول ، کە ناڵەی دڵ بریندارانە خۆش
تەیری شەو خوێن • مژدەبێ چونکێ لەرێبازی ئەوین
بۆ دڵی یار ناڵەیی شەوگاری بێدارانە خۆش
من لە دەنگی سوێنی ئازادەرا وا دێتە گوێم
پێم دەڵێ لەو ڕێیەدا هەر کاری سووکبارانە خۆش
کوالە بازاری جیهاندا خۆشدڵی ، بش بێ ئەگەر
دابی رەندی و خۆش و بێشی و شوێنی بێعارانە خۆش
تەرکی دنیا کردنە حافز نیشانەی خۆشدڵی
گیانەکەم پێت وانەبێ حاڵی جیهاندارانە خۆش

" ٦٧/٩/١٥ "

صوفی از پرتو می راز نهانی دانست

سۆفی بەو چۆرە مەیەی رازی نیهانی زانی
رەنگەزی کش کەسی لەو لەعلە بە جوانی زانی
حورمەتی چەپکە گوڵێ تەیری بمیان دەیزانێ
نە کەسێکی دوو پەڕی خوێند و مەعانی زانی
لە مەتاعی دوو جیهاندا دڵی دنیا دیدە م
غەیری عیشقت ئەوی دی پاکی بەفانی زانی
بە نەزەر بەرد و کڵی بۆ دەبنە لەعل وعەقیق
ئەوی قەدری نەفەس و شانی یەمانی زانی
ئەو زەمان رۆیی ئەمن گوێ‌دەمە تانەی ئەم و ئەو
چونکە دارۆغە بەهۆی عەیشی نیهانی زانی
بە تەمای دەرسی ئەوینێ لەعەقڵ فێربی؟ ٠ نەکەی
عاشق ئەو نوکتە گرینگەی بە نەزانی زانی
بادەبێنە ، کەشە ناکا بە گوڵی باغی جیها ن
هەرکەسێ هەڵمەتی زریانی خەزانی زانی
پێی موناسب نەبوو دیداری مە جارێ دڵبەر
ئەگینا حاڵی دڵ و چاوە ڕوانی زانی
حافز ئەو لیزگە دوڕ و گەوهەرە هوندوویەتەوە
لەشەپۆلی کەرەمی ئاسەفی سانی زانی

" خاکە لێوەی ٦٨ "

# شەونم

گنون که میدمد از بوستان نسیم بهشت

شنەی بەیانی کە دێنێ لەباغی بۆنی بەهەشت
ئیتر من و مەی ومەعشووق و دەشت و سەحراو گەشت
گەدا حەقی هەیە ئەورۆکە لافی شا لێدا
کە چەتری سێبەری هەورە و هەواری باغە و دەشت
چەمەن لە بانەمەڕێدا قسان دەکات و دەڵێ
چ عارفێکە نەداقەرزی نۆ بە نەغدی هەشت
دڵ ئاوەدان کە بەمەی ، ئەو جیهانە دەی بینی
بپێژی گڵتە بەخشت و بڕێژی خوێنتە بە تەشت
وەفا مەخوازە لە بێگانە چونکە شۆق نادا
لە خانەقا شەمی هەڵکەی بە مەشخەڵی زەرتەشت
بە هۆی ڕەوشتی خراپم نەچی بکەی لۆمەم
ئەمن خەتام نیە ، لەو لاوە دێ کزەی بای وەشت
نەکەی موزایقە بۆ سەر جەنازەکەی حافز
ئەگەرچی زۆرە گوناهی بەڵام دەچێتە بەهەشت

" خاکەلێوەی ٦٨ "

گل در بر و می درکف و معشوق بەکام است

گوڵ بەردەم و مەی سەردەم و مەعشووقە لەلامە
شای سەرزەوی یەم ڕۆژی وەها عەبدو غولامە
شەم ڕێ مەدە بۆ مەجلیسی بەزمی مە کە ئەوشۆ
وەك مانگی شەوی چاردەیە ئەو شۆڕە نەمامە
مەی گەرچی حەڵاڵیشە لەگەن مەزهەبی ئێمە
بێ رووی گوڵت ئەی سەروی گوڵەندام حەرامە
گوێم هەر لەوت و وێژی نەی و نەغمەیی چەنگە
هەر لێوی لەعل ڕوانگەمە ، هەر ئەومەی و جامە
عەتراوی مەکە مەجلیسی مە ، چونکە لە پەستا
بۆمان دێ لە زولفی ڕەشت ئەوبۆن و بەرامە
تاریفێ لە چێژی شەکەر و قەندی مەفەرموو
چێشتوومە لە لێوت ئەمن ئەو لەززەت و تامە
تاگەنجی غەمت لەو دڵە وێرانەیە دایە
دایم ئەمنیش کونجی خەرابات پەنامە
نەنگم چ دەڵێی ، نێوی من ئەو ڕۆکە لە نەنگە
نێوم چ دەپرسی کە ئەمن نەنگ شیامە
مەی خۆرە و مەستین و نەزەرباز و قەلەندەر
لەو شارە ئەوەی وەك مەنیە پێم بڵێ کامە
عەیبی منی مەیخۆرە بە داڕۆغە مەفەرموو
وەك ئێمە ئەویش دایمە لەدووی عەیشی مودامە

# شه‌ونم

حافز مه‌به قه‌ت بێ مه‌ی و مه‌عشووقه به‌تایبه‌ت
تاکاتی گوڵ و یاسه‌مه‌ن و جه‌ژنی سیامه

### لعل سیراب به خون تشنه لب یار منست

لێوی تێراوی بەخوێن تینووەکەی یاری منە
کە لە پاش دیتنی ئەسپاردنی گیان کاری منە

با خەجاڵەت بێ لەچاوی رەش و برژانگی درێژ
ئەوی دڵ بردنی وی دیت و لە ئینکاری منە

سارەوان روومەکە دەروازە سەری ئەو کووچە
شا شەقامێکە ئەوێ مەنزڵی دڵداری منە

نۆکەری تالیعی خۆمم لە وەفا قاتی دا
عیشقی ئەو دڵبەرە چاومەستە یە کڕیاری منە

تەبەقی عەتری گوڵ و زوڵفی گوڵا و پڕژێنی
بڕە بۆنێکی لە بۆنی گوڵی عەتتاری منە

باغەوان! وەك کزە بایەم لە گوڵت دوور مەخەوە
ئاوی ئەو باغە لە دوو دیدەیی جۆباری منە

شەربەتی قەند و گوڵاوی دەم و لێوی پێدام
چاوی مەستی کە حەکیمی دڵی بیماری منە

ئەو کەسەی حافزی فێری غەزەل و نوکتەی کرد
وت و وێژی وەکوو قەندو شەکەری یاری منە

" ٦٧/٤/١٠ "

مدتی شد کاتش سودای او درجان ماست

زۆر لەمێژە ئاوری عیشقی لە نێو گیانی مەدا
چونکە مەیلی ئەو هەمیشە لە دڵی وێرانی مەدا
گەر بە خوێناوی جگەر غەرقە گلێنەی چاوەکەم
تیشکی ڕۆژی رووی لە چاوەی سینگی ناڵانی مەدا
قەترەیێکە ئاوی ژین لای لێوی ئاڵ و شیرنی
ڕۆژ وەکوو مانگە لە حاندی مانگی تابانی مەدا
تا " نَفَخْتُ فِيهِ مِنْ روحِي " شنە وتم تێ گەییم
هی ئەوین ئێمە و ئەویش ئیمە لە ئیمانی مەدا
گش دڵێ حاڵی نیە و نازانێ ئەحواڵی ئەوین
مەحرەمی ئەوڕازە پڕمانایە لە گیانی مەدا
بەس کە واعیز باسی دین ئێمەش وەکوو تۆتێدەگەین
دینی دوو عالەم لە هاودەم بوونی جانانی مەدا
تاقیامەت حافزا شوکرانە بێژێرە کە یار
ڕۆژی ئەووەڵ هات و حازر بوو لە میوانی مەدا

شه‌ونم

مطلب طاعت و پيمان و صلاح ازمن مست

مەبە بۆ تاعەت و پەیمانێ بە هیوای منی مەست
کە بە مەیخۆرەوە ناسراوم ئەمن رۆژی ئەلەست
من لە سەرکانی ئەوین ئەو دەمی دەس نوێژم شوت
لە هەموو بوون ونەبوونێکی جیهان شوشتم دەست
بدە مەی تاکوو لە ئەسراری قەزا تێت گەیەنم
کە ئەمن عاشقی کێ بووم ولە بۆنی کێ مەست
کێو وەکوو نێوقەدی مێروولە زەعیفن لێرە
ناهومێدی کەرەمی خوامە بە ئەی بادە پەرەست
غەیری ئەو چاوە خومارانە کە دووربن لە بەلا
لە بن ئەو گومبەزە نەیکردووە کەس خۆشی هەست
گیان فیدای ئەودەمە بێ والە گوڵستانی وجوود
خاوەنی باغی جیهان جوانتری لەو خونچە نەبەست
وەك سولەیمان بوو بەهۆی دەوڵەتی عیشقت حافز
چونکە وەسڵی نەبوو لەو دەوڵەتە، بای ماوەبەدەست

" ٦٨/٨/١٨ "

# شەونم

میرمن‌خوش میروی کاندر سروپا میرمت

جوانە رەوت و رۆینت گیانە لەبەر سایەت مرم
لادەبت بینم لەبەر ئەو قەدە رەعنایەت مرم
تۆکوتووتە کەی لەبەرمن دەمری ؟ تالووکەت چیە
جوانە داخوازت لەبەر ئاوات و داوایەت مرم
شێت و شەیدای عیشقی تۆم مەیگێڕی مەحبووبم لەکوێ
ئەی لەبەر ئەولار و لەنجە و بەژن و بالایەت مرم
پێی بلێ ئاورێك ، ئەمن عومرێکە شێتی عیشقی تۆم
ئەی لەبەر ئەو چاوە مەستە و زولفە تاتایەت مرم
لێوی لەعلم تۆکوتت ، هەم دەرد ئەبەخشێ هەم دەوا
کالە بەردەرت مرم کا بۆ موداوایەت مرم
چاوی بەد دووربێ لەرووت زۆر جوانە رەوت و رۆینت
بەو خەیالەی هەم لەبەر رەوتی کەو ئاسایەت مرم
گەرچی رێی حافز لە بۆ جێژوانی وەسلی تۆنیە
جێم‌کە تابێم و لەبەر بەردەرکی بێلایەت مرم

" ٦٧/٤/٦ "

سرد کە از همە، دلبران ستانی باج

رەوایە گەر لە هەموو دڵبەران بسێنی باج
کە بۆ سەری هەموو جوانانی عالەمی وەك تاج
دوو چاوی مەستتە شێواندی مڵكی توركستان
بە چینی زولفتە ماچین و هیند داویە خەراج
لە تاری مووتەوە ، تاریَ درا بەشی شەوە زەنگ
لە نووری رووتەوە ، رۆژ نووری دابەشی بە هەراج
دڵم نەخۆشی ئەوینە قەتم شیفا نایە
لە تۆوە ژانی دڵی منئەگەر نەکا بە عیلاج
بە ئاوی خدری بە قاداوە خونچەکەی دەمی تۆ
لە قەندی لێوتەوە نەیما نەباتی میسر، رەواج
تۆ خوا لەبەر چیە دەشکێنی گیانە بەو دڵی سەنگ
دڵم ، کە ناسکە وەکوو شووشەیەك لە حاندی ساج
چ سەیرە ئەو لەشی بەفرین و نێوقەدی وەك مور
بە تاڵە موویەکی بەستووتە چەشنی قوببەی عاج
دەمت وەك ئاوی ژیانە، خەتت وەکوو خدرە
کەمەر وەکوو مووە ، قەدسەروە، سینەکەت وەك عاج
خەیاڵی تۆ لە سەری حافزا دوو ئاواتە
کە هەر گەدای دەری تۆبام وهەر بەتۆ ئاتاج

# شەونم

آن یار کزو منزل ما جای پری بود

ئەو یارە کە لەومالـی مە وەك مالّی پەری بوو
گش گیانی سەراپا لە هەموو عەیب بەری بوو
مەحبووبی من ئەو عاقلّ و زانای وەکوو مانگم
هەیبوو ئەوی خوو وخەسلّەتی خاسی بەشەری بوو
بۆ خاتری ئەو دلّ کوتی لەو شارە دەمێنم
بێچارەیە نەیزانی کە یاری سەفەری بوو
ئەستێرەیی بەدبەختی لە چنگی منی دەرکرد
چبکەم لەگەلّ ئەو دەورە کەوازوو سپەری بوو
تەنیا نە لەرازی دلّی من پەردە وەلا چوو
زووش کاری فەلەك پەردە دڕی و ئاو ڕووبەری بوو
دەم ئاو و گولّ وسەوزە گەلێ خۆش بوو لەگەلّ ئەو
نەغدێ بوو لە دەس چوو گولّی سوور تازەوەری بوو
ئەو کاتە لەمن خۆش بووژیان تا لەگەلّ ئەو بووم
باقی تری گش دەردی سەری و دەربەدەری بوو
لەو داخە ئەگەر خۆی بکوژێ حەقیەتی بولبول
گولّ کاتی بەیان هاودەمی سروەی سەحەری بوو
کەی شانی یەکن ئەی دلّ ئەتۆ سوالّکەر و ئەو شا
جوانی وەکوو تانجێك دەدرەوشا و لەسەری بوو
هەر گەنجە بەپیتێکی خودا داویە بە حافز
لەو ویردو دوعایانەیە خوێندی و لەبەری بوو

" خاکەلێوەی ٦٨ "

# شەونم

آنان کە خاك را بە نظر کیمیا کنند

ئەو تاقمەی لەگەڵ بەنەزەر کیمیا دەکەن
ئاخۆ بەلای مەدا نەزەرێکی وەها دەکەن
دەردم نهێن بێ چاکە لە ناشارەزا تەبیب
دەردی ئەوین لەپاسەی غەیبی دەوا دەکەن
چاکە و خراپە هۆنیە ئاخر بە خێرەکان
ئاکارەیان حەواڵە بە روحمی خودا دەکەن
یارێك ئەگەر نیقابی لە رووی خۆی وەلانەدا
وەسفی جەماڵی بۆ بە خەیاڵ و هەوا دەکەن
ئێستا لە پەردە دایە گەلێ فیتنە روو دەدا
ئەو دەم کەپەردە لاچوو قیامەت بەپا دەکەن
گەر لەو قسانە تاشە بناڵێ سەیر نیە
خاوەندلان حیکایەتی دڵ باش ئەدا دەکەن
نائاشنامەبە لە هەراجی ئەوینێ دا
ئەهلی نەزەر سەوایە لەگەڵ ئاشنا دەکەن
مەی نۆشی گیان کە، چونکە گوناهی لە پەردەدا
زۆر چاترە لە نوێژی ئەوانەی ریا دەکەن
ئالەو کراسە بۆنی و سوودێ لەبەر دەمم
لێم رۆشنە براگەلی خوێنی پیا دەکەن
جارێك وەرەو بەکووچەی مەیخانەدا بڕۆ
بڕوانە عاشقانی کە بۆتۆ دوعا دەکەن

شەونم

بەدزی حەسوودی بمبە رەلای خۆ ، کە چاك و پیر
خێری نهێن لەخەڵکی لەرێگەی خودا دەکەن
حافز ! هەمیشە دەستی نەداوە ویسالی یار
شایان لەکوێ ریعایەتی حاڵی گەدا دەکەن

" هاوینی ٦٩ "

آنکه رخسار ترا رنگ گل ونسرین داد

ئەوی رەنگی گوڵ و نەسرینی بە روخسارت دا
پێشی دەکرێ بڕە سەبرێ بە ئەویندارت دا
هەر ئەویشە بەکەرەم دادی من ئەستێنێ کەوا
دەرسی بێدادی بەوێ پرچی رەش وتارت دا
من هەر ئەو رۆژە لە فەرهادی بڕابوو هیوام
ئیختیاری دڵی بەو شیرنی نازارت دا
کونجی فەقرم هەیە ، گەنجم نیە ، خوایە بۆخۆت
لە قەدەر شانی بەشی سواڵکەر و خونکارت دا
بووکی دنیایە گەلێ جوانە خەت و خاڵی بەلاّم
مارەیی ئەو تەمەنی تۆیە کە بۆ مارت دا
لەوەلاهاتی من و سایەی سەروە سروە !
موژدەیی هاتنی جێژن و گوڵ و گوڵزارت دا
زامی حافز تەشەنی کردووە ئەی خواجە قەوام
بیری تۆ تیری لە جەرگ و دڵی زامارت دا

" ٦٩/٩/٨ "

اگر به باده مشکین دلم کشد شاید

دڵم بەبادەی خۆشبۆ ڕەوایە گەر ڕایە
کە بۆنی چاکە لە زوهد و ڕیایەڕا نایە
هەموو جیهان بە تەمابن هەڵەم بکەن لە ئەوین
ئەمن ئەوێستم و سوورم بە ئەمری ئەو خوایە
هومێدی فەیزی کەریمت ببێ کە خوڵقی کەریم
دەبەخشێ سووچی هەموو عاشقانی دنیایە
بە ئەو هومێدەیە دڵ سالیکە لە حەڵقەی زیکر
کە حەڵقەیەك لەسەری زولفی یاری بڕ دایە
ئەتۆ کە جوانی خودا داویەپێت و بەختەوەری
نیازی چت بەخەنە ورەنگ وئاڵ و والایە
هەواکە دڵکەشە، مەی بێ غەشە وکەشە چیمەن
ئەوێستە هەر دڵی خۆشی دەوێ کە بەم بایە
ئەگەرچی بووکی جیهان زۆر جوانە بشزانە
کە ئەو بەشەرمە ژنە مارەیی لە کەس نایە
لەسەرو ولالە وگوڵ خاڵی نابێ ئەو چەمەنە
یەکێ کە ڕۆیی یەکێکی تری لە جێگایە
لە دڵ هەواڵی سروشتم مەپرسە بیبینە
کە پێت دەڵێ وەکوو ئاوێنە هەرچی تێی دایە
بەگریەوە وتم ئەی ماهڕوو ئەرێ چ دەبێ
کەرەم بکەی بەدڵی خەستە شەکرە شیفایە

## شەونم

بەخەندەوە وتی حافز تۆخوا سزاوارە
بەماچێ بیخەیە سەرمانگی روومەتم سایە ؟ !

بتی دارم کە گرد گل ز سنبل سایبان دارد

هەسم یارێ لە دەورەی گوڵ لە سونبول سایەوانی هەس
بەهاری روومەتی شوێنێ لە خوێنی ئەرخەوانی هەس
لە دەوری روومەتی وەك رۆژی روونی نیشتووە گەردی
خودایە! ژینی هەرمانی دەیەی جوانی جیهانی هەس
لە چاوی گیان چلۆن دەرکەم کە هەر سووچێکی دەی بینم
کەمینی گرتووە وتیری لەسەر سێرەی کەوانی هەس
وەرە لەو زاڵمەی توخوا حەقم بستێنە داروٚخە
لەگەڵ خەڵکی مەی ئەخوات و لەتەك من سەرگرانی هەس
کە عاشق بووم وتم واهاتە دەستم گەوهەری مەخسوود
ئیتر نەمزانی ئەم بەحرە شەپۆلی بێ ئەمانی هەس
لە خەوفی هیجری خۆتم دڵنیاکە گەرهەتە هیوا
لە چاوی بەد ئەمینت کا خودایێکی ئەمانی هەس
لە دینی سەروی باڵاکەت دڵم! چاوم نەکەی بێبەش
لەسەر ئەو چاوە بی نێژە کە ئاوێکی رەوانی هەس
لە پاشتەرکم ئەگەر هەڵبەستی تۆخوا زووبە راوم کە
گرێ وگۆڵی هەیە رامان وبۆخوازەر زیانی هەس
بە زووتێپەڕ کەنینێکی فریوی گوڵ مەخۆ بولبول!
کە جێی باوەڕ نیە وماوەی ژیانی زووخەزانی هەس

بەگڵ دا هەڵ بپرژێنە لەمەی جورعێك و گوێ هەڵخە
لە جەمشید و لە كەیخوسرەو سەدان چیرۆكی جوانی هەس
دەمێ بەربا ئەدا زولفی لە تۆزی خاتری عاشق
بە سروەی بای بەیان ئێژێ نەكەی باسم ،زیانی هەس
چ روویداوە كە لەم دەرگایەدا شاكانی عیرفانی
دەبینم یەك بەیەك مەیلی غولامی ئاستانی هەس
چ عوزرێ بێنمەوە بۆ بەختی بەد، ئەو یاری شارشێوێن
بە تاڵی حافزی كوشت و دەمی شەككەروەشانی هەس

## ترسم که اشك در غم ما پرده درشود

ترسم هەیە لە چاوی بەفرمێسك و چاوە چاو
ئەو رازە سەربەمۆرە لە عالەم ببێتە قاو
راستە ئەگەر دەڵێن بەسەبر بەرد ئەبێتە لەعل
ئەمما ببێتە خوێن جگەر و خوێن ببێتە ئاو
بۆ مەیکەدەی دەچم بە سکاڵا و گرینەوە
تاکوو رەها ببم لە خەم و دەردی ماڵ خەرا و
تیری دوعام رەوانە لەگش لاوە کردووە
بەڵکوو یەکێ لەوانە بپێکێ هەدەف بەتاو
گیانە! هەواڵی ئێمە بە دلبەر بڵێ بەڵام
کارێکی وانەکەی کزەبا لێن بکا بڵاو
رووی من لە کیمیای کەرەمی تۆوە بووبە زێڕ
یانی بە لوتف و هیممەتی تۆ پیر ئەبێتە لاو
پێم سەیرە فیز و دەعیە و خۆگرتنی رەقیب
یاخوا کەدا نەسیبی نەبێ قەت مەقام و ناو
زۆر نوکتە هەن بەغەیری جوانی هەتا کەسێ
جوان بێتە دەر لە تەجرەبە وەك زێڕی قاڵ کراو
ئەو بورجی بەرزی کاخی ویسالی کەتۆ هەتە
زۆرن سەری سەرانی لە دەرکێ لەسەف دراو
حافز! کە ئێستە زولفی نیگارت بە دەستەوە
دەنگێ مەکە دەنا شنە دەیکاتە بەیت و باو
" ٦٩/٩/٣ "

بود آیا کە در میکدەها بگشایند

تۆ بلێی ئەو کەرەتەش دەرکە لە مەیخانە وەکەن
ئەو گرێ پووچکە لەکاری مەبە پەیمانە وەکەن
گەر لە بەر خاتری سۆفی بەدرۆ دایان خست
با لەبەر خوایەکی دا پۆشەری عەیبانە، وەکەن
هەر لە بەر خاتری سافی دڵی مەیخۆری بەیان
زۆر بووە دەرکە لەگەڵ بانگی بەیانانە وەکەن
دەرکی مەیخانە کەیان بەستووە خوایە نەیەڵێ
دەرکی ئەو کاولە ریابازی و پیلانە وەکەن
پرچی ئەو چەنگە لە تازیەی مەیی خالیس ببڕن
بارەفیقانی گرێی دڵ کە بە گریانە وەکەن
کاغەزێ بۆ سەرەخۆشی کچی رەز رەش کەنەوە
تا بە چەنگی موغەکان زولفی وەکووشانە وەکەن
لە بن ئەو خەرقەیە رۆژێکی دەبینی حافز
بێن و دەم بێنی ریا و ئەو فڕو فێڵانە وەکەن

## بر سر آنم کە گر ز دست بر آید

بەو نەزمەی هەم بە شەرتێ بەختەکە بێنێ
دەس دەمە کارێکی واکە خەم بڕە وێنێ
خەڵوەتی دڵ جێی نیە بۆ دوو دژی نامۆ
دێو ئەگەر بچێتە دەر فریشتە دەمێنێ
وەك شەوی یەلدایە وایە سوحبەتی حوکام
تیشکە لە ڕۆژێ بخوازە زووی بدە مێنێ
بەس بە چاوەڕێ لە دەرکی خاوەنی دنیا
بێتە دەر بە چەشنی مانگی نوێ لە کەلێنێ
سواڵکەری فەزڵ و هونەربە ، خەزنە وەدەس خە
لەو کەسی ڕێبوار و شارەزایە لە شوێنێ
بەرهەمی خۆیان نواند ساڵح و فاسق
ئاخۆ کێ قەبووڵ ئەبێت و خۆی دەنوێنێ
بولبولی عاشق تەمەن بخوازە کە دیسان
باغ سەوز ئەبێت و سروە گوڵ دەشەکێنێ
سەیر نیە لەو کەلاوە غەفڵەتی حافز
هەر کەسێ چۆ مەیکەدە کوا هۆشی دەمێنێ

" ٦٩/٩/٤ "

پیرانه سرم عشق جوانی بسر افتاد

بەو پیری یە کەوتۆتە سەرم عیشقی جەوانی
هەرچی لە دڵم دابوو نەما رازی نیهانی
تەیری دڵەکەی بەرزە فڕم تووشی نەزەربوو
چاوچاو بە تەڵەی کێوە بووە چونکە روانی
لەو ئاسکە سڵەی چاو ڕەش و بۆنخۆشە بە داخم
وەك نافە دڵم خوێنە لە سەر جەرگمە ژانی
ئەو بۆنە گوڵە بۆنی گڵی کووچەی تۆ بوو
هێناویە لەگەڵ خۆی کزەبای کاتی بەیانی
تاشیری لەکالانی دەرێناوە بڕۆی تۆ
ئەژماری شەهیدی نەمرت ڕەنگە نەزانی
ئەو بادە لە کوێ ساز بووکە مەیگێڕی خەرابات
تا ئێستە بە ئەو بۆن و بەرامەی نەدەزانی
نابێتە لەعل بەردە رەشە گەر دڵی تۆقێ
چونکی لە ئەسڵدا رەشە بنج و بنەوانی
زۆر تەجرەبەمان کردووە لەو کاولە کۆنە
هەر کەس دزی مەیخۆرە ، نەما نێو و نیشانی
ئاورێکی دڵ ئاگردەری تێ بەردەبێ ئاخر
ویشك و تەڕ ئەسووتێنێ نیە ئاور ئەمانی
بۆ تەیری غەزەل خوێن و زرینگێکی بە داخم
رێی لێ هەڵە بوو تووشی تەڵەی بووبە گومانی

حافز کەسەری زولفی کچان دەستی دەکێشا
وا کەوتووە ئێستا نەسەری ما ، نەزمانی

پیش از اینت بیش از این اندیشه عشاق بود

زووپتر مەیلت لەگەڵ ئەو عاشقەی موشتاقە بوو
باسی دڵداری من وتۆ قاوی ئەو ئافاقە بوو
یادی شەوگاری لەگەڵ دەم خونچەکانم بێ بەخێر
نەقڵی عیشق و یاری رووەمت وەك گوڵی مێلاقە بوو
رووی گەشی مەعشووقەکان گەرچی دڵ ودینی دەبرد
زیکری ئێمە هەر لە بابەت حوسنی ئەو ئەخلاقە بوو
سێبەری مەعشووقەگەر بکشێتە سەرعاشق چیە
من دڵم بەودا ئەویش دڵداری ئەو موشتاقە بوو
پێش ئەوەی ئەو میچە سەوزە و تاقی مینا بێنە گۆڕ
من روانگەی چاوەکانم ئەو دوو ئەبرۆ تاقە بوو
هەر لە سبحەینێی ئەزەل را تا شەوی ئاخر زەمان
دۆستی ئێمە لەسەر ئەو شەرت و ئەو میساقە بوو
بەو شەوی قەدرەی ئەگەرلێم داوەمەی مەنعم مەکە
یار بە مەستی هات و جامی مەی لەگۆشەی تاقە بوو
لێم ببوورە گەر پسا تەسبیحی زیکرم ماوەیەك
دەستم ئاوقای پووزی ئەو مەیگێڕە بەفرین ساقە بوو
دیم لە دەرکی شاگەدایەك نوکتەیێکی جوانی گوت
من لە سەر هەرخوان کە بووم ، رازق هەر ئەورەزاقە بوو
شێعرەکەی حافز لە جەننەتدا زەمانی بابەدەم
بۆ گوڵ و نەسرین گەشەی ئەو دەفتەر و ئەوراقە بوو

شەونم

حافظ خلوت نشین دوش به میخانــــه شـــد

حافزەکەی گۆشەگر دوێکە لە مەیخانــــە بـــوو
وازی لە پەیمان نەما ئۆگری پەیمانــە بـــوو
دۆستی دەمی لاوەتی هاتە خەوی دوێ شـــەوێ
بۆیە بەپیری سەری عاشق و دێوانــە بـــوو
رێگری دین و دڵان بەچکە فەلێـــک رادە بـــرد
بوو بەرەفیقی ئەو و زوولــە مــە بێگانــە بـــوو
بولبولی سووتاند ئەگەر ئاگری روخساری گـوڵ
رووی گەش و روونی شەمیـش ئافەتی پەروانـە بـوو
سۆفی یەشێتــەی کەوا جام و پیاڵەی شکانـد
دوێکـە بەیەك چۆڕە مەی عاقڵ و فەرزانـە بـوو
شینی بەیان و شەوم زایە نەبوو خــوا شوکـر
قەترەیی ئەشکم بەهای گەوهەری یەکدانـە بـوو
ساقیە چاو مەستەکەم ئایەتی سیحرێکی خوێند
مەجلیسی ختم و وەعز گشتی بەئەفسانـە بـوو
مەنزڵی حافز کەوا بوو بـە سەرای بـەزمـی شــا
گیان و دڵیشی لە لای دڵبەری تاقانـە بـــوو

دانی کە چنگ و عود چە تقریر می کنند

ئەو چەنگ و عوودە حاڵی ئەبی چی بەیان ئەکەن
بادەی نهێن بخۆنەوە تەنبێی عەیان ئەکەن
شەوقی ئەوین و زەوقی ئەویندارى نایەڵن
لۆمەی جەوان و سەرزەنشی پیرەکان ئەکەن
دەشڵێن مەڵێ و مەبیسە لە رەمزی ئەوین هەوا ڵ
چاو لەو حیکایەتەی کە چلۆنی گران ئەکەن
ئێمەی لە پشتی پەردەوە سەد جار فریو دراو
ئاخۆ لە ژووری پەردەوە بیری چمان ئەکەن
دیسان ملۆزمی پیرەکەیانن مریدەکان
بڕوانە سالیکان چ لە پیری موغان ئەکەن
سەد ئابڕوو بە نیو نەزەر ئاسانە سەندنی
جوانان گەر ئەو موعامەلە ناکەن زیان ئەکەن
هێندێک دەڵێن بە هەوڵە گەیشتن بەوەسڵی یار
هێندێک شکایەتێ لە گەڕی ئاسمان ئەکەن
ئەمما ئەتۆ بەقا بە دەوامی زەمان مەکە
گۆڕینی ئەو مەکینەی گۆڕین بە ئان ئەکەن
ئاکامی کاریان دڵی تاریکە ، ئێستە کەش
ئیکسیری بەو خەیاڵی عەبەسیان قەپان ئەکەن
مەی لێدە شێخ و حافز و موفتی و گزیری شار
تێ فکری هەر بە فێڵ و درۆیان ژیان ئەکەن

در نمازم خم ابروی تو بیا یاد آمد

من لە نوێژا بووکەیم تاقی برۆت بەرچاوە
حاڵەتێ گرتمی میحرابەکە دەنگی داوە
لەمن ئێستا بە تەمای سەبر و دڵ و هۆشێ مەبە
ئەو سروشتی کە ئەتۆ دیوتە ئیتر نەماوە
مەلی باغ و چەمەنێ مەستن و بادەش روونە
کاتی دڵداری یە ئاواتی دڵان بووژاوە
روو بەرەو خۆشی دەبینم لەوە بەولاوە جیهان
بۆنی خۆشی گوڵی هێنا کزە با لەولاوە
وەرە ئەی بووکی هونەر بەس کە شکایەت لەبەخت
هۆدەیی جوانی بڕازێنەوە زاوا لاوە
خۆ دەڕازێننەوە بووکانی بەهاری گشتی
دڵبەری ئێمەیە ، خۆجوان و خودا پێداوە
داری بەر گشتی لە ژێر باری عەلاقەی دنیان
خۆشی بۆ سەروە کە ئازاد و لەخەم رەخساوە
لە وتەی حافزی شێعرێکی وەخوێنە موتریب
تا بڵێم باوە ! نەشەی دەوری جوانیم ماوە

دوش درحلقەء ما قصە گیسوی توبود

دوێ شەوێ نەقڵی مە پرچی رەش و لوولووی تۆ بوو
مووبە مووی باسەکە تانیوەشەوێ مووی تۆ بوو
دڵ بەتیری موژەکەت گەرچی لە خوێندا گەوزی
ئێستە هەرچاوی لەتیر خستنی زوو زووی تۆ بوو
خوا ببووریێ لە سەبا بۆی گوڵی رووی تۆی هێنا
ئەگینا کێ خەبەری لەو گوڵی ون بووی تۆ بوو
لە شەڕو شۆری ئەوینێ خەبەرێکی نەبوو کەس
گڕی ئەو ئاورە لە رەوتی وەکوو ئاهووی تۆ بوو
ماوەیەك بوو ئەمن ئارام و سڵامەت دەژیام
داوی رێی تەیری دڵم پەرچەمی هیندووی تۆ بوو
وەکە بەندی یەخە، تاوەکرێ دڵی من کە بە دڵ
ئۆگری سینگ و بەرۆکی وەبەهەشت چووی تۆ بوو
تۆو وەفات لادە لەسەر مەرقەدی حافز کەڕەتێك
چونکە ئاواتی دڵی دینی چەلێك رووی تۆ بوو

" ٦٧/١٠/٢١ "

### دل از من برد و روی از من نهان کرد

دڵی بردم بەناز و تەرکی مەی کرد
ئەتۆ خوا کێ لەگەڵ کێ ئەوگەمەی کرد
لەتەنیایی وەگیان هاتم بەمیانی
بژی یادی بە لوتفێکی بەمەی کرد
وەکوو لالەی دڵم با پڕ لەخوێن بێ
لەدەس چاوی ، بەزوڵمێکی لەمەی کرد
شەماڵ ئەی چارەسازم بێنە بۆنی
گوڵم ، دڵ ئارەزووی ئەو گوڵ دەمەی کرد
وەها سووتاندمی وەك شەم ، کە بۆ من
دەفر گریا و دەف و نەی زەمزەمەی کرد
لەکوێ بیلێم کەپاش زامی جەرگ بڕ
حەکیم بۆکوشتنم قەستی قەمەی کرد
لە نێو یاران چ دەتوانم وەگێڕم
کەیاری من ئەوەی فەرموو ئەمەی کرد
کەوان ئەبرۆ جەفای دوژمن نەکردووی
لەگەڵ حافز بەتیری ئەوچەمەی کرد

" ٦٩/٩/١٠ "

# شەونم

دوش وقت سحر از غصە نجاتم دادند

شەوەکی لەو خەمی بووم بەرگی نەجاتیان دامێ
چاخی تاریکە شەوێ ئاوی حەیاتیان دامێ
کاسی پڕشنگ وگڕی روونی و جوونیان کردم
مەی لەکاسێکی شەبەقداری سیفاتیان دامێ
چ بەیانێکی مبارەك چ شەوێکی پیرۆز
ئەو شەوی قەدرە کەوا تازەبەراتیان دامێ
هاتف ئەورۆژە کە مزگێنی ویسالی پێدام
لەبری دەرد و خەفەت ، سەبر و سەباتیان دامێ
لەوەبەدوامن و ئاوێنەیی تاریفی جەماڵ
کە لەوێ دا خەبەری دیتنی زاتیان دامێ
هیچ عەجایب نیە گەر کامڕەوا و دڵخۆشم
پێم دەشا خێر و ئەوانیش بەزەکاتیان دامێ
ئەو هەموو نوقڵ و نەباتەی لەقیەم هەڵدەڕژێ
حەقی سەبرێکە کەلەو شاخی نەباتیان دامێ
هیممەتی حافز و ئاهی سەحەری چاکان بوو
لەبری بەندی خەمی ، بەرگی نەجاتیان دامێ

" ٦٧/٣/٣٠ "

# شەونم

دوش دیدم که ملایک در میخانه زدند

دوێ شەوێ دیم کە مەلایك لەدەری مەیخانە
قوڕی باب ئادەمیان دا لە دڵی پەیمانە
بەحەیا و شەرمی سەراپەردەنشینی مەلەکووت
بوونە هاوڕێی من و هاوبەش لە مەیی مەستانە
عاسمان باری سپاردەی نەتوانیبوو کەچی
قورعە هێنایە دەرێ نێوی منی دێوانە
خوا شوکر ئاشتی لە بەینی من و ئەودا روویدا
سۆفی رەخسین و مەیان خواردەوە لەو شوکرانە
چۆن کڵاو نەچتە سەری ئێمە بەسەد خەرمان شك
با بەدەم هەڵخەڵەتا کاتێ بەهۆی یەکدانە
شەڕی حەفتاودوو میللەت هەڵەبوو گوێ مەدەیە
بە حەقیقەت نەگەین کەوتنە نێو ئەفسانە
ئەوە ئاورنیە واشەم بەگڕی پێ بکەنێ
بەڵکە ئاور ئەوەیە بەسەربێ لەکۆی پەروانە
لای نەدا پەردە لەرووی نوکتە چ کەس وەك حافز
لە وەتی بووکی غەزەل داویە لە زولفی شانە

" ٢٠/٨/٦٧ "



## شەوئم

سالها دل طلب جام جم ازما می‌کرد

دڵ کە غەیری لەمە جامی جەمی داوا نەدەکرد
هەر لە لای خۆی بوو تەمەنناشی لە بێگانە دەکرد
گەوهەرێکی لە سەرووی عالەمی بوون بوو، داوای
لە بەرەی نابەڵەدی ئەوبەری بەحرانە دەکرد
دوێ شەوێ بردمە لای پیری موغان موشکلی خۆم
کە گرێ و کۆڵی گرانی بە پەڕە و شانە دەکرد
دیم بە خەندە و نەشەوە، دەس بە پیاڵەی مەیەوە
چاوی لەو جامی مەیە و حیکمەتی جانانە دەکرد
وتم ئەو جامە جیهان بینە حەکیم کەی پێی دای
وتی ئەودەم دەسی بەو گومبەز و هەیوانە دەکرد
وتی ئەو یارە کە لەوڕایە، بڵێندی سەری دار
ئەوە بوو سووچی، دەسی بەو قسە بەرزانە دەکرد
عاشقێ بوو کە لە هەرجێ یەکی با، خوای لێ بوو
چونکە نەی دیتبوو هاواری نەدیوانە دەکرد
فێڵی عەقڵێ لە ئەوین وەك کەڵەکی سامیریە
دەست و دار دەستی کەلیم‌گشتی بە ئەفسانە دەکرد
ئەو چەلیش رووحی قودوس ئاوڕی بەخێر داباوە
خەڵکی دیکەش هەموو کارێکی مەسیحانە دەکرد
وتم ئەو پەرچەمی زنجیری بوتان بۆ چ دەبێ
وتی حافز گلەیی لەو دڵی دێوانە دەکرد

## سحرم دولت بیدار بە بالین آمد

شەوەكی قاسیدی بەختم بە چ تەمكینێ هات
وتی هەستە لە خەوێ خوسرەوی شیرینێ هات
لێدە جامی مەی و سەرخۆش بە بڕۆ سەیرانێ
یاری زێڕین كەمەرت وەك گوڵی پەرژینێ هات
وەرە موژدەم دەیە ئەی گۆشەگری گەنجی و تار
مامزی خۆش خەت و خاڵی خوتەن و چینێ هات
چاوی گریانە گەشی كردەوە رووی سووتاوان
جەرگی بریانە بەهانای دڵی مسكینێ هات
تێكە مەی ساقی مەخۆ چیدی خەمی دوژمن و دۆست
چونكە رۆیی ئەو ئەم وەك سەرەتای ژینێ هات
لە حەوا چەندە بەناز دێ و دەچی و تەقڵە دەكەی
كۆترە باریكە هەڵێ هەڵمەتی شاهینێ هات
بێ وەفایی خولی دەورانی كەدی هەوری بەهار
كوڵی گریانی لە بۆ سونبول و نەسرینێ هات
شنەبا كاتێ لە بولبوڵ غەزەلی حافزی بیست
بە بزە و نازەوە بۆ سەیری رەیاحینێ هات

" ٦٧/٦/٢٣ "

# شەونم

سرو چمان من چرا میل چمن نمی کند

شلکه نەمامی من لەبۆ مەیلی بەلای چەمەن نیە
بۆ نیە هاو نشینی گوڵ هۆشی لە لای سەمەن نیە

تا سەرەڕۆ دڵی خولم گیروتە چینی زولفی ئەو
لەو سەفەری درێژی دا بیری لەلای وەتەن نیە

دڵ بە هومێدی وەسڵی تۆ تێرە لە هاو دەمی گیان
گیان بە خەیاڵی دیتنت مەیلی وەلای بەدەن نیە

دڵ بە خەمی بروّی کەوان زامە خەمی تەشەنیە،ئەو
گۆشە کەوانی بادەدا گوێی لەخەمی تەشەن نیە

دوێ گلەییم لە پەرچەمی کرد و بە داخەوە گوتی
تورکە سیا پەپاغەکەم گوێی لەمن و لە سەن نیە

زولفی وەنەوشەکان دەمێ تێك دەشکێن بەبای سەبا
ئاخ کە دڵم لە بیری ئەو یاری بەڵێن شکەن نیە

یاری بەلەك بلووری من خڵتە بدا لەباتی روو ن
کێ یە بەدەن نەکا بەدەم ، کێ یە لەشی لەگەن نیە

بۆنی گوڵان لە سروە دێ ئاتەگی پاکی تۆ چلۆن
خاکی وەنەوشە زارەکەی میشکی خەتاو خوتەن نیە

گاڵتە بە ئابڕووم مەکە لوتفی هەور ئەگەر لەگەڵ
ئاوی دوو چاوی من نەبێ شوێن لە دوڕی عەدەن نیە

کوشتەیی ناز و غەمزەتە حافزی گوێ نەگر لە پەند
تیغە شیاوی ئەو کەسەی گوێی لە قسەی پەسەن نیە

## عکس روی تو کە درآینە جام افتاد

وێنەکەی تۆ کە لەنێو دەفری مەیا بەرچاو بوو
بەبزەی ئەو مەیە شێخ تووشی خەیاڵی خاو بوو
خۆی بەئاوێنە نیشاندا کەرەتێ رووی جوانت
نەخشی ئەو وێنە لەخەرمانی دڵان لافاو بوو
وەکوو پەرگاری وەدووی سووڕی زەمان چۆن نەکەوێ
هەرکەسێ لەو خڕ ولاشیوی ژیان بەرتاو بوو
ئەو زەمان رۆیی کەبم بینیەوە لەوسەومیعەدا
کاری من چونکە بەساقی و مەی وەمەستی چاو بوو
وەکوو شێری بەسەما راکە بەرەو شیری خەمی
چونکە لەو مەعرەکە هەر کوشتەیی ئەوخۆشناوبوو
من بەخۆم نەبووە لە مزگەوتەوە بۆمەیکەدەچووم
هەر لە رۆژی هەوەڵێ ڕا بەشی من پاڵاو بوو
غیرەتی عیشق زمانی هەموو خاسانی بڕی
کە چلۆن رازی خەمی کەوتە زمان وقاو بوو
دڵبەرم بۆ دڵی من هەردەمە لوتفێکی هەیە
تەمەشا ئەمنی گەدا چەندە خودا پێداو بوو
دڵ لەچاڵی چەنەوە رووی لەقەفی زولفت کرد
ئاخ کە لەو چاڵەوە دەرکەوتووە تووشی داو بوو
سۆفیان گشتی نەزەرباز و حەریفن ئەمما
لێرە هەر حافزی بیچارەیە وا بەدناو بوو

غلام نرگس مست تو تاجداراننـد

غولامی دەیدەیی مەستت لە تاجدارانن
خوماری بادەیی لێوت لە هۆشیارانن
وەکوو سەبا لە وەنەوشان گوزەرکە بی بینە
لە تاوی زولفی رەشت پاکی تازیەدارانن
لە تۆ نەسیم و لە من ئاوی چاوی بوونە فزوول
دەنا دوو عاشق و مەعشووقە رازدارانن
نە هەر منم کە لە بۆ رووی گوڵت غەزەلخوێنم
بوێژی تۆ لە هەموو لایەکی هەزارانن
لە ژێر دوو زولفەوە بڕوانە کاتێ رادەبری
دەبینی لای چەپ و راستت چ بێ قەرارانن
کڵابە سۆفی ! بەهەشتی بەرین نەسیبی مەیە
کە پێ شیاوی کەرەم هەر گوناهکارانن
بڕۆرە مەیکەدە و بێرە دەر بە روو سووری
مە چۆرە سەومیعە بنکەی دژو نەیارانن
ئەتۆ دەسم بە کەرەم بگرە خدری پێ پیرۆز
ئەمن پیادەم و هاوڕێیەکان سوارانن
خودا لە زولفی بەتاوی رەهانەکا حافز
کە بەندیانی کەمەندت لە بەختیارانن

" ٦٩/٩/١٢ "

شه‌ونم

گر من از باغ تو یک میوه بچینم چه‌شود

من له‌باغت به‌ته‌مای میوه چنینم چ دەبێ
پێشی پێی خۆم به چرای تۆوه ببینم چ دەبێ
گەر له‌بن سێبەری ئەو سەروه بڵیندەی خوایه
وەحەسێنم لەشی سووتاو و بەتینم چ دەبێ
ئەرێ ئەی خاتەمەکەی قامکی جەمی شوێن پیرۆز
گەر بخەی وێنه لەسەر نەخشی نگینم چ دەبێ
واله ماڵ چۆتەدەرێ عەقڵم ، ئەگەر مەی ئەومیە
لەوە پێش دیومە لەنێو مەنزڵی دینم چ دەبێ
زاهیدی شاری ئەوا مەیلی بەشاو شەحنه هەیه
من ئەگەر بێت و نیگارێکی وەبینم چ دەبێ
تەمەنم رۆیی بەخۆڕایی بە مەعشووقە و مەی
چم بەسەردێ لەهەوەڵیان ، دووەمینم چ دەبێ
خواجه پێی زانی کەمن عاشقم و هیچی نەگوت
حافزیش بێت و بزانێ بە ئەوینم چ دەبێ

" ٦٧/٣/٣١ "

## مژده ای دل كه مسيحا نفسى مى آيد

دڵە موژدەم دەیە بۆ هاتنی عیسا نەفەسێ
کەلەبۆنی نەفەسی خۆشیەوەدێ بۆنی کەسێ

خەمی هیجرانی مەخۆ، چونکە روانیمە کتێب
وای نیشان داوە کە دێ بەوزووە فریاد رەسێ

لەگرِی وادیی ئەیمەن نەهەر ئەمنم دڵخۆش
چۆتە وێ حەزرەتی مووسا بەهومێدی قەبەسێ

هیچ کەسێ لەو گەرِەکی تۆ نیە کارێکی نەبێ
هەر کەسێ نەیگەرەکە بێتە ئەوێ ناخەلەسێ

کەس نیە مەنزڵی مەعشووقە بزانێ کوێیە
هەر ئەوەندەی هەیە دێ چەلچەلە دەنگی جەرەسێ

تێکە مەی چونکە لە مەیخانەیی خاوەن کەرەمان
هەر غەریبێکی کە دێ هاتووە تاوێ وەحەسێ

یار ئەگەر مەیلی بە پرسینە لە بیماری خەمی
بلێ زوو بیگەیە تاماوە لەتەنیا نەفەسێ

خەبەری بولبولی ئەو باغە بپرسن کە ئەمن
گوێم لە ناڵێکی هەیە دێ لە ئەسیری قەفەسێ

قەسدی راوی دڵی حافزیە نیگارم یاران
سەیری ئەو بازە لە راوکردنی مێش وەمەگەسێ

" ٦٧/٩/٢٥ "

نسبت رويت اگر با ماه و پروين كرده‌اند

وەسفی ، رووی تۆیان ئەگەر وەك مانگ و پەروین کردوو ە
سوورەتی چاو پێ نەکەوتوویان بە تەخمین کردوو ە
کورتە چیرۆکە لە چاو عیشقی هەراسازێنی مە
هەر نەزیلێکیان لە دەم فەرهاد و شیرین کردووە
تێکە مەی ساقی لەگەڵ حوکمی ئەزەل هیچ ناکرێ
قابیلی گۆڕان نیە چۆنێکی دابین کردوو ە
رووەکە کاسەی گڵی رەندان بە چاوی سووکەوە
چونکە زۆریان خزمەتی جامی جیهان بین کردوو ە
خاکی کووچەی دڵبەران بۆنێکی گیان بەخشی هەیە
عارفان خۆیان لەوێ بێن خۆش و خۆشبین کردوو ە
شێتی وەك من چۆن دەبێ بگرێتە باوەش ساقیا
کیژی رەز ،کاتێ عەقڵیان پێوە کابین کردوو ە
خاکیان بێ بەش کراون لەو شەڕابی مەعنەو ی
چاو چ زوڵمێکیان لە دڵدارانی مسکین کردووە
باڵی داڵ و قەل شیاوی راو وراگرتن نیە
ئەو کەرە میانە لەگەڵ شاباز و شاهین کردووە
هەرچی برژانگی درێژ و سیحر و جادوو کردیان
ئەو هەموویانی بە زولف و خاڵی مشکین کردووە
شەکرە ماچێ بوو بەراتی ئێمە لێوت پێی نەدا م
خۆت و ئینسافت چیە تەخسیری مە ،چین کردوو ە

شۆخەکان بەو شاوری سووری گوڵی روخسارەوە
شێخەکانیان شەرمەزاری، لای دڵ و دین کردووە
شێعرەکانی حافزی گشتی سەنای ئیحسانی تۆن
هەرکەسیش بیستوویەتی سەد جاری تەحسین کردووە

" ٦٧/٧/١٠ "

شەونم

نفس باد صبا مشك فشان خواهد شد

لەشنەی کاتی بەیان بۆنی گوڵان دێ دیسان
پیر جحێڵ دەبنەوە پێی ، رووحی رەوان دێ دیسان
سونبول و سوێسنەکەم شاد و شوکر دەستەملان
نەرگسم بۆگوڵی سوور چاوەڕوان دێ دیسان
لەو هەموو زوڵمە کە دیتوویە لە هیجران بولبول
تاکوو نێو باغی گوڵان هەر بە رووان دێ دیسان
گەر لە مزگەوتەوە بۆ مەیکەدە چووم ، مەیکە بەعەیب
لەو هەمووەعزمیە ئینسان وە ئەمان دێ دیسان
کەیفی ئەورۆ گوڵەکەم بۆ دەمەیە سبەینێ
زامنت کێ یە کە پێت وایە زەمان دێ دیسان
مانگی شابانێ مەدە مۆڵەتی مەی ، ئەو جامە
لێت وەنە تا شەوی جێژنی رەمەزان دێ دیسان
هاو دەمی گوڵ بە ، لە دەستی مەدە ئەوکات وەهەلە
دێتە باغ و بە پەلە روو بە نەمان دێ دیسان
وەرە تا مەجلیسی خۆمانیە تێی هەڵکە بە دەنگ
بەسە ئەو باسە فلان رۆیی فلان دێ دیسان
هاتنی حافزی بۆ خاتری تۆ بوو ، دەڕوا
وەرە بت بینێ هەتا وەرگری گیان دێ دیسان

" ٦٧/١١/٢٠ "

# شەونم

واعظان کاین جلوه درمحراب ومنبر می کنند

واعیز ئەو کارەی لە نێو میحراب و مینبەردا دەکەن
کاتی تەنیایی لە خەڵوەت غەیری کاری وا دەکەن
بۆم لە زانای مەجلیسێ پرسە ئەو ئیشکالەی هەمە
تۆبە دادەر بۆچی بۆ خۆیان لە تۆبەی ڕادەکەن
ڕەنگە باوەڕیان نەبێ خۆیان بە ڕۆژی ئاخرەت
وا فرو فێڵێ لەکاری حەق تەعالادا دەکەن
خوایە پێ دا کەوتووان سواری کەری خۆیان کەوە
چون بە ماڵ و مڵکی دنیا و ئەسپ و ئێستر بادەکەن
دەرکی مەیخانەی ئەوینە ئەی مەلەك زیکرێ بکە
چون قوڕی شێلاوی بابادەم لەوێ ئیحیا دەکەن
جوانیە بێ ئەندازەکەی چەندەی دەکووژێ عاشقان
عیشقی غەیبی دێن و بۆچینێکی دی جێ چا دەکەن
من غولامی پیری مەیخانەم کە رووتی دەرکی ئەو
هێندە تێر و بێ نیازن گڵ بەسەر گەنجا دەکەن
ئەی فەقیری خانەقا ، هەستە،لەنێو دەیری موغان
دەتدەنێ ئاوێ کە بەو ئاوەی دڵان ئاوا دەکەن
لای بەیان دەنگێ لە لای عەرشێوە دێ عەقڵم کوتی
پەری یەکان پێم وایە شێعری حافزی نجوا دەکەن

" ٢٥ / ٨ / ٦٧ "

هرکه شد محرم دل در حرم یار بماند

هەرکەسێ مەحرەمی دڵ بوو لە حەرەمخانەی، ما
لێ نەزانی دژی ئەو حورمەتە بۆتانەی، ما
گەر لە پەردەی دڵی من هاتە دەرێ عەیبی مەڵێ
خوا شوکر ئەو شك و دوو دڵیە کە هەیبوونەی ما
خەرقەیێکم هەبوو سەد عەیبی منی پۆشیبوو
نامە رەهنی مەی و بەد نێوی نەبێ لەش نەی ما
سۆفیان خەرقەکەیان لەگرەوی مەی هێنا دەر
خەرقەکەی من بەتەنێ لە گرەوی مەیخانەی، ما
لە قسە و باسی ئەوینم نەدی خۆشتر دەنگێ
بیرەوەرییێکی کەلەو خێوەتە بەرپانەی، ما
بۆتە شێخ لێم و لە بیری چوو، چ بوو دارۆغە
هەر قسەی ئێمەیە لەو کووچە و کۆڵانەی، ما
جگە لە دڵم کە ئەویندارە هەوەڵ تا ئاخر
نەشنەوتم کەسی دی بەو سفەتە جوانەی ما
هەر شەرابێکی کە لەو دەستە بلوورینەم سەند
بوو بە ئەسرین و لە سەر دیدە، تەم و تانەی، ما
نەخشی چین والە جەماڵت سەری لێ سوڕمابوو
شوێنەوارێکی لە دیوارو لە گوێ سوانەی، ما
خۆی نەخۆش کردبوو نێرگس کە لە گوێن چاوت بێ
بە مرادی نەگەیی حاڵی نەخۆشانەی، ما

رۆیی بۆ دیتنی زولفت دڵی حافز رۆژ ێ
ئیدی هەرگیز نەگەڕاوە ولەبری شانەی ما

" هاوینی ٦٩ "

یاد باد آنکه سرکوی توام منزل بود

خۆزگە بەو دەم کە سەری کووچەی تۆم مەنزڵ بوو
کلی چاوم لە گڵی دەرکی دەرت حاسڵ بوو
چونکە وەك سوێسن وگوڵ پابوو زمان و دڵمان
قسەمان یەك بوو ئەگەرچی بە زمان و دڵ بوو
کاتێ گێڕایەوە دڵ ، نەقڵی مەعانی لە عەقڵ
عیشق شی کردەوە بۆی هەرچی کەوا موشکڵ بوو
لە دڵم دابوو کە قەت، راینەبوێرم بێ دۆست
داخەکەم هەوڵ و تەقەللای من و دڵ باتڵ بوو
چوومە مەیخانە شەوێ دیکە بەیادی یاران
خوم دڵی پڕ بوو لە خوێن چونکە لەئەسڵاگڵ بوو
هەرچی پرسیم و گەڕام بۆ سەبەبی ئێشی فیراق
کامە کاملترە لەو بارەوە ناکامڵ بوو
دەوری پیرۆزە نەقیم دەوڵەتی بوو ئیسحاقی
جوان درەوشین وپەلەی ،چەشنی مەلی سەرچڵ بوو
وای چ غەدرێك وپەژارێکی دەبینم لێرە
ئای لەوێ نیعمەت وخۆشی چ بە تین و کوڵ بوو
ئەو بەناز رۆین و قاقای کەوەکەت دی حافز
لە هەڵۆ هەڵمەت و شاهۆ لە پەنا خافڵ بوو ؟

" ٦٧/٤/١١ "

## یـارم چـو قدح بەدست گیرد

ئەو یـاری پیالە مەی بـە دەستـە
بـازاڕی گـوڵـی بـەلاوە پەستـە
هەرکـەس کەببینێ چـاوی ئێـژێ
دارۆخـە لـەکـوێیـە ئەو هەمەستـە
کـەوتـوومـە بەحر بە چەشنـی مـاسـی
گیرانـی بـە تـۆڕی ویم مەبەستـە
کـەوتـوومـەتـە پـای و چـاوە نـۆڕم
دەستـم بگـرێت و بێژێ هـەستـە
خـۆزگـەم بـە دڵێکـی چەشنـی حافز
سـەرخـۆشـی جـەمێك مەیـی ئەلەستە

یاری اندر کس نمی بینیم یاران راچه‌شد ؟

یاری نابینم لە کەسدا هۆزی یاران چوونە کوێ
دابی دۆستی کەی تەواو بو و دۆستی جاران چوونەکوێ
خدری پێ پیرۆز لە کوێیە بۆچی لێڵە ئاوی ژین
رەنگی گوڵ وەك خۆی نەماوە بای بەهاران چوونەکوێ
هیچ کەسێ نالێ کە یارێ حەققی دۆستی دامەوە
لەو وەفادارانە چی قەوماوە یاران چوونە کوێ
کەوتووە لەو نێوە گۆی تەوفیق و سەرکەوتن ئەدی
روو لە مەیدان بۆچی کەس ناکا سواران چوونە کوێ
سەت هەزاران گوڵ دەپشکوون و لە بولبول نایە دەنگ
بۆ جریوەی نایە مەل پۆلی هەزاران چوونە کوێ
رەنگە زوهرەش عوودی سووتابێ چریکەی نایە چاك
زەوقی مەستی بۆ نەماوە، مەیگوساران چوونە کوێ
ئێرە خاکی شاریار و میهرەبانان بوو سەرێك
میهرەبانی کەی بەسەرچوو، شاریاران چوونە کوێ
کانی ئینساف زۆر لە مێژە لەعلی لێ هەڵناقوڵێ
تاو و تینی خۆر و پیتی باو باران چوونە کوێ
حافز ئەسرارێ خودا نازانێ کەس دەنگێ مەتە
کێ هەیە لێی پرسی دەوری رۆژگاران چوونە کوێ

" ٦٧/٦/١٠ "

## الا ای طوطی گویای اسرار

ئەیٚ تووتی وت و وێژ پڕ لە ئەسرار
لە شیرینیت نەبێ خاڵی دەم و زار
سەرت سەوز و دڵت خۆش بێ هەمیشە
کە جوانت گرتووە وێنەی خەتی یار
لەگەڵ غەیرەت نهێنی بوو وت و وێژ
ئەتۆ خوا ئەو نهێنییەی بێنە رووکار
لە دەفری مەی گوڵاو پرژێن کە روومان
خەواڵووین تا ببینین سوورەتی یار
چبوو ئەو بەندە موتریب دەستی پێکرد
کەوا وەك یەك دەرەخسن مەست و وشیار
بە دەرمانێکی وا ساقی لەمەی کرد
سەرو مێزەر لە مەیخۆاران دەبێ لار
بە ئەسکەندەر نەیاندا ئاوی ژینێ
بە زێڕ و زۆر نیە مومکین نەبێ کار
عەقڵ گەرچی بەهای گش کایناتە
نیە هیچ بایەخێکی لای ئەویندار
وەرە و حاڵی دڵی عاشق ببیسە
بە لەغزێکی کەم و مانای بە خەلوار
بوتی چینی دژی دینمانە خوایە
ئەمینمان کەی لە دەس ئەیتان و ئۆفار

## شەونم

بە سۆفیلکان مەڵێ ئەسراری مەستی
لەگیاندار حاڵی نابێ نەخشی دیوار
لە سایەی دەوڵەتی مەنسوورە حافز
کەوا بۆی بۆتە ئاڵا شێعری ئاودار

" ٦٩/٩/٥ "

نصیحتی کنمت بشنو و بهانه مگیر

نه‌سیحه‌تێکت ئه‌که‌م بی‌بیه و نه‌که‌ی بۆڵه
له‌گوێ گره،له‌نه‌سیحه‌ت گه‌رت، قسان رۆڵه
بچێژه تامی جوانی له داخی عاله‌می پیر
که دایمه لێت له‌که‌مین دایه مه‌کری ئه‌و زۆڵه
به‌ده‌نکه جۆیه که لای عاشقان مه‌تاعی جیهان
چ بێ به‌ها وکه‌مه ئه‌م، قه‌دری ئه‌و چه‌نێ بۆڵه
به ده‌نگی ساز ونه‌ی وهاو ده‌مێکی پێ ویستم
که‌ده‌ربڕم خه‌می دڵ له‌و چیاو خڕ و دۆڵه
ته‌مامه چیدی گوناهێ نه‌که‌م نه‌خۆمه‌وه مه‌ی
به‌ڵام له‌حاندی قه‌زا نووکی مه‌شوه‌رت کۆڵه
له مه‌ی خواردنه‌وه سه‌د چه‌ل کوتم ده‌که‌م تۆبه
به‌ڵام به‌عیشوه‌یه مه‌یگێڕی شۆخ و شه‌نگۆڵه
شه‌رابی کۆنی دووساڵه وکچی دوو حه‌و ساڵه
که‌هه‌مه به‌سه‌مه سه‌غیر وکه‌بیری دووقۆڵه
له به‌ش به‌شی ئه‌زه‌لیدا له‌وێ نه‌بووی که‌کرا
ئه‌گه‌ر برێکی به‌مه‌یلت نه‌بوو نه‌که‌ی بۆڵه
ده‌فر له‌مێشك وله‌مه‌ی پڕکه ساقی وه‌ك لاله
بڕێژه چه‌شنی گوڵم خاڵی سینگ و مه‌مکۆڵه
له‌پێش دڵی ره‌وه‌که‌م ئێمه کێ‌یه رێ ده‌گرێ
برۆ بپرسه له‌مه‌جنوونی وێڵی ئه‌و چۆڵه

قسان لەتۆبە لەوێ بەزمە دا، نەکەی حافز !
برۆکەوان بە مژوڵان دەسێننەوە تۆڵە

" ٦٩/٨/٥ "

# شەونم

يوسف گم گشته باز آيد بەكنعان غم مخور

يۆسفی ون بوو هەمیسان دێتە کەنعان خەم مەخۆ
خانی خەم ڕۆژێ دەبینی وەك گوڵستان خەم مەخۆ
ئەو دڵە غەمگینە حاڵی چادەبێ دوو دڵ مەبە
ئەو سەرە سەوداییە دێ ڕوو بە سامان خەم مەخۆ
گەر تەمەن یاری بکا ساڵێکی دی فەسڵی بەهار
گوڵ دەبێتە سایەوانت بولبولی جوان! خەم مەخۆ
تۆکە ڕازی غەیبی نازانی هومێدێ بەرمەدە
پشتی پەردەی لێ یەتی چاکی نیازان خەم مەخۆ
سووڕی دنیایە ئەگەر دوو ڕۆژ بەکەیفی تۆ نەبوو
کەیف و خۆشی دێنەوە وەك جاری جاران خەم مەخۆ
گەر بە عیشقی دیتنی بەیتێ بەڕێوەی بۆ حەجێ
با لە پێت ڕاچێ دڕوو و داڵی موغیلان خەم مەخۆ
گەر بناغەت هەڵکەنێ ئەوڕۆکە سێڵاوی نەمان
کەمیەوانت چونکە نووحە، قەت لە تۆفان خەم مەخۆ
گەرچی ڕێگا زۆر بە ترسە و نادیارە مەنزڵیش
ئاخری کۆتایی دێ ڕێگەی بیابان خەم مەخۆ
چۆنیەتی ئێمە لە دووری یار و سەرکۆنەی ڕەقیب
پاکی ڕوون و سوورە لای زانایی ڕازان خەم مەخۆ
حافزا لەو کۆنە کۆخە و خەڵوەتی شەوگاری تار
زیکر و فیکرت تا دوعایە و دەرسی قورئان خەم مەخۆ

"٦٧/٦/١٨"

خیز و درکاسه، زر آب طربناک انداز

هەستە لەو کاسە تەڵایەی کە،لە ئاوی بەری تاک
پێش ئەوەی پێشەیی سەربێ بە گڵێن‌کاسەی خاک
ماڵی دوا رۆژەکەمان چۆڵگەیی بێ دەنگانە
تۆ هەرئێستا کە هەرا وەرکە بە گوێچکەی ئەفلاک
لایقی دیتنی جانانی نیە چاوی چنۆک
وەرە بڕوانە بە دیدە و دڵی پاک و روونا ک
مەکە ناز و وەرە سەرقەبرم و سایەم بخە سەر
تۆ سەری خۆت قەسەم ئەی سەرو!دەمێ دەبمەوە خاک
دڵەکەی ئێمە کەماری سەری زولفت گەستی
بۆ شیفاخانەی لێوی بەرە تا نەبووە هیلاک
مڵکی دنیایە دەزانی کە بە قایێکی نیە
لە دڵی جامەوە ئاوری دە وەکوو وشکەڵی چاک
بە وتەی عاریفەکان غوسڵی بە فرمێسکم کرد
کە دەڵێن پاکەوەبە ، ئەو دەمی بڕوانە لە پاک
تارو لێڵی کە خودایە ! وەکوو ئاوێنە بە ئاخ
زەینی ئەو زاهیدی خۆبین و عەیبگر ، ژەنگ ماک
یەخە دابدڕە لە بۆی ئەو گوڵە وەك گوڵ حافز !
بیخە سەر رێی قەدەمی ئەو قەدو باڵای چالاک

" ٦٩/٩/٩ "

دلا رفیق سفر بخت نیکخواهت بس

دڵم ! ڕەفیقی سەفەر بەختە دەس بدا بەستە
شنێکی باخچەیی شیرازی خۆش هەوا بەستە
ئیتر لە مەنزڵی دڵبەر نەچیتە دەر دەروێش !
تەریقی سۆفیەتی و کونجی خانەقا بەستە
هەوای وڵاتم و پەیمانی دۆستەکانی قەدیم
لە لای ڕەفیقە سەفەریان دوو عوزری وا بەستە
وەلای سەرووکەوە دانیشە لێدە جامی شەراب
ئەوەندە بەهرە لە دنیای بێ بەقا بەستە
ئەگەر لە سووچی دڵت خۆی مەلاس بدا خەفەتێک
لە دەرکی پیری موغان بچیە ژوور، پەنا بەستە
تەمای زیادی مەکە و کاری خۆت سەهل بگرە
گلێنەیەک مەی و یارێکی باوەفا بەستە
فەلەک بە کۆمەڵی نازان دەدا مراد و مەڕام
ئەتۆ کە دانش و فەزلت هەیە خەتا بەستە
ئیتر بە ویرد و دوعا نیتە حافزا پێویست
بەیانە دەرسەکەت و نیوە شەو دوعا بەستە

چو بر شکست صبا زلف عنبر افشانش

سەبا وەتا خولی دا پەرچەمی پەرێشانی
لە دەردی هەرکەسێ دەدرێ ، دەبێتە دەرمانی
لە کوێ یە هاو نەفەسێ بۆی وەگێڕمەوە کە دڵم
چ مەینەتێکی دەکێشێ لە ڕۆژی هیجرانی
بە یانە قاسیدەکەی کاغەزی وەفای دا دۆست
لە خوێنی چاوی مەبوو خەتتو مۆر و عینوانی
زەمانە گەر لە پەڕی گوڵ میسالی تۆی کێشا
لە شەرمی رووتەوە بوو هۆی لە خونچە دامانی
سنووری موڵکی ئەوین نادیارە تۆ خەوتووی
خودا حەقە نیە ئەو ڕێگە دوورە پایانی
جەماڵی کەعبە لە یاران مەگەر بخوازێ عوزر
کە عاشقان هەموو سووتان لە ڕێی بیابانی
هەواڵی یوسفی دڵ بۆ خەمینێ خانی حەزین
کێ ئاخۆ دێنێ لە چالاّیی ئەو چەنەی جوانی
وەدەس ئەخەم سەری زولفی وەدەستی خواجەی ئەدەم
کە دادی من بستێنێ لە دەستی دەستانی
بەری بەیان لە چەمن گوێم لە دەنگی بولبول بوو
لە شێعری حافزی دەیخوێندەوە بە گۆرانی

## خوشا شیراز و وضع بی مثالش

چ خۆشە شاری شیراز و مەحاڵی
خودا لادەی لە ئافات و زەواڵی
لە روکناوایەکەی سەد ئافەرین بێ
دەبەخشێ ئاوی ژین چاوەی زوڵاڵی
لەنێوان جەعفەر ئاباد و موسەڵلا
دەڵێی عەتر و عەبیرە بای شەماڵی
وەرە شیراز و خولقی خۆش و چاکەت
بوێ لەو میللەتی خاوەن کەماڵی
کەسێ لەو شارە نێوی قەندی بێنێ
خەجاڵەت بوون بە ئەستۆی خۆی وەباڵی
سەبا ! لەو دڵبەری چاو مەست و شۆخە
چ ئاگات لێیە ئاخۆ چۆنە حاڵی ؟
لەخەو هەرگیز هەڵم مەستێنە تۆخوا
لەخەڵوەت دام لەگەڵ خەون و خەیاڵی
ئەگەر ئەوگەنجە خوێنیشم بڕێژێ
بڵێ وەک شیری دایک بێ حەڵاڵی
نەهێز و تاقەتی دووریتە حافز
نە دەشکەی شوکری ماچی لێوی ئاڵی

" ٦٧/٤/٣١ "

شراب تلخ می خواهم که مردافکن بود زور ش

وەرەو لەو ئاوە تاڵەی بەدمیە وا کەڵ دەخا زۆر ی
هەتا ئاسوودە بم تاوێ لە دنیایە و شەڕ و شۆری
بە فێڵە ئاسمان ساقی بەسێ ژەم مەی ئەمینم کە
لە چەنگی زوهرە و کەیوان و میرریخی سەلەحشۆری
لەسەر سفرەی زەمان شیرینی ئاسایش پەیا ناکەی
تەماع و کینە تاڵی و شۆری یە ، هیممەت کە بیشۆری
کەمەندی راوی بارامی فڕێ دە و دەس دەجامی مەی
گەڕاوم گشتی ئەو دەشتە چ بارامم نەدی و گۆڕ ی
بە دڵخۆشکردنی رووت و فەقیران ، گەورە کەم نابێ
سولەیمان شابوو لوتفی بوو لەگەڵ مووری وەکوو مۆری
وەرە تاڕازی ژینت پێ نیشان دەم لەو شەرابەیدا
بە شەرتێکی نەدرکێنی قسان لای لات و ناجۆری
بڕۆی وێنەی کەوانی گەرچی ناکا بێدڵی حافز
بەڵام هەر پێکەنینی دێ بە دەست و باسکی بێ زۆر ی

" ٦٧/٤/٣٠ "

فکر بلبل همە آنست کە گل شد یار ش

دڵی بولبول بەوە خۆشە گوڵی سوورە یاری
کاری گوڵ بۆتە بەکاربردنی عیشوەی کاری

دڵڕفێنی نیە ئەو دابە کە عاشق بکوژن
ئەو کەسە گەورەیە بیبێ خەمی خزمەتکاری

جێ یەتی گەر لە دڵی لەعلەوە خوێن قەڵپەزە کا
بێ برەو ما ئەم و قاشوولە هەیە کڕیاری

هاونشینی گوڵە وا بولبولی فێری قسە کرد
تا شەپۆلی غەزەلی بێ لە دەنووکی جاری

دڵی سەت قافڵە هاوڕێیەتی یاری سەفەریم
لە چ جێگایەکە خوایە ببە ئاگاداری

گەر بە نێو کووچەی مەعشووقی مەدا رادەبری
خۆبپارێزە سەرەشکێنە دەکا دیواری

دڵە کەم ! سوحبەتی ئاسوودە گەریت خۆشە بەڵام
خۆشترە حاڵی ئەوین بەرەمەدە لانی یاری

سۆفی سەرخۆشی پیاڵێکە دەکا مێزەری لار
دوو پیاڵەی دی دەشێوێنێ کڵاوی لاری

دڵی حافز لەوەتی ئۆگری رووی تۆیە گوڵم
ناز پەروەر بووە وا چاکە نەدەی ئازاری

" ٦٧/٧/١٤ "

ای رخت چون خلد و لعلت سلسبیل

ئەی بەلێنوو روو بەهەشت و سەلسەبیل
سەلسەبیل گیان و دڵی کوردی سەبیل
دەوری لێوت سەوزە پۆشی خاڵ و خەت
چەشنی مێروولەن لە دەوری سەلسەبیل
خوایە ئەو ئاورەی لە گیانم دا هەیە
بۆمی دامرکێنە ئەو تۆ بۆ خەلیل
ئەی رەفیقان من مەجالێکم نەما
ئەو جەماڵێکی هەیە بێ حەد جەمیل
پێی مەلەنگ و مەنزڵیش دوورو درێژ
کورتە دەستی ئێمە بۆ خورمای نەخیل
تیری چاو و زولفی خاوی تۆ سەدان
وەك منی کوشتوون و گرتوونی بەدیل
وا بە پەنجەی عیشقی یار حافز دەڵێ
مێرووە و کەوتۆتە ژێر پێی پانی فیل

" ٦٧/٤/٣ "

# شەونم

اگر برخیزد از دستم که بادلدار بنشینم

بە شەرتێ هاو دەمی یاردەس بداو ساتێکی بێبینم
نەسیبم بادەی بەختە و لە باغی وەسڵی گوڵ چینم
شەرابی تاڵی سۆفی کوژ ڕەنگ و ریشەی دەرێناو م
بنێ دەم ناو دەمم ساقی بسێنە گیانی شیرینم
ئەمن وا وێدەچێ شێت بم لە عیشقی تۆ،کەشەو تارۆژ
لەگەڵ مانگێ دەدرکێنم ، لەگەڵ پەریانە خەو دینم
دەمت شەکری بە مەستان داوە، چاوت مەی بە مەی نۆشان
بە تەنیا هەر منم بێ بەش ، نەلەوچینم نە لەم چینم
شەوی مردن لە سەرجێ را دەچم بۆ قەسری "حورالعین"
لە لای سەرما ئەگەر تۆ بی شەمی چاو پڕ لە ئەسرینم
کە هەر خاکێکی باهێناویە لوتفێ بوو لە ئەنعامەت
لە حاڵی نۆکەری خۆت پرسە چووکێکی لە مێژینم
نە هەرکەس هات ولافی نەزمی لێدا دڵگرە شێعری
ئەمن راوی تەزەروم کردووە چالاکە شاهینم
برۆ گەر باوەڕێ ناکەی لە نەققاشانی چین پرسە
کە داوای نوسخە شێعری من دەکا مانی بەتەمکینم
بەیانی باشی گوت بولبول لە کوێی ، مەیگێڕە کەم هەستە
زرینگەی دێ لە کەللەم دا هەوای چەنگی شەوێ دینم
هەواڵی عیشق و سەرمەستی لەمن پرسە نەکوو حافز
لەگەڵ جام و قەدەح هەر شەو لە خزمەت مانگ و پەروینم

" ٦٩/١١/٦ "

### این چه شوری است که در دور قمر می بینم

ئەی چ سووڕێکی دەبینم لەگەڕانی قەمەرا
سوور دەبینم پڕە دنیا لەشەڕ و شۆڕ و هەرا
ڕۆژی خۆشی گەرەکە هەرکەسی دێ لەو دەورە
کەچی ئەو ڕۆژی کە دێ بۆتە خەراتر لە خەرا
کچەکان گشتی لەگەڵ دایە بەتانە و تەشەرن
کوڕەکان پاکی مەڕامی دژی بابیان لە سەرا
بڕە روحمێك نە برایەك بە برایێکی هەیە
تۆوی لوتفێك نە لە بابی هەیە بۆ کوڕ نە کەرا
شەربەتی گێل و نەزانان لە گوڵاو و قەندە
قووتی زانایە لە کاسەی خەم و خوێنی جگەرا
جدەوە ئەسپی رەسەن پشتی لەبەژێر پالانا
کەچی هەرجێیە دەچی تەوقی تەلا لەملی کەرا
پەندی حافز ببیە کاکە بڕۆ چاکە بکە
چ وەك ئەو پەندە ئەمن نەمدی لەگەنجی گوهەرا

" ۶۹/۱۲/۲۹ "

# شەونم

بە مژگان سیە کردی هزاران رخنە در دینم

بە برژانگی رەشت کردووتە کون‌کون سەنگەری دینم
وەرە ئەی چاوی بیمارت دەوای دەرد و نەخۆشینم
ئەمڕێ ئەی هاونشینی دڵ، کە یارانت لەبیر چۆوە
نەسیبی من نەبێ ڕۆژێ لە بیرم چیت و نەت بینم
لە دنیای پیری بێ ئامان و فەرهاد کوژ بە هاوارم
کە مەکری ئەو هەڵەی کردم لە وەسڵی یاری شیرینم
بە فیدای شاهید و ساقی جیهان، بێ ساقی و باقی
کە تەختی شایەتی ناوێ ئەویندارێکی مسکینم
ئەگەر غەیرێ لە جێی من هەڵبژێرێ یار موختارە
بەڵام من نامەوێ هەرگیز لە جێی ئەوگیانی شیرینم
لە تینی ئاوری هیجرانە غەرقی ئارەقم وەك گوڵ
بە بۆی زولفی، شەماڵ! فێنك كەوە نەختێ گڕوتینم
ئەوەی لەو نامە دایە سەرگورشتەی ئارەزوومەندی
هەڵەی تێدانیە حافز کوتوویە و داویە تەڵقینم

" ٦٨/٨/١٦ "

## به تیغم گر کشد دستش نگیرم

بشم کوورژێ قەرارە دەستی نەگرم
بە تیریشم بپێکی قەدری دەگرم
بڵێ باتیری خۆی باوێ کەوانت
لەبەر ئەو دەست وباسك ناسکە دەمرم
دەسێکم گەر نەمێنێ وخەم لە پێم خا
بە دەستی دیکە دەگرم جامی خەمرم
هەڵێ ئەی رۆژەکەی سوبحی هومێدم
لە دەس شەوگاری رەش ئاوایە سەبرم
وەرە پیرم بە هاواری منی پیر
لەمەی بۆ عومری لضوێ پڕکە دەفرم
ئەمن سوێندێکە خواردوومە بە زولفت
لەبەرپێتە سەرم تا رۆژی دەمرم
برۆ خەرقەی زوهد ئاوردە حافز
ئەمن گەر ئاگریش بم چۆنی دەگرم

" ٦٧/٧/١٢ "

بی‌تو ای سرو روان باگل وگلشن چکنم

لەگوڵ و گوڵشەنی بێ سەروی ڕەوان من چبکەم
لە سەری زولف ولە ڕووی سونبول و سوێسن چبکەم
گیانە لۆمەی نەتەوی هۆبووکە نەمدی ڕووی تۆ
ئاێنەی ڕووم نیەتی ڕووی وەکوو ئاسن چبکەم
ئەی نەسیحەت گەرەکەم ڕەخنە لە مەستان مەگرە
حوکمی وا کردووە قانوونی قەزا من چبکەم
بەرقی چەخماغە دەدا کاتێ مەکینەی غەیبی
بەرهەمی من کە لەبەر بایە لە سووتن چبکەم
دیل و بەندیمە لە بیری ستەمی شای تورکان
کوڕی زاڵی کە نەکا بیری خەلاسن چبکەم
ئاوڕی خێری گڕی ئاوری توورم کە نەبێ
شەوە لەو وادی‌یە بێ لالەیی ڕۆشن چبکەم
حافزا قەسری بەهەشتێ بە شەمیراتی منە
لە کەلێن و کەلەوا و کاول و قوژبن چبکەم

" ۶۷/۶/۱۵ "

بیا تا گل برافشانیم و می درساغراندازیم

وەرە باگوڵ وەشانی کەین و مەی ڕۆکەینە نێو ساغەر
فەلەك تێك دەین و بیگۆڕین بە چاتر میچ و بان وبەر
ئەگەر خەم لەشکری بێنێ بە قەستی خوێنی دڵدارا ن
من و ساقی دەسازێین پێکەوە تێکی دەدەین یەکسەر
دەفر بێنە گوڵاو تێکەڵ شەرابی ئەرغەوانی کەین
نەسیم بێنی عەتر بێنێ و شەکەر باوێتە نێو مەجمەر
ئەگەر سازت لە بەردەستە هەوایەك لێدە ئەی موتریب
هەتا ئێمەش غەزەل خوێن بین وبەش ڕەخسین بەدەست وسەر
بەرە بۆ خزمەت ئەو عالی جەنابە ئەی سەبا خاکی
وجوودم بەڵکە خوا بیکا ببێتە چاوگە بۆ سەروەر
یەکێ لافی کەرامەت لێدەدا و یەك لافی تێ بینی
وەرن با بۆ حەق وناحەق بەرین ئەو شەرعە لای داوەر
بە هەشتت گەردەوێ فەرموو وەرە با بچینە مەیخانە
هەتا ڕۆژێ لە پای خوم ڕا هەڵت دێرینە نێو کەوسەر
لە شیرازێ قسەی خۆش هێندە زۆرە قەدری نازانین
وەرە حافز بچین بۆشار و مەڵبەندێکی دی لەو بەر

### حاشا کەمن بە موسم گل ترك می کنم

فەسڵی گوڵ و بەهارە چلۆن تەرکی مەی دەکەم
من زیت و ژیر و عاقڵم ئەو کارە کەی دەکەم
موتریب لە کوێیە ، پێی بڵێ ئەو بەرهەمەی هەمە
خەرجی بەڕێوە چوونی دەف و دەنگی نەی دەکەم
جاڕز بووە دڵم لەوت‌ووێژی مەدرەسە
لەورۆ دواوە خزمەتی مەعشووق و مەی دەکەم
کەی بوویەتی زەمانە وەفا ، بێنە جامی مەی
ئەو چەل حیکایەتی جەم و کاووسی کەی دەکەم
حەی حەی ، ئەمن لە نامە بترسم قیامەتێ ؟
نامەی سیام حەواڵە بە بەخشینی حەی دەکەم
کوا بای بەیانی تاکوو مەراقی شەوی فیراق
بۆ یار بەرێ وبڵێ گلەیی ئەو شەوەی دەکەم
کاتێ گڵم لە رۆژی ئەزەلدا لەباتی ئاو
تێکەڵ بەمەی کراوە ، چلۆن تەرکی وەی دەکەم
یار ئەو گیانە عاریە دابووی بە حافزی
رۆژێکی تووشی دێم و ئەدای عاریەی دەکەم

" ٦٧/٤/٤ "

### حجاب چهره، جان می شود غبار تنم

دەبێتە پەردەی روخساری گیان تەمی بەدەنم
چ خۆشە دەرکەوێ لەو پەردە سوورەتی رەبەنم
لەکوێ شیای منی خۆشخوانە مانەوەی قەفەزێ
دەڕۆمە جەننەتی ریزوان مەلی ئەوێ چەمەنم
نەبۆوە روون کەلە بۆهاتم و لەکام جێ بووم
حەیف لەکاری نەزانی بەزایە چوو تەمەنم
چلۆن لەعالەمی قودسی بکەم سەیاحەت و سەیر
منێکی بەندی بەنی تەختەبەندی دارە بەنم
ئەمن کە دیمەنی حۆریانە ماڵ و مەنزڵەکەم
لە بەرچی کووچەی مەیخانە بێ بەجێ و وەتەنم
ئەگەر لەخوێنی دڵم بۆنی میشك و عەنبەر دێ
بە سەیری مەگرە کە هاودەردی نافەیی خوتەنم
لەچەشنی شەم نیە حاشیەی کراسی زێڕکفتم
گەلێ گڕی بەدزی هەن لەژێر کراسی بەنم
وەرەو لەحافزی ڕەستێنە ئەو وجوودە هەتا
بەبوونی تۆ کەسی دی نەبیەلێم لەکام رەسەنم

# شەونم

خرّم آن روز کزین منزل ویران بروم

خۆزگە بەو ڕۆژە کە لەو مەنزڵە وێرانە دەڕۆم
وەکوو مەل لەو قەفەز و دانە بەرەولانە دەڕۆم
گەرچی لەو ڕێیە دەزانم کە غەریب نابمەڵەدە
من بە بۆنی سەری ئەو زولفە پەرێشانە دەڕۆم
وەکوو با بەو لەشی بیمار و دڵی بێ تاقەت
بە هەوای قامەتی ئەو سەروی خەرامانە دەڕۆم
دڵ لە زیندانی سکەندەر وەڕەزە، ڕزگار بم
تاکوو ئەوجێ یە کەوا مڵکی سولەیمانە دەڕۆم
ئەوی سووکبارە خەمی حاڵی گرانباری نیە
من بە هۆی هیممەتی پیرانە مریدانە دەڕۆم
گەر بەسەر وەك قەڵەمێ،ڕێگە بڕۆم بۆلای ئەو
بەو برینی دڵ وبەو دیدەیی گریانە دەڕۆم
شەرتە کردوومە ئەگەر لەوخەمە دەرچم ڕۆژێ
بە شێعر خوێندنەوە، تا دەری مەیخانە دەڕۆم
بە هەوای چاوی بە ڕەخسین وسەما وەك زەڕڕە
تاکوو سەرچاوەی ئەو خۆرە درەخشانە دەڕۆم
گەر وەکوو حافزی لەو دەشتە نەشێ ڕێ دەرکەم
لەگەڵ ئەو باروبنەی ئاسەفی دەورانە دەڕۆم

"٦٧/٦/٢٧"

در خرابات مغان نور خدا می بینم

من دەبینم لەمەی ئاوای موغەکان نووری هوێ
سەیرە ، بڕوانە چ نوورێکی دەبینم لە کوێ
خێوی ئەو مەیکدە دەروازە خودایە کێیە
بۆتە میحرابی دوعا و قیبلەی حاجەت جوێ جوێ
سێ پلەی عاشقی و دلبەری و دلداری
کەرەمی تۆیە بەمن کەیوە خەلاتی نوێ نوێ
کاکی میر حاج نەکەی دەعیە لەسەر من کە ئەتۆ
خانەکەت دیوە ، ئەمن دیومە خودی خانەخوێ
کێ لە میشکی خوتەن و نافەی چینی دیوە
ئەوی من دیومە بەیانان لە هەناسەی سروێ
هەرچی لەو عالەمەدا نووری تەجەللایە و بەس
من نە لەو باوەڕە شل بووم و نە دەشبم شلوێ
دەمەوێ نافە گوشا بم لە قەفی زولفی کچان
گەرچی ئەو فیکرە خەتایە و فرە حەستەم بلوێ
داخی دڵ ، ئاوی چەمان ، شینی شەوان ، ئاخی بەیان
لوتفی تۆیە لە هەموولا سەری لێ ناومە سوێ
نەخشی رووت هەر دەمە رێ یەك بە خەیاڵم دەگرێ
کێ خەبەردارە کەچم دیوە لە پەردەی توێ توێ
دۆستان رەخنە لە دڵداری حافز مەگرن
گەرچی مەعشووقی دەوێ خۆڵەگەڵ ئێوەش دەدوێ
" ٦٨/٨/١٢ "

دوستان وقت گل آن بە کە بە عشرت کوشیم

وەختی گوڵ هاتەوە خزمینە وەرن تێکۆشین
بەوتەی ئەهلی دڵان کاتی کەمە و دڵخۆشین
نیە لای کەس کەرەم و وەختی تەرەب تێ دەپەڕێ
ئەوەیە چارە ، کە بەرماڵی بە مەی بفرۆشین
لەو هەوادڵگرە مەی حازرە بێ نێرە خودا !
نازەنینێکی کە بە سڵامەتی ئەو بینۆشین
ساز و سەمتووری فەلەك ڕێگری ئەهلی هونەرە
لەو خەمەی بۆچی نەناڵین و چلۆن نەخرۆشین
گوڵ وەجوش هات و نەماندایە قومێك لەو ئاوە
ئێستە ئەو کردە پەشیمانیە چلۆن داپۆشین
لالە دەفری مەیە . دەیخۆینەوە ئێمەش بە خەیاڵ
چاوی بەد دووربێ کەبێ موتریب وەمەی سەرخۆشین
حافز ئەو حاڵە گەلێ سەیرە . بەکێ حاڵی کەم
بولبولین ئێمە بەڵام فەسڵی گوڵان خامۆشین

شەونم

سالها پیروی مذهب رندان کـــرد م

سالّەهای سالّ ئەمن خزمەتی ریندانم کـرد
تاکوو نەفسم بەعەقلّ گرت و لە زیندانم کـرد
من لە بۆ مەنزڵی عونقابەتەنێ رێم نەبــڕی
هاو دەمی و هاو سەفەری مورغی سولەیمانم کـرد
خۆ بە دەستی من وتۆ نینە خراپــە و چـاکــە
هەرچی سوڵتانی ئەزەل نووسی بە فەرمانم کـرد
من لە لوتفی ئەزەلی باغــی بە هەشتم تەڵەبە
گەرچی زۆر خزمەتی مەیخانە و مەستانم کـرد
گەر بە پیری منی لاوانـدەوە دیداری و ســوو
حەقی سەبرێکە لە نێو کولبەی ئەحزانم کـرد
بە سایەی دڵی زاماری من ئەی گەنجی مـراد
کە لە بەرتۆیە مـن ئەو مەنزڵە وێرانـم کـرد
کرد بووم تۆبـە لە ماچی دەمی ساقی ئێستا ش
زۆر بە داخم بەقسەی واعیزی نازانـم کـرد
لە دژی قاعیدە بخوازە مـرادت کە ئەمــن
چی وەکۆم کـردووە لەو زولفی پەرێشانم کـرد
گەر لە دیوانی غەزەلدا لە سەرێم سەیر نیە
ساڵەها رەنجبەری خاوەنی دیوانم کـرد
شەو نخوونی و لەشی ساغت گەرەکە وەك حافز
کەسبی ئەو فەیزە بە هۆی دەوڵەتی قورئانم کرد

فاش می‌گویم واز گفته‌، خود دلشادم

ئاشکرا پێتی ئەلێم ولە وتەم دڵشادم
نۆکەری عیشقم و لێرەیش ولە وێش ئازادم
بولبولی باغی بەهەشتم چ بڵێم نەقڵی فیراق
لێرە بەو داوەوە بووم خوایە بپرسی دادم
من مەلەك بووم و سەرووی باغی بەهەشتم جێ بوو
یا بەدەم هۆ بوو کە ئێستا لە خەراب ئابادم
هاودەمی حۆری وبن سێبەری تووباو سەر حەوز
بە هەوای دیتنی تۆ دەرچوو لە بیر و یادم
کەوکەبی بەختەوەریم نەیدی نجوومگەر خوایە
من لە دایك بە چ هاتێکی کرا ئیجادم
لەوەتی بوومە غولامی دەری مەیخانەی عیشق
سەیرە هەر تاوە خەمێ دێتە مبارەکبادم
با بخوا خوێنی دلم ، گۆڕیە گلێنەی چاوم
بۆ بە دڵداری کچۆڵانی دەکرد ئیرشادم
لەوحی دڵ هەر ئەلفی قامەتی تۆی تێدایە
پیتی دیکەی بە دەرس پێ نەکوتم ئوستادم
بە زولف پاکەوە ئەسرینی لە گۆنەی حافز
نەکوو لافاوی هەڵستێت و بەرێ بونیادم

" ٦٧/٤/٢٩ "

### مزن بر دل زنوك غمزه تیرم

مەپێکە دڵ بە غەمزە و نووکی تیرم
بە داوی چاوی مەستی تۆ ئەسیرم

گەیشتە ئەو پەڕی جوانی جەماڵت
زەکاتم پێ کەرەم کە زۆر فەقیرم

من ئەو تەیرەم بە یانان و شەوانە
لە هەیوانی سەروو دێ ویرە ویرم

قەدەح پڕکە لە سایەی دەوڵەتی عیشق
جحێڵێکی بە بەختم گەرچی پیرم

وەها پڕ بوو فەزای سینەم لە مەعشووق
کە فیکری بوونی خۆشم چوو لە بیرم

نیە غەیری حیسابی موتریب و مەی
ئەوی نووسیویە پێنووسی دەبیرم

لە هەنگامە و لە هەرکەسی و ا
منەتباری هەواڵپرسینی پیرم

مەدە زاهید فریوم وەك منالان
بە باغ و سێوی سوور و شەکرو شیرم

لەگەڵ مەیخانەچی بەستوومە پەیمان
کە ڕۆژی خەم لە مەیخانەی حەسیرم

لە سایەی دەوڵەتی مەستی چ خۆشە
نە حەوجێی شا ، نە ئاتاجی وەزیرم

وەکوو حافز لەسینەمدا گەنجێ

رەقیب چووزانێ چی تێدا زەمیرم

" ٦٧/٧/١ "

### من دوستدار روی خوش و موی دلکشم

من دۆستی یاری ئەسمەر و رووخۆش و موو رەشم
سەرخۆشی چاوی مەست و مەیی بێ غەل و غەشم
فەرمووت لە رازی عەهدی ئەزەل پێم بڵێ شتێ
ئەو کاتە پێت دەڵێم لە شەرابت بدەی بەشم
چارەی ئەوینی سووتن و سازانە بۆیە من
وەك شەمگەشم دەبینی دەسووتێم وەهەر هەشم
خەڵکی بەهەشتم و سەفەریم لێرە من بەڵام
دیلی ئەوینی جوانگەلی روو وەك گوڵی گەشم
یاریم بدا بەخت بەبنەوبارگە بچمە لای
پرچی فریشتە تۆز دەتەکێنێ لە مەفرەشم
جێی لەعلی لێو وجوانییە شیراز و داخەکەم
من وەرشکستە تاجری رووت و موشەوەشم
لەو شارە چاوی مەستم ئەوەن دیوە ئەو کەرەت
حەقمە کەمەی نەخۆمەوە، مەستەهەموو لەشم
شارێکە پڕ لە ناز و لە شەش لاوە نازەنین
من بێ دراو و پارەم وکڕیاری هەر شەشم
بووکی غەزەل بە حافزی گوت خۆ نیشان دەدەم
چبکەم نەسیبم ئاهە لە ئاوێنە بێ بەشم

" ٦٧/٥/٢٢ "

شەونم

من نــه آن رنـدم کـه تـرك شاهدوساغركنم

ئەمن و تەركی جام و یاری چاورەش و ئەسمەر بکەم
تەركـی وان،دارۆغـە دەیـزانـێ ،مەگەر مەحشەر بکەم
من لەمێژ سـاڵ بـوو کـه لۆمەی تۆبـه کارانم دەکرد
وەختـی گـوڵ تـۆبـەی،لەمـەی،پێـم وایـه شێتم گەر بکەم
عیشق وەك دوڕوایه من غەوواسم و مەیخانـه بـەحر
لـەو بنـەی بینـەی دەکێشم تـالـەکوێ سەردەر بکـه م
من کە گەنجینـەی دوڕ و یـاقـووتی ئـەسرینم هەیـه
چی لـه پرشنگ و له گرشـەی خۆرەکـەی خـاوەر بکـه م
من کـه بـەو رووتـی و فەقیـریـەی گـەنجی سوڵتانیم هەیە
بۆ تـەمـای چاکـەی لـە سـووری چەرخی زووتێپەر بکـه م
لالـەیـه مەیگێڕ ونیـرگس مـەست و من بەدنێوی عیشـق
عـەرز و حـاڵـم زۆره خـوایـه رووله کـام داوەر بکەم
وەختـی گوڵ فەرمووتـه زاهید بم ، به هەردوو چاوبەلا م
با بڕۆم پرسێك بـه یـاری چاو ڕەش و ئـەسمەر بکـه م
یار کـه پێـی خۆشـه لە ئاگردا بسووتێـن عـاشقـا ن
چاو چنۆکم گـــەر تەماشای چاوەکەی کەوسەر بکەم
ئەو دەمـەی سروەی بـه یـانـی پۆری گوڵ دەشواتـه وه
بێ شعوورم گـەر تـەماشای لاپـەڕەی دەفتـەر بکـه م
گەرچـی تـۆزاوی و فـەقیرم هێنده بـەرزه هیممەتـم
ئاو ئەگەر هـی خۆره ، پێم عاره کراسم تەڕ بکـه م

گەر فەلەك قەول و قەراری ئیعتبارێكی نیە
ئەو قەرار و بڕیە وا چاكە لەگەڵ ساغەر بكەم
دابەزە تاوێ لە ئەسپ ئەی توركی شارشێوینیەمن
تا بە ئەسرین رێ و بانت پڕ دوڕ وگەوهەر بكەم
دوێ دەیانگوت لێوی ئاڵت قەند ئەبەخشێ گیانە كەم
تاكوو نەیچێژم بەزاری خۆم چلۆن باوەڕ بكەم
سووچی میحرابی برۆكەی تۆم لە بەختی خۆم دەوێ
تالەوێ دەرسی ئەوینی تۆ بە گیانم وەر بكەم
تۆبە وەختی گوڵ نیە فایدێكی حافز بیركەوە
با بە فێڵێكی دی ئەو فیكرەی لە بیرم دەر بكەم

## نماز شام غریبان چو گریه آغازم

سەری شەوە و دەگریم و غەریب و بێ نازم
بە نالەوە دەری دەبڕم قسەی دڵ و رازم
بە یادی یار و دیارم دەبێ وەها بگریم
کە لەو جیهانە چ کەس بۆ سەفەر نەڵێ سازم
من و وڵاتی حەبیبم، چمە لە شاری غەریب
خودایە بمبەوە جێی خۆم کە لێرە بێ وازم
ئەتۆ خودا وەرە یاریمدە شارەزای رێگا
هەتا لە مەیکەدە دابم، چ کەس نەکا گازم
عەقڵ لە پیری وەکوو من حیسابێ ناکێشێ
ئەگەر لەگەڵ سەنەمێکی بەغەمزە و نازم
بە بێ نەسیم و سەبا هیچ کەسی دی نامناسێ
ئەوان دەبەن خەبەرم بۆ حەبیبی چاو بازم
هەوای مەنزڵی یارانە ئاوی ژین بۆمە
سەبا! دەبێنە نەسیمێ لە خاکی شیرازم
دەهات و عەیبی منی روو بە ڕوو دەگوت ئەسرین
لە کێ بکەم گلە خۆماڵی یە دزی رازم
لە چەنگی زوهرەوە بیستم بەیانی زوو دەیگوت
ئەمن مریدی وتەی حافزی خۆش ئاوازم

# شەونم

ای خسرو خوبان نظری سوی گداکن

ئەی شای هەموو جوانان وەرە چاوێ لە گەداکە
رەحمێ بە منی سووتە دڵی بێ سەرو پاکە
پێویستی بە ئاوڕێکە دڵی عاشقی مسکین
لەو چاوە رەش و مەستە بە غەمزێکی رەوا کە
گەر مانگی فەلەك پێی وتی وەك تۆم لە جەمالا
جارێکی بەرەو روو بەوە قامکت لە هەوا کە
ئەی سەرو، لە باغ و چەمەنێ ڕاوەرە تاوێك
لەم بەزمە بە لەنجێکی کراسان بە کەوا کە
پەروانە و شەم، بولبول و گوڵ پێکەوەن ئەی دۆست
ماوینەوە تەنیا وەرە ئەو دەردە دەوا کە
تاکەی بە جەفا و جەوری لەگەڵ هۆزی ئەویندار
دەسکە بە وەفا، بەسکە جەفا بیری خودا کە
تۆ خوا وەرە گوێ شل مەکە بۆ دوژمنی بەدگۆ
گیانە لەگەڵ ئەو حافزی بێچارە وەفا کە

گر شوم خاك رهش دامن بیفشاند زمن

ببمە خاکی ڕێی ئەگەر هێشتا دەکا لارێ لەمن
دڵ دەگۆڕێ و وەردەگێڕێ ڕوو بە بێزاری لەمن
ڕووی گوڵی ڕەنگین و بێگەردی نیشان خەڵکی دەدا
دای دەپۆشێ گەر بڵێم ڕووم تێکە ڕوخساری لەمن
تێر تەماشای کە بە چاوم گوت، بە چاوی موشتەری
پێی گوتم پێت خۆشە جۆگەی خوێن ببێ جاری لەمن
ئەو بە خوێنم تینووە و ئەمنیش بە لێوی تۆ بڵێی
من بە مەقسوودم بگەم یا ئەو بە ئازاری لەمن
گەر وەکوو فەرهادی فیدای بم چ بوو دەیگێڕنەوە
نەقڵی شیرن شیرن و چیرۆکی دڵداری لەمن
پێکەنینی دێ ئەگەر لای ئەو وەکوو ژێم چەشنی شەم
گەر گلەی لێ کەم دەبێتە هۆی خەتاکاری لەمن
بۆ دەمی خونچەی ئەمن مردووم ڕەفیقان، سەیری کەن
چەندە بێ ئینسافە ئەو بەو نەختە دێ عاری لەمن
داکەوە حافز ئەگەر دەرسی ئەوین بەم جۆرە بێ
کوێ یە ئەوجێ لێی نەبێ نەقڵی ئەوینداری لەمن

" هاوینی ٦٩ "

## دانی کە چیست دولت دیدار یار دیدن

دەوڵەت چیە دەزانی دیداری یار دینێ
کۆڵانی بۆ گەدایی نەدرێ بە مڵکی چینێ
لە گیان تەماوەلانان هاسان و سەهلە دیومە
ئەمما لە یاری گیانی حەستەم کەسێ وەبینێ
پێوەم کە بچمە باغی وەك خونچە بەودڵی تەنگ
تاکوو لەوێ بە چاکی فێربم کراس دڕینێ
تاوێکی وەك کزەی با بدوێم لەگەڵ پەڕی گوڵ
تاوێکی دی لە بولبول ببیەم سوڕی ئەوینێ
ماچکردنی دەمی یار نەدەی لەدەس هەوڵجار
نەك بی لە ئاخریدا تووش دەست ولێو گەزینێ
سوحبەت بەنرخە چونکە لەو مەنزڵی دوورێگا
کاتێکی لێك جیا بووین کێ یەکتری دەبینێ
پێم وایە شاە یەحیا نەیماوە بیری حافز
خوایە وەبیری بێنی دەروێشی خەرقە پینێ

" ٦٩/٩/٦ "

### ز در در آو شبستان ما منور کن

وەرە و بە نووری جەماڵت شەوم مونەووەر کە
بە بۆنی عەتری گوڵت مەجلیسم موعەتتەر کە
ئەمن بە چاو و برۆی ویم سپاردووە دڵ و گیان
سەیاحەتێکە ، وەرە سەیری تاق و مەنزەر کە
بە دەرکەوانی بەهەشتێ بڵێ لە مەجلیسی مە
لە باتی عوودی برێ گوڵ بەرەو لە مەجمەر کە
لە تیشکی رووتەوە چاوی دڵم بە تاو ئەنگووت
کەرەم کە خۆرو سەراپەردەکەی مونەووەر کە
ستێرەیی شەوی دووری گەلێ کەمە نووری
برۆرە بان ، لە سەرت رۆشنی قەمەر ئەرکە
گوڵاڵەکانی چەمەن ژێر دەسی جوانی تۆن
منەت لەسەر سەمەن و ناز لەسەر سنەوبەر کە
نەفس فزوولە ، قسان زۆر دەکا ، بەڵام ساقی
ئەتۆ لە دەس مەدە ئەو کارە ، مەی لە ساغەر کە
حەدم چیە کە تەماعێ لە قەندی وەسڵت کەم
کەرەم بفەرموو، حەواڵەم بە لێوی شەککەر کە
پیاڵە ماچ کە ، لە پاشان بەرێی کە بۆ مەستان
دەماغی عەقڵ بەوێ رەسمە پڕ لە عەنبەر کە
ئەگەر فەقێ بە تەمابوو هەڵەت بکا لە ئەوین
پیاڵەیێکی دەیە و پێی بڵێ دەمت تەڕ کە

# شەونم

بە خولقی خۆش و جوانت کە شۆقی داوە بەشەم
وەرە ولە بەزمی مەدا چلچرا بەشەم دەرکە
لە خەرقە پینە کراوی خوری وەتەنگ هاتووم
بە ناز و غەمزەیی سۆفی کوژم قەلەندەر کە
بە من دەکەی وەرە پاش عەیش و نۆش و دڵداری
کەلامی خواجە لەبەر کە وەنەشەم بە دڵ وەرکە

" ٦٧/٤/٢٥ "

## تاب بنفشه میدهد طره مشکسای تو

خول به وه‌نه‌وشه‌کان ده‌دا پەرچەمی پڕ لە چینی تۆ
خونچه ده‌بێته گوڵ له‌گه‌ڵ زه‌رده‌ و پێکه‌نینی تۆ
ئەی گوڵە سوور و ئاڵەکەم ، بولبولی خۆ لەدەس مەدە
چونکه بەشەو هەتا بەیان پیشەیەتی گرینی تۆ
چاوکه لە دەوڵەتی ئەوین چەندە بڵیندە مەرتەبەی
چونکه بە تاجی سەڵتەنەت گاڵتە دەکا ئەوینی تۆ
من که وەڕەز دەبووم لەبەر هەستی پشووی فریشتەکان
مامەوە لەو هەرایەدا ، لێرە بەعیشقی دینی تۆ
عیشقتە سەر نویشتی من ، خاکی دەرت بەهەشتی من
بۆتە هومێد و پشتی من ، چاوی بە مەی خەوینی تۆ
تاسی مەی و کراسی حەی ،گەرچی دژی یەکن بەلام
ئەو هەموو ئاڵ وگۆڕی من ، مەشقە لە تاو وتینی تۆ
کۆنە کەوای گەدای ئەوین ، ئاتەگی وەك خەزێنە یە
بۆیە بە شایەتی دەگا ، سوالکەری خۆشە چینی تۆ
خەڵوەتە بۆ خەیاڵی تۆ، دیدەیی شانشینی من
یارە بێ قەت بە تاڵ نەبێ ، خەڵوەتی شانشینی تۆ
شۆری شەراب و عیشقی تۆم ، ئەو دەمی دەچتە دەرلەسەر
بێ بە فیدای سەرت سەرم ، دوای دەم ولێو مژینی تۆ
چیمەنی حوسنە سوورەتت ، سەردەمی گوڵ بەتایبەتی
حافزی خۆش قەریحەیە ، بولبولی هاونشینی تۆ

" بانەمەری ٦٨ "

### سحرگاهان که مخمور شبانه

بەیانی کاتی مەخمووری شەوانە
لە بادەم دا لەگەڵ تارو و تەرانە
مەیم کردۆتە تێشووی ڕێگە بۆ فام
دەکەم بۆ شاری مەستانی ڕەوانە
لە مەی ئەو دڵبەرە جامێکی دامێ
لە بیرم چوو فڕو فێڵی زەمانە
قەدەحگێڕی کەوان ئەبرۆ وتی پێم
کە ئەی بۆتیری لاتاوان نیشانە
کەمەر موو بۆ کەمەربەندی نەبوو سوود
نەڵێی من هەم لە حاندی ئەو میانە
بڕۆ ئەو داوە دانێ بۆ مەلی دی
کە شاهۆ گەورەیە و بەرز ئاشیانە
نەدیم و موتریب و ساقی یەکێکە
خەیاڵی ئاو و گوڵ بوونە بەهانە
گەمی مەی بێنە بۆمان با ڕەها بین
لە دەس دنیا کە وەك دەریای خەمانە
موعەممایێکە بوونی ئێمە حافز
کە بانۆکی عەقڵمان لێی نەبانە

" ٦٧/٧/١١ "

# شه‌ونم

**ای که درکشتن ما هیچ مدارا نکنی**

ئەی ئەوەی بۆ مە لە کوشتن چ مودارا ناکەی
خێر و دەسمایە دە سووتێنی و پەروا ناکەی
دەردە دارانی ئەوین گشتی بە دەنیان ژەهرە
دژی ئەو قەومە بکەی فیکری خەتا چا ناکەی
مەرەزی ئێمە شیفای بەندە بە گۆشەی چاوت
شەرتی ئینساف نیە ئەو دەردە موداوا ناکەی
چاوی ئێمە کە وەکوو بەحرە بە هیوای دینت
بە سەیاحەت سەفەرێ بۆچی لە دەریا ناکەی
نەقڵی جەورێکی لە خوو و خەسڵەتی جوانت دەکرێ
قەول و بوختانی نەتەویانە ئەتۆ وا ناکەی
زاهیدا بێت و نیگاری مەبینی لە خودا
هەرچی غەیری مەی و مەعشووقەیە داوا ناکەی
گەربەبەی سوجدە لە نێو تاقی بڕۆی ئەو حافز
چ دوعایێکی بە دڵ غەیری لە وێدا ناکەی

# شه‌ونم

بصوت بلبل و قمری اگر ننوشی مـی

به‌ دەنگی بولبول و قومری ئەگەر نەخۆیەوە مەی
سەر ئێشـەتە ، ئەوە ئاخر عیلاجە داغی کەی
کە گوڵ نیقابی فڕیدا و مەلیش چریکاندی
نەکەی پیاڵە فڕێدەی ، نەکەی نەخۆیەوە مەی
هەتە کە ئاوی ژیانێ بەتینووتی مەمرە
کەلامی خوایە " مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيّ "
لە رەنگ و بۆنی بەهاری زەخیرەیەك داخە
کە زوو بە زوو دەگـەنێ رێگرانی بەهمەن ودەی
زەمانە هەرچی ببەخشێ دوبـارە دەیسێنێ
نەبێ تەماع و هومێدت بە پیاوەتی سپڵەی
بە قایەکی نیە حوکمات وتەخت و شان و شکۆ
لە تەختی جەم قسەماوە و لە تاج و ئەفسەری کەی
خەزێنە داری ماڵی ئێرسگران کفرە
بە قەولی موتریب وساقی و بەشایەدی دەف و نەی
رەقەم کراوە لە هەیوانەکەی بەهەشتی خوا
بەشی کەسێکی کە دنیا پەرستە ومیلەوەی
سەخی نەماوە قسان ببڕەوە لەکوێیە شەرا ب
وەدە بەشی مەش و خۆشت وەخۆ بە یادی تەی
لە چەر لە رەحمەتی خوا بێ بەشە وەرە حافز
بخۆ و سەخی بە وەبالت بە گەردنم سا،دەی

در همه دیر مغان نیست چومن شیدایی

نیە وەك من لە هەموو دەیری موغان شەیدایەك
خەرقە لایەك گرەوی بادەیە دەفتەر لایەك
دڵ کە ئاوێنەیی شایانە غوبارێکی هەیە
ئێستە لە خوام کەرەکە هاودەمی رۆشن رایەك
بەندی ئەسرینە هەڵم بەستووە لەو دەور و بەر مم
بەڵکە شین بێ لەپەنام خەڵقی قەد و باڵایەك
بە گەمی بێنە شەرابێ ، کە ئەمن بێ رووی یار
لە هەموو سووچی چەمانم جەمە خەم دەریایەك
من لەسەر دەستی بوتی بادە فرۆش تۆبەم کرد
کە نە خۆم بادە بە بێ هاودەمی قەد رەعنایەك
سوڕی ئەو نوکتە مەگەر شەم بەزمانی دابێ
چونکە پەروانە مەحاڵە وەقسان بێ رایەك
باسی بێگانە مەکە لای منی مەعشووقە پەرست
کە بە غەیری ئەو وەمەی نیمە لەکەس پەروایەك
لافی نەرگس وە دڵت مەگرە لە حاندی چاوت
ناگرن ئەهلی نەزەر رەخنە لە نابینایەك
ئەو قسەم چەندە بە کەیفێ بوو بەیانی دەیگوت
بە دەف و نایە لەلای مەیکەدە را تەرسایەك
گەر موسڵمانەتی ئاوایە کە حافز هەیەتی
وای ئەگەر بێت و هەبێ رۆژی درەنگ ئاوایەك
" ٦٩/١١/٢٧ "

زکوی یار می آید نسیم باد نوروزی

لە کووچەی یارەوە بۆم دێ ، شنەی بایێکی نەورۆ ز ی
چرای دڵ خۆش کە بەو بایە و بڕۆ بۆجێژنە پیرۆز ی
ئەگەر وردەت هەیە وەك گوڵ ،ئەتۆ خوا خەرجی عەیشی کە
وەکوو قارووون مەبە سوودی نەبۆ خۆی بوو نەبۆ هۆزی
شەرابێکم هەیە زۆر ساف و سۆفی عەیبی لێ دەگرێ
خودایە ! تۆ بەهیچ ژیرێکی بەختی بەد نەکەی ڕۆژ ی
لە کام ڕێ ئارەزوو پێك دێ لە تەرکی ئارەزوو کردن
بە تەرکی ئەو کڵاوی گەورەیی تۆ لێدەدا پۆزی
لە لای جۆبارەوە قومری لەبەرچی دەگری نازانم
ئەویش خەمبارە وەك من چونکە ناڵەی دێ بە دڵسۆزی
لە دەس چوو یاری شیرینت بە تەنیا مایەوە ئەی شەم
ئەوە حوکمێکە نابێ قەت نەڵێی بدوێی نە بیدۆز ی
قسێکت پێ دەڵێم بە دزی ، وەکوو خونچەی پشکوو ز وو
کە هەر ئەو پێنج ڕۆژەن زەبر و زەنگی میری نەورۆ ز ی
لە شەرمی عیلم و زانین بۆ تەریکی کەیف وخۆشی بین
وەرە ساقی بە نازانان گەلێ چاتر دەگا ڕۆ ز ی
هەرۆ بادەی وەخۆ و ڕەندی بکە و تەرکی ڕیا ئەی دڵ !
لەوەی چاتر مەحاڵە هەر شتێکی تر کە وەیدۆ ز ی
بڕۆ باغی لە لای بولبول هەتا ڕەمزی ئەوین فێربی
وەرەو لای حافزی فێری غەزەل بەشە و هەتا سۆزی

## ساقی بیا کە شد قدح لالە پرزمی

ساقی وەرە کە لالە پیاڵەی پڕە لە مەی
تاکەی خەریکی باسی قسەی پووچ و بێ مەزەی
لادە لە فیز و دەعیە کە دیتوویە ڕۆژگار
چینی کراسی قەیسەر و سووچی کڵاوی کەی
هۆشت هەبێ ، مەلی چەمەنێ مەستە ، هەستە ها
حازر بە دێ خەوی عەدەمێ ، وا مەزانە هەی
جوان رادەژێی بەنازەوە ئەی شۆڕەبی بەهار
هەر تازەبی ، نەشەمزی لە سەرما و سەهۆڵی دەی
ئەو چەرخە خۆشەویستی یەکەی جێی بەقا نیە
هاوارە بۆ کەسێکی ئەمین بێ لە فێڵی وەی
سۆزی شەرابی کەوسەر و حۆری لەبۆ مەیە
ئەوڕۆش جەماڵی ساقی وەك مانگ و جامی مەی
سروەی بەیانی سەردەمی لاوی دەخاتە بیر
دەرمانی خەمبەرم دەیە ئەو ڕۆ کەنەك سبەی
مەروانە تەخت و سەلتەنەتی گوڵ کە ئاخری
بادێ و پەڕەی دەکا پەڕەکانی لە هەر چڵەی
تێکە بە یادی حاتەمی تەی جامی یەك مەنی
نامەی لە چەر بشۆوە بە تاریفی نێوی تەی
ئەو بادە یەی لە تافتی دابوو بە ئەرخەوان
هێنایە دەر بە شکڵی عەرەق کولمە سێوەکەی

راخەر بنێرە باغی کە بۆ خزمەتت لەوێ
وێستاوە داری سەرو و کەمەر بەستراوە نەی
حافز ! سیحر بەزێن قسە خۆش خۆشەکانی تۆ
چۆ میسر وچین و کەیوەتە ئەترافی رۆم و رەی

# شەونم

سحر با باد می گفتم حدیث آرزومندی

بەیانی، زوو بە سروەم گوت بەیانی ئارەزوومەندی
خەبەریان دا هومێدت بێ بە ئەلتافی خوداوەندی
قەلەم گوا ئەو زەمانەی پێت بلێ رازی ئەوینی دڵ
لە لای ژووروو و تارەباس وخواسی ئارەزوومەندی
ئەرێ ئەی یۆسفی کەنعان کە ئێستا بوویە شای میسرێ
لە بابت پرسە ، بۆ کوێ رۆیی مەیلی باب و فرزەندی
روحم کوانێ لە نێو چاوانی دنیای پیری قەشمەر دا
دڵی پێ خۆش مەکە مەیخۆ فریوی بەزم و گۆوەندی
لە دنیا دا ئەوەی قازانج ئەکا دەروێشی دڵخۆشە
خودایە دەوڵەمەندم کەی بە دەروێشی و زەماوەندی
نەزای سوبح و هەناسەی شەوکلیلی گەنجی ئاواتە
بڕۆ بەورێیەدا ، تاکوو دەگەی بەویارە پێی بەندی
تەما کردن لە پێشەی بۆ هومای وەك تۆ بەرز تاکەی
حەیف بۆو سێبەری پیرۆزە وابێگانە لێی سەندی
بە شێعری حافزی خۆڕادەنێن بۆ رەقس و هەڵپەڕکێ
کچی چاوەمەستی کشمیری و تورکانی سەمەرقەندی

" ٦٧/٥/١٩ "

## شەونم

**سینه ما لامال درداست ای دریغا مرهمی**

پڕپڕە سینەم لە ژان ئەی داخەکەم بۆ مەلحەمێ
دڵ لە تەنیایی وەگیان هاتووە خودایە هاودەمێ
چاوی چاکەی،کێ لە سووڕی چەرخی زووتێپەر هەیە
وەم حەسێنە و پیالە یێکم مەی دەیە ساقی ! زەمێ
هەستە تاکوو دڵ بەوێ تورکی سەرمەرقەندی بدەین
والە سروەی بۆنی جۆگەی موولیانی دێ دەمێ
حاڵی دنیایەم لە پیتۆڵێکی پرسی پێکەنی
پێی گوتم بڕوانە ئاخ و داخ و دەردی عالەمێ
بۆ شەمی شۆخی چەکوڵ سووتام لە نێو چاڵی سەبر
روحمی پێم دانایە شای تورکان لە کوێیە ڕۆستەمێ
راحەتی وخۆشی لە ڕێگەی عیشق بازی دا بەلان
دڵ بەلا بێشێ بەزامت گەر بخوازێ مەلحەمێ
میری نازنازی لە کووچەی زیرەکان ڕێگەی نیە
پێی دەوێ ڕێبواری دنیا دیو ، نەخاو و بێ غەمێ
ئادەمی لەو عالەمی خاکی پەیانابێ ، دەبێ
عالەمێکی دی دروست بکرێت و لە نوێ ئادەمێ
نایەنێ گریانی حافز هیچ لە لای بەحری ئەوین
چونکە حەو دەریا لە لای ئەو نانوێنێ شەونەمێ

" ۶۷/۴/۸ "

لبش می بوسم و درمی کشم می

دوو لێوی ماچ دەکەم جا لێدەدەم مەی
بەکانیاوی ژیانم بردووە پەی
نەدەتوانم بڵێم رازی لەکن کەس
نەدەتوانم ببینم کەس لە دەورەی
دڵی پڕ خوێنە بۆ ماچی دەمی ، جام
هەتا کوو رووی دەدی گوڵ دەیگوت ئۆخەی
لەخەڵوەت دەرکەوت گوڵ هاتە باغی
ئەتۆش وەك خونچە زوهدت خڕکەوە دەی
مەکە یادی جەم و مەی بێنە جامێ
کە نامەعلوومە جەم کەی بووگە کەی ، کەی
وەرەو موتریب بڕووشێنە رەگی چەنگ
هەتا ئەمنیش چریکەم بێ و بڵێم وەی
خومارم بۆ دەکەی وەك چاوی مەستی
بە یادی لێوی لەعلی بەدەیە مەی
جیا نابێتەوە گیانم لە نێو لەش
کە نادامەی ، لەنێو جامی رەگا پەی
دەمێ حافز زمانی خۆگرێ دە
وتاری بێ زمان ببیە لە دەم نەی

" ٦٧/٤/٢٢ "

# شەونم

نو بهار است در آن کوش که خوشدل باشی

سەری ساڵە وەرە تێکۆشە هەتا خۆشدڵ بی
پێش ئەوەی خونچە بپشکوون و ئەتۆ بێ گوڵ بی
دەنگی ئەو چەنگە گەلێ مەندە، هەمووپەندە بەڵام
ئەو دەمەی کەڵکی هەیە ئەهلی دڵ و کامڵ بی
من کە ناڵێم چ بخۆوە و چ کەست هاودەم بێ
خۆت دەزانی کە چیە وکێیە ئەگەر عاقڵ بی
هەرگەڵایەك بە تەنێ دەفتەری حاڵێکی دیە
حەیفە لەو حاڵە ئەگەر حاڵی نەبی وغافڵ بی
گەرچی رێگێکی بە سامە لەمەڕا تالای یار
چوونی هاسانە بە شەرتێ بەڵەدی مەنزڵ بی
عومری شیرین خەمی دنیایە بە تالانی دەبا
گەر ژیانت شەو و رۆژ لەو خەمەدا باتڵ بی
خوا بکا بەختەکە یار و مەدەت بێ حافز
سەیدی چاو بازە خەزاڵێکی بە ناز و سڵ بی

## چوارینەکان

ئەو مانگی کە وێنەی نیە بۆ حوسن وجەمالٚ
وەختێکی کراس لە بەر دەکا مشکین خالٚ
ناسک بەدەنە و دلٚی لە نێو سینەی دا
دیارە وەکوو بەردەقاشی نێو ئاوی زولاٚلٚ

* * *

ئەو پەرچەمە بۆنی موشکی خاوی لێدێ
چاوت وەکی بازە هەستی راوی لێدێ
جا خۆ ج کەسیش گولٚی نەدا پێت ئەی بۆ
سەرتا قەدەمت بۆنی گولاٚوی لێدێ

* * *

مانگم کە بە روو رۆشنی رۆژی بەرگرت
تۆزی خەتی جێی لە حاشیەی کەوسەرگرت
خرمانی دلاٚنی کردە نێو چالٚی چەنەی
ئینجا سەری چالٚەکەی بەکۆی عەنبەرگرت

* * *

رۆژێکی گوتم بە یاری دۆست و ئەحباب
تا وەختی گولٚە تەرکی دەکەم بادەی داب
بە چریکەوە بولبول لە چەمەن هاتە جواب
ئەی بێخە بەران فەسلٚی گولٚ وتەرکی شەراب

* * *

# شەونم

با بچینە قەراخی جۆگەیەك مەی نۆش بین
دوور بینەوە لەو هەموو خەمە و سەرخۆش بین
ماوەی تەمەنی ئێمە دەرۆژە وەك گوڵ
دەی جا وەرە هەر لێو بە بزە و ڕووخۆش بین

*   *   *

بەو بادەوە گەر ڕوونە ئەگەر خەستە وەرە
بەدزی لە ڕەقیبە سپڵەکەی پەستە وەرە
بە قسەی مەکە دوژمن بڵێ دانیشە مەڕۆ
گوێ بگرە لە من هەتا زووە هەستە وەرە

*   *   *

ئەوشۆ لەخەمت لەگۆمی خوێنا ئەخەوم
خەمبار و لەژێر پێخەفی کوێنا ئەخەوم
باوەڕ ناکەی بنێرە لام پەیکی خەیاڵ
تا بزانێ بەبێ تۆیی لە کوێنا ئەخەوم

*   *   *

مەی لێدە کە عومری جاویدانی ئەوەیە
خوو و خەسڵەتی ڕۆژگاری فانی ئەوەیە
تا وەختی گوڵ و بەهارە یاران مەستن
خۆش ڕای ببوێرە زیندەگانی ئەوەیە

*   *   *

کونجێك و حه‌سانه‌وێك و وده‌فرێکی مه‌ی

ساتێکی له‌گه‌ڵ نیگاری شۆخ و ده‌ف و نه‌ی

ئه‌و کاتی گه‌رم ده‌بێ به‌ مه‌ی پێست وره‌گم

خه‌رواری به‌ پووشێك منه‌تی حاته‌می ته‌ی

*    *    *

## ساقی نامە

وەرە ساقی ئەو ئاوری داری تاك
کە زەردەشت ئەسووراوە بۆی ژێری خاك
دەمن بەردە لای کیشی رینداني مەست
چ ئاور پەرەست و چ دنیا پەرەست
بدە ساقی ئەو ئاوی ئاور خەواس
کە لەورا دەبم من لە سووتن خەلاس
لە نێو ئاورایە دڵی رۆشنم
دەبا ئاوێ بەو ئاورە هەڵپرژێنم
منێکی کە جامی مەیم هاتە دەست،
دەکەم هەرچی لەو عالەمیدایە هەست
بە مەستی دەچم پارسایی دەکەم
گەدابم ئەگەر پادشایی دەکەم
وەرە ساقی لەو کونجی دەیری موغان
مەچۆ دەر دەوێدایە گەنجی رەوان
کە سێکیش ئەگەر پێی گوتی نەچیە دێر
دەزانی دەڵێی چی، بڵێ شەو بەخێر
وەرە ساقی بەو جامی وەك سەلسەبیل
کە وابۆ بەهەشتم دەبێتە دەلیل
لە بۆم تێکە مەی وا دەڵێن چەنگ و نەی
کە یەك جورعەمەی نایەنێ تاجی کەی

مەیەك بێنە ساقی کەوا جامی جەم
بەوی لافی لێدا لە سەحرای عەدەم
جەمێکم دەیە تا وەگێرم لە جام
منیش چەشنی جەم رازی دنیای تیام
وەرە ساقی ئێستا کە بۆتە بەهەشت
لە رووی تۆوە بەزمم لە نێو باغ و دەشت
دەفر هەڵگرە و ڕادە ترسی گوناح
کە مەی هالە باغی بەهەشتێ مەباح
مەیەك بێنە ساقی کە حۆری بەهەشت
عەبیری مەلەکیان لەگەڵ کردە تەشت
هەتا کوو بخوورێکی لێ بۆ بدەین
دەماغی عەقڵمانی پێ بۆ بدەین
بخوازە لە مەی ساقیا کامی دڵ
کە نەمدیوە من بێ مەی ئارامی دڵ
ئەگەر لەش بەبێ گیان سەبووری بکا
لە بادەش دڵ ئەتوانێ دووری بکا
وەرە ساقی ئەو جامە پڕ کە لە مەی
هەتا پێت بڵێم حاڵی کیسراو کەی
هەر ئەو چۆڵکەیە ئەو بیابانی دوور
کە گوم بووتیا لەشکری سەلم و توور
مەیەك بێنە ساقی وەکوو لەعلی ساف
لە بۆم تێکە بەس لێدە لاف و گەزاف

لەتەسبیح و خەرقەی وەڕەزبووم ئەمام

بنێ ڕەهنی مەی ئەو دووەی والسّلام

"حەقیقی بۆکان "

## سوپاسنامە

١ ـ سوپاس بۆ ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی لە شاری ورمێ کە لە پێشدا بە داوا کردنی تەرجەمەی دە غەزەلی حافز بە زمانی کوردی بۆ پاڵکتێبی حافزی سی زمانە دانە خۆرەی کردم و لە پاشان هانی دام بۆ درێژە پێدانی تا گەیشتە ئەو سەد غەزەلەی کە لە بەر چاوتە و دەی بینی.

٢ ـ ئەو جار ماندوو نەبوونی و دەست خۆشی لە گەنجی بەڕێز و ڕەگەز حوسێن و شۆڕەت حوسێنی ، هونەرمەندی خەت خۆش سەید سمایلی مەشهوور بە " عەتا " دەکەم کە بە خەتتە ڕەنگینەکەی تەرجەمەی ئەو سەد غەزەلەی وەك بووك بۆ ڕازاندووەمەوە .

٣ ـ لە ئاخری دا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە :

تەرجەمەی ئەو سەد غەزەلەم بە خشی بە عەبدولناسری کورم کە لە هەوڵی ئەو کارەوە زەحمەتی نووسینەوە و ڕێك و پێك کردنی و پێشەکی نووسین و پێرستی وەستۆ کرت و لە زۆر جێگاش هەڵە و پەڵەی پێ ڕاست کردووەمەوە وبۆراست کردووەمەوە. خوا تەوفیقی بدا.

" عەبباس حەقیقی "

"بەنێوی خودا "

سوپاس بۆ دۆستی خۆشەویستم فەتاح خانی ئەمیری وگەنجی بەڕێز سەید سمایلی حوسێنی (عەتا) کە زەحمەتیان کێشا وبە نۆبە بەو تەرجەمەیەدا هاتوونەوە وئەو بەرکوتەیان بۆ هەڵویشتم[١] و لە کەووبێژنگیان داو سووریان کرد. ئەمنیش لەباتی خەرمان لۆخە، ماندوونەبوونیان لێ دەکەم ومەمنوونیانم.

خودا دەوامیان بدا.

"حەقیقی - ٧٠/٩/١٧"